زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
ERBIL POLYTECHNIC UNIVERSITY

# پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی لە ڕاپۆرتە هەواڵدا

# (کەناڵی NRT و کوردستان 24 بە نموونە)

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر کراوە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر وەکو بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی پلەی ماستەر لە بەشی تەکنیکی میدیا

لەلایەن

**محمدعمرصالح**

بەکالۆریۆس لە ڕاگەیاندن - زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر- 2014

بە سەرپەرشتی

**پ. ی. د. سیروان ئەنوەر مەجید**

هەولێر- کوردستان

**2022**

**بەڵێننامە**

من بەڵێن دەدەم ئەم ماستەر نامەیە، کە ناونیشانەکەی بریتیە لە ( **پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی لە راپۆرتە هەواڵدا، کەناڵی NRT و کوردستان 24 بە نموونە)** هەمووی کاری رەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و، پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوەو، پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردوە بۆ ئەوەی بروانامەی پێ وەربگرم، بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەگ شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو

ناوی قوتابی: محمد عمرصالح

ڕێکەوت: 22/ 8 / 2022

**پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار**

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوەو نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕیی ڕاگەیاندن، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو:

ناو: پ.ی.د. سیروان ئەنوەر مەجید

ڕێکەوت: ٢٠/ ٩ / 2022

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوەو، هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

واژوو:

ناو: م. منصور نورالدين حسن

سەرۆکی بەشی تەکنیکی میدیا

ڕێکەوت: ٢٠/ ٩ / 2022

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێت.

واژوو:

ناو: کۆسار نجم الدين محمد

بەرپرسی خوێندنی باڵای کۆلێژ

ڕێکەوت: ٢٠/ ٩ / 2022

## بڕیاری لیژنەی تاقیکرنەوە

ئێمە وەکو لێژنەی تاقیکردنەوە، ئەم نامەی ماستەرنامەیەمان خوێندەوە کە ناونیشانەکەی بریتی بوو لە **(پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی لە ڕاپۆرتە هەواڵدا کەناڵی NRT و کوردستان 24 بە نموونە)**، قوتابیەکەمان ناوی (**محمد عمر صالح**) بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقی کردەوە. ئێمە بریاردەدەین پێداویستیەکانی بروانامەی ماستەر لە پسپۆریی میدیایی تێدایە.

واژوو:
ناو: پ.ی.د.دلێر احمد حمە
ئەندام
ڕێکەوت: / / 2022

واژوو:
ناو: پ.ی.د. کاروان محمد حسن
ئەندام
ڕێکەوت: / / 2022

واژوو:
ناو: پ.ی.د.سیروان انور مجید
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: / / 2022

واژوو:
ناو: پ.ی.د.رضوان خضر علي
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: / / 2022

واژوو:
ناو: پ.ی.د. ئازاد احمد محمود
ڕاگری کۆلێژ
ڕێکەوت: ٥ / ٤ / 2022

## پێشکەشە بە..

- گیانی پاکی باوکم.
- دایکم و هەموو ئەوانەی کە لە ژیانم قەرزاریانم.
- (ئەوین)ی هاوسەرم و (لانە)ی کچم.
- خوشک وبراکانم
- هەموو ئەوانەی وشەیەکیان فێرکردووم.
- ئەو مامۆستایانەی لە قۆناغی سەرەتایی تا قۆناغی ماستەر وانەیان پێداوم.
- هەموو هاوکار و هاوڕێیانم لە دەرەوە و ناوەوەی زانکۆ.
- سەرجەم مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەردوو بەشی (تەکنیکی میدیا)ی پەیمانگە و کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر.

# سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ خوای گەورە کە یارمەتیدام بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکەم.
- سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هاوکارم بوون لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.
- سوپاس بۆ بەڕێز (پ.ی.د.سیروان ئەنوەر مەجید) کە ئەرکی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەی لەئەستۆ گرت، ڕێزی لە ڕاوبۆچوونەکانم گرت و ڕێنمایی زانستی پێ بەخشیم.
- سوپاس بۆ بەڕێز (م.ی. منصورنورالدین) سەرۆکی بەشی تەکنیکی میدیا.

سوپاس بۆ مامۆستا هەردوو بەشی (تەکنیکی میدیا)ی زانکۆ و پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر.

- سوپاس بۆ بەڕێزان (د.عبدالخالق ابراهیم، د.کاوە شێروانی، د.ظاهر حمدامین، د.هێرش ڕەسوڵ.د.بەهات حەسیب قەرەداخی د.دلێر ئەحمەد، د.عەلی عبدالله، د.وریاڕۆستەم، م. بەشدار حسێن، د. ئەکرم فەریدون ،.د. کاروان محمد حسن م.بەختیار حەمید، م ریکەوت محممود،م رەنجدەررزگار) هەروەها سوپاس بۆ بەریزان (فەهمی نەبی، هێمن حەساری، شاوێن نەوزاد، بورهان فەخری، عیسا بۆتانی، عبدالطيف عبداللـة، هانا چۆمانی)، کە هەریەکەیان بە جۆرێک هاوکاریان کردوم لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، هەروەها لە سەرچاوە و زانیاری بەخشین هاوکارم بوون.
- سوپاس بۆ مامۆستا (م. ئەرشەد خەلیل شوانی) هەر لەسەرەتاوە هاوکاروپالپشتم بوو لەتەواوکردنی ئەم نامەیە.
- سوپاس بۆ هاوسەری خۆشەویستم لە تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە هاندەر و هاوکارم بوو.

## پوختەی توێژینەوە

ئەم تۆیژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بە ئامانجی زانینی ڕادەی پابەندبوونی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە بنەما و پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە، کە میتۆدی شیکردنەوەی ناوەرۆکی تێدا بەکارهاتووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە ڕاپۆرتە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵی (NRT) و(K24).

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ڕەچاوکردنی پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی لە ڕاپۆرتە هەواڵدا. گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە وێڕای گونجاندنی لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا، هاوکاری میدیاکاران دەکات بۆ زیاتر تێگەیشتن لە چۆنیەتی وێنەگرتن و بەکارهێنانی وێنەی ڤیدیۆیی. هاوکات گرنگیدانی زیاتر بە گۆشەکانی وێنەگرتن لەساتی ئامادەکردنی ڕاپۆرت، یاخود هەر بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی؛ بەشێوەیەک کە لەگەڵ تێکستی هاوپێچی ڤیدیۆکە بگونجێت و یەکتر بگرێتەوە. گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە زانینی ئاستی بەکارهێنان و گونجاوی (گرتە) و (جوڵە) و (گۆشە)کانی کامێرا لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا. دیاریکردنی ڕادەی پابەندبوونی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی لەراپۆرتە هەواڵییەکاندا، بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژەر (183) ڕاپۆرتەهەواڵ لە هەردوو کەناڵی NRT و کوردستان 24 بە نموونە، لە ڕێکەوتی 1-3-2022 تاکو 31-3-2022، کە توێژەر وەکو نموونەی شیکردنەوەی ناوەڕۆک وەریگرتووە.

ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە کۆمەڵێک دەرئەنجام لەوانە: کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان تاڕادەیەکی زۆر لەکاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا پابەند نەبوونە بەو پێوەرە هونەرییانەی کە پێویستە لەکاتی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنیدا ڕەچاو بکرێن، گرتەی دەستپێک

دیارترین ئەو هەڵانەن لە وێنەگرتنی ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەرچاودەکەوێت کە پشتیان بەستووە بە گرتەی(MEDIUM SHOTS) لەجیاتی (LONG SHOTS). هاوکات زۆربەی ڕاپۆرتە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پابەندنەبوونە بە کاتی ستانداردی ڕاپۆرتە هەواڵ کە بریتییە لە ماوەی (کەمتر لە 2:30 خولەک).

کلیلە وشەکان: پێوەرە هونەریەکان، وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی،ڕاپۆرتە هەواڵ.

## پێرستی ناوەرۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| I | بەڵێننامە |
| Ii | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| Iii | بریاری لیژنەی گفتوگۆ |
| Iv | پێشکەشە بە |
| viii | سوپاس و پێزانین |
| viii | پوختەی توێژینەوەکە |
| viii- viii | لیستی ناوەڕۆک |
| viii | لیستی خشتەکان |
| 1 | پێشەکی |
| 21_3 | **بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە** |
| 9_3 | **یەکەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە** |
| 3 | 1. کێشەی توێژینەوە |
| 3 | 2. گرنگی توێژینەوە |
| 5 | 3. ئامانجەکانی توێژینەوە |
| 6 | 4. پرسیارەکانی توێژینەوە |
| 6 | 5. جۆر و میتۆدی توێژینەوە |
| 7 | 6. کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە |
| 8 | 7. سنوور و بواری توێژینەوە |
| 8 | 8. ئامرازەکانی توێژینەوە |
| 18_10 | **دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو** |
| 10 | 1. توێژینەوە کوردیەکان |
| 15 | 2. توێژینەوە عەرەبیەکان |
| 17 | 3. توێژینەوە ئینگلیزیەکان |
| 18 | 4- تاوتوێی گشتی توێژینەوەکانی پێشوو |
| 21 | **سێیەم: چەمکەکانی توێژینەوە** |
| 21 | 1- پیوەرە هونەرییەکان |
| 21 | 2- وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی |
| 21 | 3- ڕاپۆرتە هەواڵ |

| | |
|---|---|
| **بەشی دووەم: وێنە و ڕەهەندە نوێگەراییەکانی** | 55_22 |
| **یەکەم: وێنە (چەمک، پێناسە ومێژووی)** | 35_22 |
| 1. چەمکی وێنە | 22 |
| 2. پێناسەی وێنە | 23 |
| 3. مێژووی سەرهەڵدانی وێنە | 26 |
| 4. ڕۆشنبیری وێنە | 27 |
| 5. وێنەی جوڵاو- تیور وبیرۆکەی دروستبوونی | 30 |
| 6. چۆنیەتی تۆمارکردنی وێنەی جوڵاو لە کامێرای ڤیدیۆ | 33 |
| **دووەم**: وێنەی تەلەفزیۆنی(چەمك، تایبەتمەندی، ئەرکەکان، گرنگی ) | 41_36 |
| 1. چەمک و پێناسە وێنەی تەلەڤزیۆنی | 36 |
| 2. تایبەتمەندی وێنەی تەلەڤزیۆنی | 38 |
| 3. ئەرکەکانی وێنەی تەلەڤزیۆنی | 40 |
| 4. گرنگی وێنەی تەلەڤزیۆنی | 42 |
| **سێیەم: پێوەرەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی،لەڕووی گۆشە و گرتە و جوڵە و گرنگی گۆشەکانی وێنەگرتن** | 53_44 |
| 1. گرتەکانی وێنەی ڤیدیۆیی Camera Shot | 44 |
| 2. جوڵەی کامێرا Camera Movment | 48 |
| 3. گۆشەکانی کامێرا Camera Angle | 52 |
| 4. گرینگی جوڵە، گرتە، گۆشەکانی وێنەگرتن بۆ بینەر | 54 |
| **بەشی سێیەم: ڕۆڵی وێنەی ڤیدیۆیی لە ڕاپۆرتی هەواڵی تەلەڤزیۆنی** | 81_54 |
| **یەکەم: ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی:** | 61_56 |
| 1- جۆرەکانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی | 56 |
| 2- پێداویستیەکانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی | 60 |
| 3- ئەرکەکانی ڕاپۆرتە هەواڵ | 62 |
| **دووەم: وێنەگرتنی ڕاپۆرتە هەواڵ لە تەلەڤزیۆن** | 81_64 |
| **أ- ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنی:** | 64 |
| 1. نووسین بۆ وێنەی ڤیدیۆیی لەراپۆرتە هەواڵ | 64 |
| 2. ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵ | 67 |
| 3. پێکهاتەی ستافی تەکنیکی کار لە ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنی | 69 |
| **ب: پێوەرەکانی ڕاپۆرتێکی باش:** | 73 |
| 1. ئینسێرت لە ڕاپۆرتە هەواڵدا | 73 |

| | |
|---|---|
| 2. گرتەکانی لێکدانەوە یاخود بەستنەوە | 76 |
| 3. گرتەی لێدوان بۆ کامێرا (Stand Upper To Camera) | 77 |
| 4. چوارچێوەی وێنەی ڤیدیۆیی لە ڕاپۆرتە هەواڵدا | 78 |
| **بەشی چوارەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوە** | 82 |
| یەکەم: ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە | 82 |
| دووەم: بەتاڵکردنەوەی و شیکردنەوە و خستنەرووی زانیاریەکان | 86 |
| سێیەم: ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان | 122 |
| ئەنجام | 122 |
| پێشنیاز | 125 |
| ڕاسپاردە | 126 |
| سەرچاوەکان | R127 |
| پاشکۆ | A137-150 |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی | A |

## ليستی خشتەكان


| ژماره | ناونیشانی خشتەكان | لاپەره |
| --- | --- | --- |
| 1 | جۆری بابەت لە راپۆرتە هەواڵییەكان كەناڵی ( NRT)و.K24) . | 84 |
| 2 | جۆری راپۆرتە هەواڵییەكانی كەناڵی ( NRT)و(K24) . | 86 |
| 3 | ماوەی راپۆرتە هەواڵییەكانی هەردوو كەناڵی (NRT) و (K24). | 88 |
| 4 | دابەشبوونی راپۆرتە هەواڵییەكان بەپێی شوێنی جوگرافییەوە. | 89 |
| 5 | شێوازی ئەنجامدانی راپۆرتە هەواڵییەكان. | 90 |
| 6 | ریزبەندی لۆژیكی بۆ وێنەی ڤیدیۆیی راپۆرتی هەواڵییەكان. | 91 |
| 7 | جۆری گرتەی وێنەی فیدیۆیی لە دەستپێكی راپۆرتە هەواڵییەكان دا. | 92 |
| 8 | پەیوەندیی نێوان تێكست و وێنە لە ڕاپۆرتە هەواڵییەكان دا. | 94 |
| 9 | بەكارهێنانی جۆری گرتەكانی وێنەگرتن لەڕاپۆرتە هەواڵییەكان دا. | 96 |
| 10 | شێوازی بەكارهێنانی جولەكانی كامێرا (Camera Movement) لە راپۆرتە هەواڵدا. | 100 |
| 11 | شێوازی بەكارهێنانی گۆشەكانی كامێرا (camera angle )لە راپۆڕتە هەواڵدا. | 105 |
| 12 | بەكارهێنانی گرتەی هێمایی. | 109 |
| 13 | گرتەكانی كار وكاردانەوە. | 110 |
| 14 | بەكارهێنانی گرتەی (cutaway). | 111 |
| 15 | بەكارهێنانی گرتەی (cut in). | 112 |
| 16 | چوارچێوەی كادر ( Head Room) – looking Roomلەكاتی چاوپێكەوتن. | 113 |
| 17 | Over the shoulder shot | 114 |
| 18 | باكگراوند لەكاتی چاوپێكەوتنی تەلەڤزیۆنی. | 115 |
| 19 | دەركەوتنی پەیامنێرstand upper . | 116 |
| 20 | شوێنی دەركەوتنی پەیامنێر لە راپۆرتە هەواڵییەكان دا. | 118 |
| 21 | ماوەی مانەوەی وێنە | 119 |

## پێشەکی

وێنەی ڤیدیۆیی بە یەکێک لە هونەرە هەرە گرنگ و پڕ بەهاکانی بواری ڕاگەیاندن و بەتایبەت تەلەڤزیۆن و میدیای نوێ ئەژمار دەکرێت، کە دەبێتە یارمەتیدەری دەق (تێکست) بۆ گواستنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکان لە ڕێگەی ئاراستەکردنی هەستی بینینی وەرگر بە شێوەیەکی سادە و ساکار و متمانەپێکراو. وێنەی تەلەڤزیۆنی ئاستی تێگەیشتن و ناساندن بۆ کێشە و بابەتە جیاوازەکانی ژیانی ڕابردوو و ئێستامان ڕوونتر دەکات، بەو پێیەی کەرەستەیەکە بۆ گەیاندنی ناوەڕۆکە میدیاییەکان، بەتایبەتی لەکاتی چالاکی و ڕووداوەکان.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بە پشتبەستن بە ئەزموونی کردەیی کارکردنی خۆی لە بواری وێنەگرتنی ڤیدیۆیی و فۆتۆگرافی، هاوکات نزیکی و بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ وێنەگران و میدیاکاران لەمیانەی کارکردنی لە میدیای ناوخۆیی و جیهانیدا، تێبینی کۆمەڵێک کەموکوڕی پیشەیی کردووە، کە خۆی لە لاوازی ئاستی پابەندبوونی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان بە پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتن دەبینێتەوە. ئەمەش زۆرجار کاریگەریی نەرێنی لەسەر ناوەڕۆک و پەیامی میدیایی ئەو تەلەڤزیۆنانەدا دەبێت.

هۆکاری دەستنیشانکردنی ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی ئەو دوو کەناڵە وەک نموونەی توێژینەوە بریتیە لەوەی ئەم دوو کەناڵە، کەناڵی هەواڵیین و، لە ڕووی کوالێتی کەرەستە و تەکنیکی وێنەگرتنیشەوە لە ئاستێکی بەرزدان، هەروەک لەڕووی سروشتی خاوەندارییەتی و ستراتیژ و سیاسەتی ڕاگەیاندن و شوێنی کارکردنەوە لە یەک جیاوازن و، گوزارشت لە دوو مۆدێلی جیاوازی کارکردن دەکەن.

لێرەدا، ژانری ڕاپۆرتە هەواڵ وەرگیراوە بەهۆی زیندوویەتی و بایەخی زۆری ئەو ژانرە لە کاری میدیاییدا. هاوکات، ئەو ڕاپۆرتە هەواڵیانەی کە وەرگیراون لەماوەی 2022/3/1 تاکو 2022/3/31 لە گەشتە هەواڵییەکانی کاتژمێر (8)ی ئێوارە بڵاوکراونەتەوە. میکانیزمی هەڵبژاردنی

ڕۆژەکان لەم توێژینەوەیەدا بەمشێوەیە بووە: لە مانگێدا (16) ڕۆژ وەرگیراوە، ڕۆژەکانیش ڕۆژە تاکەکانن، لە ئەنجامی ئەم (16) ڕۆژەدا، (100) ڕاپۆرتی هەواڵی لە کەناڵی (NRT) و، (83) ڕاپۆرتی هەواڵی لە کەناڵی (K24) وەرگیراوە، توێژینەوەکەش لە سەر ئەم ڕاپۆرتانە ئەنجامدراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە لە بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەیە، دابەش بووە بەسەر: یەکەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە، دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو، سێیەم: چەمکەکانی توێژینەوە.

بەشی دووەم: باسی وێنە و ڕەهەندە نوێگەرییەکانی دەکرێت لەچەند ڕوانگەیکەوە، یەکەم: وێنە (چەمک، پێناسە ومێژووی) دووەم: وێنەی تەلەفزیۆنی (چەمک، تایبەتمەندی، ئەرکەکان، گرنگی) سێیەم: پێوەرەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی، لەڕووی گۆشە و گرتە و جوڵە و گرنگی گۆشەکانی وێنەگرتن.

بەشی سێیەم بریتیە لە: ڕۆڵی وێنەی ڤیدیۆیی لە ڕاپۆرتی هەواڵی تەلەڤزیۆنی دابەش دەبێت بەسەر: یەکەم: ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی، دووەم: وێنەگرتنی ڕاپۆرتە هەواڵ لە تەلەڤزیۆن.

بەشی چوارەمیش لایەنی مەیدانی توێژینەوە وخستنە ڕووی ئەنجام و راسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە لەخۆی دەگرێت.

# بەشی یەکەم
# میتۆدنامەی توێژینەوەکە

## یەکەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

1. کێشەی توێژینەوە
2. گرنگی توێژینەوە
3. ئامانجەکانی توێژینەوە
4. پرسیارەکانی توێژینەوە
5. جۆر و میتۆدی توێژینەوە
6. کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە
7. سنوور و بواری توێژینەوەک
8. کەرەستەی توێژینەوەکە

## دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو

1. توێژینەوە کوردییەکان
2. توێژینەوە عەرەبییەکان
3. توێژینەوە ئینگلیزییەکان
4. گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو

## سێیەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە

1. پێوەرە هونەرییەکان
2. وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی
3. ڕاپۆرتە هەواڵ

## بەشی یەکەم

## میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### یەکەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

#### 1- **کێشەی توێژینەوە:**

ئەوەی ناوەرۆک و بەرهەمە تەلەڤزیۆنییەکان لە ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار جیا دەکاتەوە بریتیە لە بوونی وێنەی ڤیدیۆیی. جۆر و ناوەڕۆک و تەکنیکی تۆمارکردن و بەکارهێنانی وێنەی ڤیدیۆیی لە ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنیدا، ڕەنگدانەوە و کاریگەری دەبێت لەسەر تێگەیشتنی بینەر بۆ ئەو پەیامە میدیاییە و ناوەرۆکەی کە تەلەڤزیۆن پێشکەشی دەکات. بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ئەو پێوەرە هونەرییانە دەستنیشان بکات کە پێویستە ڕەچاو بکرێن لەکاتی تۆمارکردنی وێنەی تەلەڤزیۆنی بۆ ڕاپۆرتە هەواڵییەکان، هەروەها هەلوەستەکردن لە سەر ئەو لادان و کەموکوڕییانەی تەلەڤزیۆنەکان هەیانە سەبارەت بە شێوازی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی، لەگەڵ ئاستی پابەندبوونی تەلەڤزیۆنەکان بە پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتن. کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ڕەچاوکردنی پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی لە ڕاپۆرتە هەواڵدا، کە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (NRT) و (K24) وەک نموونە وەرگیراون.

#### 2- **گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵە ڕوون دەکەینەوە، کە بە چەند ئاراستەیەک دەستنیشان دەکرێت:

1. **گرنگی زانستی:** بە پێی بەدواداچوونی توێژەر، لە ئێستادا کەمترین نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا لە سەر ناونیشانی توێژینەوەکەمان هەیە، وێڕای کەمی سەرچاوەی زانستی وئەکادیمی لەم بوارەدا. لەبەر ئەوەی یەکەمجارە لەکوردستان توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە و، ئەم گۆشەیە بکرێت بەشێوێکی زانستی، دەکرێت ئەمە سەرچاوەیەکی گرنگ بێ بۆ بەشەکانی

ڕاگەیاندن لەبواری وێنەگرتنی ڤیدیۆ و فۆتۆ. هاوکات، ئەم توێژینەوەیە دەبێتە دەروازەیەک بۆ توێژینەوەی دیکەی زانستی بۆ ئەو توێژەرانەی لەم بوارە توێژینەوە دەکەن.

**لە ڕووی گرنگی پراکتیکیەوە:**

ا. پێیەی وێنەی تەلەڤزیۆنی پێکهێنەرێکی گرنگ و سەرەکی پەیامی میدیایە. ئەم توێژینەوەیە دەبێتە ڕێبەرێکی گرنگ و هەنوکەیی بۆ هۆشیارکردنەوە و ئاشنابوونی وێنەگرەکان و دەرهێنەرەکان و، ئەو کەسانەی ڕۆڵیان هەیە لەپرۆسەی وێنەگرتن و هەڵبژاردنی جۆرو شێوازی وێنەگرتن لە تەلەڤزیۆنەکان. بەم پێودانگە، ڕەنگدانەوەی باشی دەبێت لە سەر کوالیێتی وێنەگرتنەکەیان.

ب. ئەم توێژینەوەیە یاریدەدەر دەبن بۆ زیاتر تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەکار هێنانی وێنەی ڤیدیۆیی و، ڕادەی گونجانی لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا لە میدیای کوردیدا.

**3- ئامانجەکانی توێژینەوە:**

هیچ توێژەرێک ناتوانێت بگاتە ئەنجام و بڕیاری دروست، ئەگەر پێشوەختە ئامانجگەلێکی ڕوون و دیارکراوی نەبێت، کە لەژێر ڕۆشناییاندا پێیان بگات (ئەسعد 2022، ل342).

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانە دەخەینە ڕوو:

1. دیاریکردنی ڕادەی پابەندبوونی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی لەراپۆرتە هەواڵییەکاندا.
2. دیاریکردنی جۆری ئەو گرتانەی لەدەستپێکی ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا بەکاردێن و، دیاریکردنی ڕادەی ڕاست و دروستی بەکارهێنانیان لەگەڵ ڕاپۆرتەکاندا.
3. دیاریکردنی ڕادەی پابەندبوونی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە پێوەری (نووسین بۆ وێنە) لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا.
4. دەرخستنی شێوازی بەکارهێنانی گرتەکانی لێکدانەوە، (Cutaway) (cut in) (کار و کاردانەوە).
5. دیاریکردنی ڕادەی دەرکەوتنی پەیامنێر لە نێو ڕاپۆرتەکاندا.
6. زانینی ئاستی بەکارهێنانی و، گونجاوی (گرتە) و، (جوڵە) و، (گۆشە)کانی کامێرا لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا.

**4- پرسیارەکانی توێژینەوە:**

1. تا چەند کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پابەندبوونە بە پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی لەراپۆرتە هەواڵییەکاندا؟
2. جۆری ئەو گرتانە چین کە لە دەستپێکی ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا بەکارهاتوون و، تاچەند بەکارهێنانیان گونجاو بووە لەگەڵ ڕاپۆرتەکاندا؟
3. تاچەند کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پابەندی پێوەری (نووسین بۆ وێنە) بوونە لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا؟
4. تا چ ڕاددەیەک کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پابەندبوونە بە پێوەری دەرکەوتنی پەیامنێر لە نێو ڕاپۆرتەکاندا؟
5. تا چ ئاستێک (گرتە)و(جوڵە) و(گۆشە)کانی کامێرا لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا بەکارهێنراون و، تا چەند گونجاو بوونە؟
6. ئایا بەکارهێنانی گرتەکانی لێکدانەوە، (cut in) (Cutaway) (کار و کاردانەوە)، لە ڕاپۆرتەهەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بە چ شێوەیەک بووە؟

**5- جۆر و میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە، تیایدا میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکارهاتووە، بەو پێیەی شیکردنەوەی بۆ ناوەڕۆکی ڕاپۆرتە هەواڵی دوو کەناڵی ئاسمانی کوردی کردووە، ئەوانیش کەناڵی (NRT) و (K24).

**6- کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە ڕاپۆرتە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕاپۆرتە هەواڵی هەردووکەناڵی (NRT) و(K24). هۆکاری هەڵبژاردنی ڕاپۆرتە هەواڵ وەک کۆمەڵگەی توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ زیندویەتی و بایەخی زۆری ئەو ژانرە لە کاری میدیاییدا، بە تایبەتی لە میدیای هەواڵییدا، جگە لەوەی ڕاپۆرتە هەواڵ بابەت و ڕەگەزێکی گرنگی بڵاوکراوە هەواڵییەکانە و، ماوەی هەر ڕاپۆرتە هەواڵێکیش ڕێگە بەوە دەدات کە گۆشە و گرتە و جوڵە جیاوازەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی تیایدا پەیرەو بکرێ و ڕادەی ڕاست و دروستی و گونجاوی، ئەو گۆشە و گرتە و جوڵانە ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕوونی و کاریگەریی پەیامی نێو ڕاپۆرتەکە دەبێت، بە پێچەوانەشەوە بەکارهێنانی گۆشە و گرتە و جوڵەی هەڵە کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر ئاستی ڕوونی و بێلایەنی پەیامی ڕاپۆرتە هەواڵییەکە.

دیاریکردنی ڕاپۆرتە هەواڵی ئەو دوو کەناڵەش وەک نموونە؛ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم دوو کەناڵە، کەناڵی هەواڵیین و لە ڕووی کواڵیتی کەرەستە و تەکنیکی وێنەگرتنیشەوە لە ئاستێکی باشدان، هەروەک لەڕووی خاوەندارییەتی و سیاسەتی ڕاگەیاندن و شوێنی کارکردنەوە لە یەک جیاوازن و گوزارشت لە دوو مۆدێلی جیاوازی کارکردن دەکەن.

سامپڵی توێژینەوەکە: لێرەدا ژانری ڕاپۆرت وەرگیراوە بەهۆی زێندوویەتی و بایەخی زۆری ئەو ژانرە لە کاری میدیاییدا. هاوکات، ئەو ڕاپۆرتە هەواڵیانەی کە وەرگیراون لەماوەی 1- 3 تا 31-3 ی 2022 لەگەشتە هەواڵییەکانی کاتژمێر 8ی ئێوارە بڵاوکراونەتەوە. میکانیزمی هەڵبژاردنی ڕۆژەکانمان لە توێژینەوەکەدا بەمشێوەیە بووە: لە مانگێدا 16 ڕۆژمان وەرگرتووە، ڕۆژەکانیش ڕۆژە تاکەکانن، لە ئەنجامی ئەم 16 ڕۆژەدا، 100 ڕاپۆرتی هەواڵیمان لە کەناڵی NRT و، 83 ڕاپۆرتی هەواڵیمان لە کەناڵی K24 دیاریکردوە، توێژینەوەکەشمان لە سەر ئەم ڕاپۆرتانە دەبێت.

**7- سنور و بواری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە چوار بوار دەگرێتەخۆ:

1. **بــواری بابــەت:** ئەم تــوێژینەوەیە پەیوەندیــدارە بە پێــوەرە هونەرییەکــانی وێنەگرتنــی تەلەڤزیـۆنی، کـە پەیوەسـتە بـە کەنـاڵە ئاسـمانییە کوردییـانەی لە هەرێمـی کوردسـتان کـار دەکەن.

2. **بــواری مرۆیــی:** میــدیاکاران بەگشــتی بەتــایبەت ئەو وێنــەگر وپەیــامنێرو مــونتێرو پرۆدیوسەرانەی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، کەکاری مەیدانی لە تەلەڤزیۆن دەکەن.

3. **بواری کاتی:** لەماوەی نێوان (1/ 2022/3) تاوەکو 31/ 2023/3) کە بریتیـە لـەو ماوەیـەی تـوێژەر وەریگرتـووە، بـۆ پێـوەرە هونەرییـەکانی ڕاپۆرتـە هەواڵدا لـە کەناڵـەکانی ئاسـمانییە کوردییەکان.

4. **بواری شوێن:** ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی سـنوری هـەرێمی کوردسـتان ئەنجامـدراوە؛ بەوپێیـەی بابەتەکـە لـە بنەڕەتـدا پەیوەسـتە بەو کەنـاڵە ئاسـمانییە کوردییـانەی لە هەرێمـی کوردستان کار دەکەن و، نموونەی توێژینەوەش لایەنی شـیکارییە لە چوارچێوەی سـنوری هەرێمی کوردستاندایە.

**8- ئامرازەکانی توێژینەوە:**

بـۆ ئەنجامـدانی هـەر توێژینەوەیـەکی زانسـتی، تـوێژەر پشـت بـە چەنـد ئامرازێـک دەبەسـتێت بۆئـەوەی داتـا و زانیـاری لەڕێگـەی ئامرازەکـان دەسـت بکـەوێت، بـۆ ئەنجامـدانی ئـەم توێژینەوەیـە توێژەر پشتی بە چەند ئامرازێک بەستووە:

1. **فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک:** بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی (183) ڕاپۆرتەهەواڵ لە هەردوو کەناڵی NRT و کوردستان 24 بە نموونە، لە ڕێکەوتی 1-3-2022 تاکو 31-3-2022، کە توێژەر وەکو نموونەی شیکردنەوەی ناوەڕۆک وەریگرتووە.
2. **وێنە:** بە یەکێک لە ئامرازەکانی توێژینەوەی مەیدانی دادەنرێت، توێژەر لە ڕێگەی ئەم ئامرازەوە هەوڵی ڕوونکردنەوەی زانیاری دەدات، هەروەها بۆ توێژەر هاوکار دەبێت بۆئەوەی زانیاری لەم ڕێگایەوە دەست بخات و، بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر، ڕوونکردنەوەی پێوەرە هونەرییەکان وێنە بەکارهاتووە.(*)

ج. **تێبینی:** ئامرازێکی توێژینەوەی زانستییە لە لایەنی تیۆری و مەیدانییەوە بەکاردەهێنرێت، لەڕێگەی بیرو بۆچوونی توێژەر، لە هەر شوێنێک پێویستی بووبێت، توێژەر ئامرازی تێبینی بەکارهێناوە.

---

**دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو:**

لێرەدا ئەو توێژینەوانە دەخرێنەڕوو و بەراورد دەکرێن کە پێشتر لەم بوارەدا ئەنجامدراون لە لایەن توێژەرانی تر لە کوردستان و عێراق و، لەسە ر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

توێژینەوەکانی پێشوو سەرچاوەیەکی گرنگی بەرچاوڕوونی توێژەرن لە سەرجەم قوناغەکانی توێژینەوەکەیدا، لێرەدا ئەو توێژینەوانەی خراونەتەڕوو لەسەر بنەمای شوێن ریزبەندکراون و خراونەتەڕوو.

**یەکەم: توێژینەوە کوردییەکان:**

**1. توێژینەوەی بەختیار حمید سعید، بەناونیشانی،** (**ڕۆڵی وێنەگری تەلەڤزیۆنی لە تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیایی لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، 2022**)**، نامەی ماستەر بلاونەکراو، لە زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی ئاداب.**

توێژینەوەکە وەسفییە، بۆ گەیشتن بە داتا و زانیارییەکانیش ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهاتووە، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە وێنەگری تەلەڤزیۆنی سەرجەم کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئەوانەی بنکەی سەرەکی کەناڵەکانییان لە سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستاندایە، سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە (93) وێنەگری کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکان، کە بە شێوەی سامپڵی مەبەستدار لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەستنیشانکراون.

**لە گرنگترین ئامانجەکانی بریتین لەم خالانەی خوارەوە:**

أ. خستنەڕووی ڕۆڵی وێنەگری تەلەڤزیۆنی لە پێشخستنی تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیاییدا.

ب. دەستنیشانکردنی ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی کە دێنە پێش بۆ وێنەگری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە کاتی وێنەگرتنی بەرهەمە میدیایەکاندا.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەخەینەڕوو:**

1- زۆربەی زۆری وێنەگرانی تەلەڤزیۆنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەڕەگەزی نێرینەن، کە ڕێژەی (8 .96 %)ی سامپڵی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

2- شارەزایی کامێرامانی دەرەوەی ستۆدیۆ لە (جۆری گرتە، جوڵەو گۆشە)ی کامێرا، هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ کارەکانی مۆنتێر.

2. **توێژینەوەی نەبەز ئەحمەد حەسەن، بەناونیشانی: (بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنیدا، توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵی(**GK) و(KNN)، 2017، **نامەی ماستەر بلاونەکراو،زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان.**

ئەم توێژینەوەیە باس لە بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی دەکات، توێژینەوەیەکی شیکاریە بۆ ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵی(GK) و(KNN)، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر ڕێبازی شیکاری ناوەرۆکی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە تەواوی ڕاپۆرتە تەلەڤزیۆنییەکانی هەردوو کەناڵی(GK) و (KNN)، سامپڵی توێژینەوەکە هەڕەمەکی بازنەییە، کە مانگێک لە سێ مانگ وەرگیراوە،

**لە گرنگترین ئامانجەکانی بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:**

1. زانینی شێوازی بەکارهێنانی ئەو کارتێکەرانەی، کە لەمۆنتاژکردنی ڕاپۆرتە هەواڵەییەکاندا بەرجەستەکراوە.
2. بەئاگابوون لەشێوازی مۆنتاژکردن لە بەکارهێنانی دەنگی سروشتی و دەرکەوتنی پەیامنێر لەنێو ڕاپۆرتەکاندا.
3. دەرخستنی شێوازی مامەڵەکردنی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ جۆری وێنە و ماوەی وێنەی بەکارهاتوو.
4. زانینی ئاستی بەکارهێنانی گرتەو جوڵەو گۆشەکانی کامێرا لە مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکاندا.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش پێکهاتوون لەم خاڵانەی خوارەوە:**

1- هەردوو کەناڵ لەڕووی ماوەی زەمەنی وێنەوە توانیویانە ماوەی زەمەنی وێنەی مامناوەند زۆرتر بەکاربهێنن، کە ئەمە بە پرەنسیپی سەرەکی ماوەی زەمەنی وێنە دادەنرێت، بەڵام ئەوەی رەچاودەکرێت کەناڵی(KNN)، بەراورد بە کەناڵی(GK)، زیاتر ماوەی زەمەنی وێنەی درێژخایەنی بەکارهێناوە، ئەمەش بە کەم و کورتی دادەنرێت؛ بەوپێیەی بێزاری لای وەرگر دروست دەکات.

2- هەردوو کەناڵ سەبارەت بەجوڵەی کامێرەکان لەمۆنتاژکردنی راپۆرتەکاندا شێوازی تایبەت بەخۆیان گرتۆتەبەر، ئەوەی تێبینی دەکرێت جوڵەی(Zoom)و(Tilt) ، زیاتر لەکەناڵی(GK)، بەکارهاتووە لەجوڵەی(Pan)یشدا وەک یەکن ئەوەی جێگەی قسە لەسەرکردنە بەکارهێنانی جوڵەی(Zoom)ە، لەئێستادا بەکارهێنانی بەدروست نازانرێت لەبەرامبەر ئەمەدا پەنا دەبرێتە بەر گرتەی زۆر نزیک.

3. **توێژینەوەی ڕاستی نوری حمید، بەناونیشانی، (دور الصورة التلفزيونية في تشكيل اتجاهات اللاجئين السوريين نحو الازمة السورية ، 2018)، نامەی ماستەر بلاونەکراو، لە زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی ئاداب.**

ئەم توێژینەوەیە باس لە ڕۆڵی وێنەی تەلەڤزیۆنی لە دروستکردنی ئاڕاستەکانی پەنابەرانی سوریا بەرامبەر بە قەیرانی سوریا دەکات، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە پەنابەرانی سوری لە سنووری هەرێمی کوردستان، سامپڵی توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە پەنابەرانی کەمپەکانی (کەورگۆسک، دارەشەکران، قوشتەپە و باسرمە).

**لە گرنگترین ئامانجەکانی:**

بریتین لە گەیشتن بەو دەرئەنجامە زانستییانەی، کە لەمیانی لێکۆڵینەوەی گۆڕاوەکانیدا بەدەست دێن، هەروەها زانینی ڕادەی وەڵامدانەوەی پەنابەرانی سوری بۆ ئەو وێنانەی کە لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان پێیان دەگات، لەگەڵ زانینی ئەوەی کە وێنە چ ڕۆڵێک دەبینێت و، چۆن لە شێوەی ئاڕاستەکردنی بەشێک لە پەنابەران لە قەیرانی سوریادا ڕەنگ دەداتەوە.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش پێکهاتوون لەم خاڵانەی خوارەوە:**

1. لە ڕووی ئامارییەوە جیاوازی بەرچاو هەیە لە نێوان ڕۆڵی میدیای بینراو و، ئامرازەکانی دیکەی میدیا لە پێکهێنانی ئاڕاستەکاندا.
2. لە ڕووی ئامارییەوە، جیاوازی بەرچاو هەیە سەبارەت بە کاریگەری وێنەی تەلەڤزیۆنی لەسەر پێکهێنانی ئاڕاستەکان بە گشتی.
3. لە ڕووی مەعنەویەوە، جیاوازی بەرچاو لە وێنەی تەلەڤزیۆنیدا هەیە بۆ کاریگەری لەسەر پێکهێنانی ئاڕاستەکانی پەنابەرانی سوریا، سەبارەت بە ڕووداوەکانی سوریا.

**4. توێژینەوەی کاروان محمد حسن، بەناونیشانی، (أثر الإخراج التلفزيوني في جذب اهتمام المشاهدين للنشرات الإخبارية في الفضائيات الكوردية، 2018)، نامەی ماستەر بلاونەکراو، لە زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی ئاداب.**

ئەم توێژینەوەیە، باس لە کاریگەری دەرهێنانی تەلەڤزیۆنی لە سەرنجراکێشانی بایەخی بینەران بۆ بڵاوکراوە هەواڵییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکات، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەردوو ڕێبازی شیکاری و ڕووپێوی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی لە دوو بەش پێکهاتووە، کە بەشی شیکاری و بەشی مەیدانییە. بەشی شیکاری بریتییە لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە هەواڵییەکانی (ڕووداو و NRT) و، بەشی مەیدانیش پێکهاتووە لە چینی دەستەبژێری میدیاکارانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و مامۆستایانی ئەکادیمی ڕاگەیاندن لە پسپۆڕی تەلەڤزیۆن لە سەرجەم بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا. سامپڵی توێژینەوەش بۆ

بەشی شیکاری بریتییە لە گەشتی هەواڵنامەی سەرەکی، کە پێکهاتووە لە بڵاوکراوەی هەواڵی کاتژمێر هەشتی ئێوارە لە هەردوو کەناڵی (ڕووداو و NRT).

**گرنگترین ئامانجەکانی، بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:**

1. توێژینەوەکە ئامانجییەتی تیشک بخاتە سەر هونەری دەرهێنانی تەلەڤزیۆنی، وەک هونەرێکی گرنگ، کە توانای گەیاندنی پەیامی بە زیندووی و کاریگەری و باوەڕپێهێنانی هەیە.
2. زانینی چۆنیەتی بەکارهێنانی پێکهاتەکانی هەواڵنامەی تەلەڤزیۆنی و، ڕادەی ڕۆڵی دەرهێنەران لە سەرنج ڕاکێشانی بینەراندا.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش پێکهاتوون لەم خاڵانەی خوارەوە:**

1. کاری دەرهێنانی تەلەڤزیۆنی یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی کاری تەلەڤزیۆنی، بەتایبەتی لە بڵاوکراوەکانی هەواڵدا.
2. دەرهێنەری تەلەڤزیۆنی یەکێکە لە گرنگترین کاراکتەری کاری تەلەڤزیۆنی، کارەکەی خۆی دەبینێتەوە لە جێبەجێکردنی کاری تەلەڤزیۆنی. هاوکات، ئەو بەرپرسە لە دیاریکردنی گرنگترین ڕەگەزەکانی دەنگ و وێنە.

توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا چەند دەرئەنجامێکی کرداریشی خستۆتەڕوو، ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیانن:

1. دەرهێنەرانی هەردوو کەناڵەکە بایەخ بەجێبەجێکردنی گونجاندنی دەق و وێنە لە بڵاوکراوەی هەواڵەکانیاندا دەدەن.
2. بایەخدانی هەردوو کەناڵەکە بەجوڵە جیاوازەکانی کامێرای تەلەڤزیۆنی لە بڵاوکراوەی هەواڵەکانیاندا.

3. لە هەردوو کەناڵدا گۆشەی ئاستی بینین یەکێک لە زۆرترین گۆشەکانی کامێرایە کە پشتی پێدەبەسترێت لە بەرجەستەکردنی وێنەگرتندا، جگە لەمەش پشت دەبەستن بە گۆشەکانی دیکەی وێنەگرتن بۆ تەواوکردنی هەواڵنامەکانییان، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی بینەرو دروستکردنی کاریگەری لەسەریان.

**دووەم: توێژینەوە عەرەبییەکان:**

1. **توێژینەوەی إبراهيم عبدالباقي، عبداللطيف، بەناونیشانی، (دراسة استحداث معايير مهنية للتغطية الاخبارية المصورة في نشرات الأخبار بتلفزيون جمهورية مصر العربية، 2016)، نامەی ماستەر بلاوکراوتەوە لە گۆڤاری العماره والفنون والعلوم الانسانية ،ژمارە 3.**

ئەم توێژینەوەیە باس لە لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی پێوەرە پیشەییەکان دەکات بۆ ڕووماڵی هەواڵە وێنەییەکان لە بڵاوکراوە هەواڵییەکانی تەلەڤزیۆنی کۆماری میسر. لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر ڕێبازی شیکاری بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە هەواڵییە میسرییەکان، سامپڵی توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی فەرمی میسری.

**گرنگترین ئامانجەکانی، بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:**

1. دانانی ڕێکارو پێوەرە پیشەییەکان بۆ ڕووماڵی هەواڵە ڤیدیۆییەکان لە شوێنی ڕووداوەکان بۆ هەموو ئەو وێنەگرانەی لە بواری هەواڵدا کار دەکەن.
2. زانینی ئاستی بەکارهێنانی و، گونجاوی (گرتە) و (جوڵە) و (گۆشە)کانی کامێرا لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا.
3. پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی کاری هەواڵی لە وێنەی ڤیدیۆیی هەواڵ، لەسەردەمی زانیاری و جیهانی کراوەدا.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش پێکهاتوون لەم خاڵانەی خوارەوە:**

أ. فەلسەفەی بڕیاردان لەسەر شتەکان، لەلایەن وێنەگری هەواڵییەوە دەبێت بەڵگەدار بێت.

ب. عەقڵ ئامرازێکی ڕێکخستنی هەیە کە بیرکردنەوەیە، هەروەها مرۆڤ بیروبۆچوونەکانی لە ڕێگەی (وشە، وێنە، ڤیدیۆو نەخشەسازییەوە) بە کەسانی دیکە دەگەیەنێت.

2. **توێژینەوەی ئیمان عبدالرحمان حمید، 2005بەناونیشانی، (استخدامات الصورة في الأخبار التلفزيونية، دراسة مسحية لأنماط توظيف الصورة الإخبارية في تلفزيون العراق )رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد-كلية الاعلام.**

ئەم توێژینەوەیە باس لە بەکارهێنانەکانی وێنە لە هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن دەکات، توێژینەوەیەکی ڕوپێوییە بۆ شێوازەکانی بەکارهێنانی وێنە هەواڵییەکان لە تەلەڤزیۆنی عێراق لە ماوەی نێوان(2002/10/1 تاوەکو 2003/4/1)، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە هەواڵی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی عێراقی بەر لە ڕووخانی دەسەڵاتی حیزبی بەعس، سامپڵی توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە هەواڵەکانی تەلەڤزیۆنی فەرمی عێراق لە ماوەی (٢٠٠٢/١٠/١ تاوەکو ٢٠٠٣/٤/١).

**گرنگترین ئامانجەکانی بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:**

1. تیشک خستنە سەر دەرکەوتن و گەشەکردنی وێنەی هەواڵی تەلەڤزیۆنی لە تەلەڤزیۆنی عێراق لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تاوەکو هەڵوەشاندنەوەی فەرمانگەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی گشتی دوای پەرەسەندنەکان، کە هاوکات بووە لەگەڵ داگیرکاری ئەمەریکا و بەریتانیا لە عێراقدا.
2. دۆزینەوەی ئاستی بایەخی وێنە هەواڵەکان لە تەلەڤزیۆنی عێراق، لە میانی بەدواداچوونی هەواڵی ڤیدیۆیی ناوخۆیی و عەرەبی و جیهانی و سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی ئەم وێنانە.

**گرنگترین دەرئەنجامە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە، پێکهاتوون لەم خاڵانەی خوارەوە:**

أ. لێکـۆڵینەوەی تیـۆری ئەوەی سـەلماندووە، کە وێـنەی تەلەڤزیـۆن گرنگـی زۆری هەیە لە ڕوونکردنەوەی هەواڵی تەلەڤزیۆنەکان و زیادکردنی توخمی سەرسوڕهێنەر بۆی، دەبێتە هۆی زیادکردنی ڕەگەزەکانی سەرنجڕاکێشی بۆ بینەر.

ب. ئەو وێنـانەی کە لە میانـەی هەواڵـی تەلەڤزیۆنیـدا بەکارهـاتوون هەمەڕەنگـن، وەک: وێـنەی فۆتۆگرافی کەسایەتییەکان و مۆنۆمێنتی وڵات، یان ئەوەی ناسراوە بە (نەخشە، ئاڵای فەرمی دەوڵەت، وێنە ڕوونکەرەوەکان، پەیکەرەکان)، ئەم جۆرە وێنانە بە زۆری بۆ هەواڵی لەناکاو بەکاردەهێنرێن، کە هاوتای گونجاوی وێنەیی لەگەڵیان بەردەست نییە.

**سێیەم. توێژینەوە ئینگلیزیەکان:**

1. **PER ERIK ERIKSSONK, (2013)Videography As Production Nexus Digital Film Cameras , Media Management And The Distribution Of Creativity In Tv And Film Production**

ئەم تێزە تایبەتە بە تەکنەلۆژیا نوێیەکانی تۆمارکردنی وێنەی جولاوی دیجیتاڵی و چۆنێتی زیادکردنی پەخش لە داهێنان و گونجاوی لە سیستەمی بەرهەمهێنانی وێنەی جولاودا. چەمکی سەرەکی کە لەم تێزەدا پەرەی پێدراوە بریتییە لە 'فەزای داهێنەرانە'، کە بەستراوە بە کواڵیتی و کارامەیی لە بەرهەمهێنانی ڤیدیۆ بە شێوەیەکی داهێنەرانە؛ وێڕای توانای ئامرازە دیجیتاڵییەکان و، لێهاتوویی بەکارهێنەر و پێکهاتەی ئامێری وێنەگرتن. میتۆدی بەکارهاتووی ئەم تێزە بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای پێکهاتەی نیمچە چاوپێکەوتنە کە لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان لەمیانەی بەرهەمهێنانی فیلم و تیڤی سویدی ئەنجامدراون .

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە گرنگی پلاندانانی تەکنیکی پێش بەرهەمهێنان دەخاتە ڕوو. هاوکات، ئامرازێکی پشتگیری بەڕێوەبردنی دیزاین (MI-FLOW) پێشنیار دەکات، وەک: ڕێگەیەک بۆ

بەکارهێنانی ڕەوتی کاری چالاک، کە مەرجێکی پێشوەختەیە بۆ بەرهەمهێنانی وێنەی جووڵاو بە شێوەیەکی کارا .

بەم پێودانگە، ئامرازە دیجیتاڵییە نوێیەکان و میدیای دیجیتاڵی نوێ، ڤیدیۆگرافەر ناچار دەکەن وەک دەروازەپارێزێک بە کارامەیی کار بکات، ئەو کات کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنی هونەری ڤیدیوکان و

ئامرازە دیجیتاڵییە نوێیەکان. بەمجۆرە، میدیای دیجیتاڵی نوێ تواناکانی دەربڕین وتێگەیشتن بۆ بینەر زیاد دەکەن.

**تاوتوێی گشتی توێژینەوەکانی پێشوو:**

لەو توێژینەوانەی خرانەڕوو، بەشێک لەو توێژینەوانە بەرچاوڕوونییەکی باشیان بە توێژەر داوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە توێژینەوەی شیکاری لەسەر پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتن ئێجگار کەم و دەگمەنن.

یەکێک لەو توێژینەوانەی سوودی زۆری لێ وەرگیراوە، توێژینەوەی (نەبەز ئەحمەد حەسەن)ە، خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کەوا توێژەر پشتی بە شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەستووەو، بووەتە سەرچاوە و یارمەتیدەرێکی باش بۆ دیاریکردنی یەکە و دەستەی شیکردنەوە، کە ئەمەش بابەتێکی گرنگی پرۆسەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکە. جگە لەوەش، لە داڕشتنی پلانی توێژینەوە و لایەنی میتۆدیی و تیۆریی توێژینەوەدا سوود لەو توێژینەوەیە وەرگیراوە، خاڵی جیاوازی هەردوو توێژینەوە، ئەو توێژینەوەیە باس لە بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی دەکات.

یەکێکی تر لەو توێژینەوانەی سوودی زۆری لێوەرگیراوە، توێژینەوەی (بەختیار حەمید)ە. لە بیرۆکە و داڕشتنی پلانی توێژینەوە و تیۆریی توێژینەوە، سوود لەو توێژینەوەیە وەرگیراوە.

خاڵی جیاوازی هەردوو توێژینەوە، ئەو توێژینەوەیە پشتی بە ڕێبازی ڕووپێوی بەستووە، باس لە ڕۆڵی وێنەگری تەلەڤزیۆنی لە تەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیایی لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا دەکات، بەلام ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە، تیایدا میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکارهاتووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە ڕاپۆرتە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، هەروەها باس لە پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی دەکات لەراپۆرتە هەواڵدا. هاوکات، سوود لە توێژینەوەی (إبراهيم عبدالباقي عبداللطيف) وەرگیراوە، خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە، توێژەر پشتی بە شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەستووە و، بوەتە سەرچاوە و یارمەتیدەرێکی باش بۆ دیاریکردنی یەکە و دەستەی شیککردنەوە، ئەمەش بابەتێکی گرنگی پرۆسەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکە، خاڵی جیاوازی ئەم دوو توێژینەوەیە ئەوەیە، توێژینەوەکە باس لە لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی پێوەرە پیشەییەکان دەکات بۆ ڕووماڵی هەواڵە وێنەییەکان، بەلام لەم توێژینەوەیەی ئێمە تیشک خراوەتە سەر پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی لەراپۆرتە هەواڵدا. توێژینەوەی (ئیمان عبدالرحمان حميد) یەکێکە لەو توێژینەوانەی سوودی زۆری لێوەرگیراوە لە رووی بیرۆکە و پلان ولایەنی تیۆری، هەروەها سوود لەئامانج ودەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وەرگیراوە، خاڵی جیاوازەی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە، توێژەر ڕێبازی ڕوپێوی بەکارهێناوە.

لە توێژینەوەی (ڕاستی نوری حميد)، لەڕووی پلان و نموونەی توێژینەوە و گرتنە بەری هەنگاوە زانستیەکان سوودی لێ وەرگیراوە، خاڵی جیاوازی هەردوو توێژینەوە، ئەم توێژینەوەیە پشتی بە ڕێبازی ڕووپێوی بەستووە؛ وێڕای جیاوازی ژینگە و نموونەی توێژینەوە.

توێژینەوەی کاروان محمد حسن. یەکێک لەو توێژینەوانەی سوودی زۆری لێوەرگیراوە، خاڵی هاوبەشی ئەم توێژینەوە زیاتر پشتی بە شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەستووە، هەروەها سامپڵی توێژینەوەکە بۆ بەشی شیکاری بریتیە لە گەشتی هەواڵنامەی سەرەکی هەردوو کەنالی ڕووداو

وNRT، ئەم توێژینەوەیە بووەتە سەرچاوە و یارمەتیدەرێکی باش بۆ دیاریکردنی یەکە و دەستەی شیککردنەوەو، داڕشتنی پلانی توێژینەوە و، لایەنی میتۆدیی و تیۆریی توێژینەوە، خاڵی جیاوازی هەردوو توێژینەوە، ئەم توێژینەوەیە جگە لە شیکردنەوەی ناوەرک پشتی  بە ڕێبازی ڕووپێویش بەستووە.

توێژەر پێیوایە دوای سوودوەرگرتن لەهەوڵە زانستییەکانی پێشوو و، ڕێنوێنیکردن لەلایەن ئەوەوە لەڕووی میتۆدی توێژینەوەی زانستی و بەکارهێنانی سەرچاوە جیاوازەکان، سوودی وەرگرتووە لەڕووی میتۆدی توێژینەوەی بەکارهاتوو؛ بەتایبەت بۆ بە ئاگابوون لە ڕاستی و دروستی ئەو شێوازانەی لە وێنەی تەلەڤزیۆنیدا بەکاردێن.

هاوکات، توێژەر سوودی وەرگرتووە لەڕووی پلان و نموونەی توێژینەوەو گرتنە بەری هەنگاوە زانستیەکانیان، بەو پێیەی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە بواری وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە لە توێژینەوە میدیایەکاندا.

ئا لێرەدا، توێژەر لەتوێژینەوەکەی خۆی گۆشەیەکی جیاوازی هەڵبژاردوەو، دەبێتە تەواوکەر و ئیزافەیەکی زانستی توێژینەوەکانی پێشوو، ئەمیش خۆی دەبینێتەوە لە شیکردنەوەو، دیارکردن و، دەستنیشانکردنی ڕادەی پابەندبوونی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بە بنەما و پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتن لە ڕاپۆرتە هەواڵدا. توێژەر کاردەکات بۆ دانانی ڕێککارو و پێوەرە هونەری و، چۆنیەتی وێنەگرتن بۆ ڕاپۆرتە هەواڵە تەلەفزیۆنییەکان بەتازەترین ستانداردە جیهانییەکان.

**سێیەم: چەمکەکانی توێژینەوە:**

توێژەر چەند پێناسەیکی ئیجرائی بۆ ئەم چەمکانەی خوارەوە دەخاتە روو.

1. **پێوەرە هونەرییەکان:** بریتیە لە کۆمەڵێک بنەمای وردی زانستی و پیشەیی کە بەکاردێن بۆ هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی جۆرایەتی و چەندایەتی بابەتێک یان پرۆسە و کردارێک، لەم تـوێژینەوەیە پێـوەرە هونەرییەکـانی وێنەگـرتن بـریتیە لە کۆمەڵێـک بنەمـا و کەرسـتە ستاندارەدی نیودەوڵەتی لەمیدیایی بینراو.
2. **وێنەی تەلەڤزیۆنی:** بریتیە لەو وێنە جوڵاوەی کە لەرێگەی ئـامێری کـامێرا تۆمـار دەکرێت، پاشان لە شاشەی تەلەڤزیۆن دەبینـدرێت، هـاوپێچ لەگەڵ وێنە جوڵاوەکان دەنگ و ڕەنگی لەگەڵە، هەروەها کات و شوێنێکی دیاریکراوەو دەگوازێتەوە بۆ جەمـاوەر. ڕەگەزی وێنەی تەلەڤزیۆنی بەگرنگترین خاڵە بنەرەتییەکانی تەلەڤزیۆن دادەنرێت.
3. **راپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنی**: یەکێکە لە ژانەرە سـەرەکییەکانی ناو گەشتی هەواڵ لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان، بـریتییە لە گواسـتنەوەی ڕووداو بەشـێوەیەکی خێـراو دینـامیکی، هەروەهـا تەواوکەری هەواڵەو بەیەکێـک لەدرێژکراوەکـانی شـێوەکانی هەواڵ دادەنرێـت، کە خـۆی دەبینێتەوە لەو بەدواداچونە میدیایانەی زیاتر بۆ پرسە گرنگە جۆراجۆرەکانی ڕۆژ دەکرێت و لەتەلـەڤزیۆنەکان پەخـش دەکرێت. لێرەدا، لە ڕێگەی وێنەگرتن وکۆکردنەوەی زۆرتـرین زانیــاری وردەکــاری دەخــرێتەڕوو بــۆ شــیکردنەوە و دەرخســتن ڕەهەنــدە ولایــەنە کاریگەرییەکـانی ئەو پرسـانە، ئەمـیش لەرێگەی تیمێکی تەلەڤزیـۆن دێتە ئـاراوە، پاشـان لە دەزگا میدیایە بینراوەکان بەخش دەکرێت بەتایبەت لە گەشتە هەواڵییەکانی ڕۆژ.

# بەشی دووەم

# وێنە و ڕەهەندە نوێگەراییەکانی

**یەکەم: وێنە (چەمک، پێناسە ومێژووی)**

1. چەمکی وێنە
2. پێناسەی وێنە
3. مێژووی سەرهەڵدانی وێنە
4. ڕۆشنبیری وێنە
5. وێنەی جوڵاو
6. بیرۆکەی دروستبوونی وێنەی ڤیدیۆیی- قۆناغەکانی پەرەسەندنی
7. چۆنیەتی تۆمارکردنی وێنەی جوڵاو لە کامێرای ڤیدیۆ

**دووەم: وێنەی تەلەفزیۆنی(چەمک ، تایبەتمەندی و ئەرکەکانی )**

1. چەمک و پێناسە وێنەی تەلەڤزیۆنی
2. تایبەتمەندی وێنەی تەلەڤزیۆنی
3. ئەرکەکانی وێنەی تەلەڤزیۆنی
4. گرنگی وێنەی تەلەڤزیۆنی

**سێیەم: پێوەرکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی(گۆشە، گرتەکان و جوڵەی)**

1. گۆشەی وێنەگرتن
2. گرتەکانی وێنەگرتن
3. جوڵەکانی وێنەگرتن
4. گرینگی جوڵە، گرتە، گۆشەکانی وێنەگرتن بۆ بینەر

## وێنە و ڕەهەندە نوێگەرایيەکانی

### یەکەم: وێنە (چەمک، پێناسە ومێژووی)

### 1- چەمکی وێنە:

چەمکی وێنە یاخود (فۆتۆگرافی-Photography)، ڕەگ و ڕیشەی بۆ یۆنانییەکانەوە دەگەڕێتەوە، لە دووبەش پێکهاتووە: (photo) فۆتۆ واتە تیشکی ڕووناکی، (Graphey) گرافی واتە هێڵکاری یاخود نووسین، (munro ,2016) بە لێکدراوی واتە وێنەگرتن بە ڕۆناکی، مەبەست لە تیشک، ڕووناکییە (تەوفیق،2020، ل3). وێنە لەسەردەمانێکی کۆنەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە بۆ کۆمەڵگە و ئەرشیفکردنی مێژووی شارستانییەتی مرۆڤایەتی و تێگەیشتنی لەکار و کردەوەکانی سەردەمانی پێشوو.

چەمکی وێنەگرتن لەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسی لە (Image) هاتووە، بەشێوازی جۆراو و جۆر و بەربڵاو بەکار دەهێنرێت، وشەی وێنەگرتن ئاماژەیە بۆ هەر شتێکی ئەندێشەی یا ڕاستی کە بوونی هەبێت یان نا، یەکێ لە پێناسەکان لە لایەن ئەفلاتون زانای یۆنانی باسی لێوە کراوەو، دەڵێت: یەکەم سێبەری هەر شتێکە کە لەسەر ئاوێکی پاک یاخود ڕوون و درەوشاوە دەبیندرێت (زاهیدی،2017، ل15).

### 2- پێناسەی وێنە:

وێنەی فۆتۆگرافی بنچینەی هەموو ئەو پرۆسانەیە کە لە بوارەکانی وێنەگرتندا ڕوو دەدات و گەشە دەکات بەدرێژایی مێژوو؛ ئەم هونەر و زانستە بناغەی سەرەکی هەموو پرۆسەیەکی وێنەگرتنە، جا ئەمە چ لە سینەما یان تەلەڤزیۆن بێت، هەر لە وێنەگرتنیش بەشێکی زۆری بابەتە زانستییەکان دەسەلمێنرێت، وەک: بواری پزیشکی و، کیمیاو، فیزیاو، ئەستێرەناسی و... هتد.

وێنە: بینین و نووسینە بە ڕووناکی، کاتێک ئەمانە ڕوودەدەن شەتەر (پەردەی لێنز) دەکرێتەوە، ڕووناکییەکان ڕەنگدانەوەو بەرجەستەی هەر شتێک دەکەن کە دێتە پێش چاوی لێنزی کامێرا و دەبێتە بەشێک لە گەیاندنی پەیام و بابەتێکی بەرجەستەکراو (Azoulay 2018, p,3).

وێنە بەشێوەیەکی سەرەکی زانست و هونەرە، پەیوەندی بەکۆمەڵێک زانست و هونەرەوە هەیە، چونکە لە دەرئەنجامی تاقیکردنەوە زانستییەکان هاتۆتە ئاراوە (صافی،2016، ل175).

ماکوان، سەبارەت بە پێناسەی وێنە، نوسیویەتی: ئامرازەکە خودی پەیامە، واتە: ئەو هۆکارانەی کە زانیاریەکانی پێ دەگوازرێتەوە گرنگترە لە پەیام، بەشێوەیەک دەتوانین بڵێین: بە جیهانی بوون بەبێ وێنە ڕوخساری نییە و ناناسرێتەوە.

(دۆبریا) بەم شێوەیە پێناسەی وێنە دەکات: وێنە ئەو فاکتەرە گرنگەیە، کە ڕۆڵی هەیە لە گواستنەوەی بیرو باوەڕە ئایینیەکان و ئایدۆلۆژیاکان. دەتوانین بڵێین: پەیامی مەسیحیەت لە ڕێگەی وێنەوە پەرەی سەندوە، بە جیهانی بوونیش نایەتەدی گەر وێنە نەبێت.

(رولان بارت) پێ وایە: وێنە پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە، تایبەتە بە دەربڕینی ئەرێنی و پێشکەوتن و نوێکاری چالاکانە بۆ ڕیکخستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی کەسەکان، وێنە پەیامیکی مانادار دەبەخشیت هیچی کەمتر نییە لە تێکستە زمانەوانییەکان. (هەورامی،2014،ل15)،

وێنە لەرۆژنامەگەریدا: بریتیە لە ڕاپۆرتێکی واقعیانەی ژیان، لە بەرزترین ئاستەکان دایە، لە زۆربەی کاتەکاندا گوزارشت لە ڕاستییەکانی ژیان و مرۆڤایەتی دەکات(یمینە، 2016، ل25).

وێنە بۆ زۆر کەس سەرچاوەیەکە بۆ نیشاندانی بابەتێک، یان هەر بەرجەستەکراوێک کە کاری لەسەر بکات، یان بۆ ڕوونکردنەوەی باسێک، یان بۆ هەر تێگەیشتنێک بێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت: بینینی وێنەکان جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکتری(تەوفیق، 2017، ل3).

وێنە بەشێکی گرینگی جیهانی ئیستایە و پێویستیەکی ژیانە وەک پێویستیەکانی ڕۆژانە. نمونەی کار، بەڵگەی ڕاست و دروست، چیرۆک لە ڕێی وێنەوە، هەواڵ و وێنەی هەواڵ، بۆ پشتڕاستکردنەوەی میژوو، دیمەن و هەواڵەکان لە بواری میژوودا زۆر گرینگن. بۆ کاتە هەستیارەکانی ژیانی ڕۆژانە و بۆنەکان و تۆماری چرکەساتی ژیانی خەڵک و تەمەنە جیاوازەکان،

بۆنمونە منداڵ کاتێ گەورە دەبێ، ئەگەر وێنەی نەبێت شێوەی ئەو سەردەمەی ون دەبێ، هەموو ئەوانەی تریش بە هەمان شێوە (Strecker ,2020، p44).

وێنە ئەو ئامرازە میدیایە کە بە شێوەیەکی خێرا و ئاسان پەیامی خۆی دەگەیەنێتە وەرگر، چونکە پەیامەکەی ئاراستەی چاوی وەرگر دەکات، وێنە پەیامی خۆی ئاراستەی هەموو چینەکانی ناو کۆمەڵگە دەکات، بۆیە ئامرازێکی گرنگی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە (جمیل،2014، ل314).

وێنە: بریتیە لە ڕاپۆرتێکی واقعیانەی ژیان، لە بەرزترین ئاستەکان دایە، لە زۆربەی کاتەکاندا دەلالەت لە ڕاستییەکانی ژیان و مرۆڤایەتی دەکات؛ لەڕووی میکانیکییەوە، وێنە پێکهاتەی ڕووناکیە. واتە لە ڕوناکی دروست دەبێت.

بە پێی شێوە فیزیاییەکەی کامێرا کە لە ژوورێکی داخراو دەچێت، لە ڕێی کونێکەوە کە کونی لێنزەکەیە، بە پێی جۆری وێنەکە ڕێگە دەدات تیشکێکی ڕووناکی بێتە ژورەوەو بە شووشەکانی لێنزەوە تێبپەڕێت (2021،Unsplash)، پاشان لەناو هاوێنەشدا دەروازەیەک هەیە، لەکاتی چرکاندنی هەر وێنەیەک و لەهەموو چرکاندنێک دەکرێتەوە و پێی دەگوترێت (Diaphragm)، بەپێ پێویست ڕێگا بە ڕووناکییەکە دەدات تێپەڕێت تا دەگاتە فیلمی هەستیاری پێی دەگوترێت (سێنسەر)، ئینجا پەنجەرەکە دادەخرێت. دواتر، ڕەنگەکان لە ڕێگەی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی ڕێکدەخرێت پێی دەڵێن (RGB)، پاشان وێنەکان بەشێوەی پیکسڵ دابەشی چوارچێوەی وێنەکە دەکرێت، کە زیاتر لە ملیۆن پیکسل بەپێی جۆری کامێرا دەگرێت (یمینە، 2016، ل25).

وێنە ئاوێنەی ڕووداوەکانە، ڕۆژنامەنووس کە وێنەی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ نووسینەکەی بەکار دەهێنێت، بۆ ئەوەی فاکتەرەکانی بەهێزتربێت، وێنە هەوڵ دەدات ڕاستی ڕووداوەکە وەک خۆی بگەیەنێتە خوێنەر، بۆیە لە لاپەڕەی یەکەمی هەموو ڕۆژنامەیەک وێنەیەکی گەورە بڵاوکراوەتەوە، جگە لەوە ناوی وێنەگر یان ئاژانس دەنووسرێت (سەپان 2006، ل،105).

لەکۆی پێناسەکان، توێژەر پێیوایە وێنە بریتیە لە تۆمارکردن و ڕاگرتنی زەمەن بۆ بابەتێکی دیاریکراو لەکات و شوێنێکی دیاری کراو، لە ڕێگەی ئامێرێکی تایبەت پێی دەڵێن کامێرا، وێنە ئاوێنە و نیشاندانی ڕاستی ڕووداوەکانە، لەرێگەی وێنەوە چیرۆکی واقعی ڕۆژانەی مرۆڤایەتی دەبینین، پاشان ئەو چیرۆکانە دەبێتە بەڵگە بۆ مێژوو. یاخود دەتوانین بڵێین: وێنە ئەو زمانەیە یاخود ئەو زانیارییانەیە ناتوانین بەنووسین دەریانببڕین؛ بەڵکو لە ڕێگەی وێنەوە یان لە ڕێگەی جوڵە و گۆشە جیاوازەکان گوزارشتیان لێدەکەین، لە ڕوانگەیەکی ترەوە دەتوانین بڵێین وێنە: هونەری گەڕان بەدوای جوانییە.

**3- مێژووی سەرهەڵدانی وێنە:**

بەر لە باسکردنی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی پێویستە بە کورتی وێنەی فۆتۆگرافی بخەینەڕوو؛ چونکە لەبنەڕەتدا جوڵەی وێنەی ڤیدیۆیی لەکۆمەڵێک وێنەی فۆتۆگرافی پێکهاتووە بۆ هەر چرکەیەک، بۆیە توێژەر پێی باش بوو سەرەتا باسی وێنەی فۆتۆگرافی بکات، پاشان بە درێژی باسی وێنەی ڤیدیۆیی یاخود وێنەی تەلەڤزیۆنی بکات.

وێنە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، هەر لەکۆنەوە تائێستا، وێنە یەکێکە لە کۆنترین شێوەکانی پەیوەندی و دەربڕین، لەسەردەمی نیاندەرتاڵەوە مرۆڤ پەنای بۆ تۆمارکردنی یادنامە و ڕووداوە دیارەکان و تۆمارکردنی کێشمەکێشەکانی ڕۆژانەی بردووە، یان بە مەبەستی جیاجیا لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان کە خۆیان تێدا داڵدە دابوو تۆماریکردوە (الرفاعی،2020، ل7).

لەو کاتەوەی مرۆڤ یەکەم شارستانیەتی خۆی بنیات ناوە، هەوڵیداوە کارەکانی و شوێنەواری کارەکانی نەمر بێت، بیرۆکە سەرەتاییەکانی ئەو کاتی بریتی بوو لە هەڵکۆڵینی وێنەی ساکار لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان، بە پشتبەستن بەو توانا سادانەی ژیانی سەرەتایی ئەوسا هەیبوو؛ مرۆڤ لەو کاتەوە دەستیکرد بە دەربڕین بۆ پێداویستی و حەز و ئارەزووەکانی، بۆ ناساندنی زیاتری بەرهەمە هزری و دەستییەکانی خۆیان(فاضل،2010، ل40).

سەرەتا بۆ ئەوەی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە لە یەکتر بگەن و گوزارشت لەو بابەت و کەلوپەلانەی دەوروبەریان بکەن و چیرۆکەکانی سەردەمی خۆیان بگێڕنەوە پەنایان بۆ هەڵکۆڵینی وێنەی ساکار بردووە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان؛ کە ئەمەش بەسەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی وێنە دادەنرێت لەژیانی مرۆڤایەتیدا(هەورامی، 2017، ل7).

لەسەردەمی نیاندرتاڵەوە مرۆڤ بە وێنە پەنای بۆ تۆمارکردنی یادنامە و ڕووداوە دیارەکان بردووە، یان ڕەنگە بۆ تۆمارکردنی کێشمەکێشمەکانی ڕۆژانەی، یان بۆ مەبەستی جیاجیا، لەسەر دیواری ئەو ئەشکەوتانەی کە داڵدەی داوە هەڵکۆڵینی کردووە (الرفاعی ،2020، ل7). لە

دروستکردنی چەندین وێنەی هەمیشەیی دەستیپێکرد، سەرەتاکەی لە (تۆماس ویدگورد ساڵی 1790) بووە، تا گەیشتە لوتکەی کارەکانی، کە داهێنەری فەرەنسی (جوزیف نیسفۆر نیبس ساڵی 1826) دایهێنا، باگراوندی تەکنۆلۆژیا بۆ وێنەی فۆتۆگرافی ئەنجامی کۆکراوەی چەندین داهێنانی تەکنۆلۆژیای جیاواز بوو پێش سەردەمی دروستکردنی یەکەم وێنەی فۆتۆگرافی بەچەندین قۆناغ، دوای ئەوە لەساڵی 1888ز، جۆرج ئیستمان، دامەزرێنەری کۆمپانیای کۆداک، یەکەم کامیرای رۆلی دروست کرد، کە فیلمی جیلاتینی یان ئەسیتاتی سلیلۆز لە گەڵیا بەکار دەهات، جۆرج ئیستمان ئەو دروشمەی بەرزکردبوەوە:"تۆ تەنها دوگمەی کامیرا داگرە.. ئەوەی تری ئێمە تەواوی دەکەین". بەمەش فۆتۆگراف لە دەستی وێنەگرانی تایبەتمەند هاتە دەرو هەموو کەسێکی ئاسایی لە توانایدا هەبوو وێنەی فۆتۆگرافی بگرێت (محمد،2018، ل41).

لەپاش دروستبوونی کامیرا وێنەی فۆتۆگۆافی رۆژ لەدوای رۆژ پیشکەوتنی بەخویدا بینی تا گەیشتە ئەو قوناخەی ئیستا کە هەموو کەسێک دەتوانی لە رێگەی موبایلەکەی خۆی وێنە بگرێت.

4- **ڕۆشنبیری وێنە**:

وێنە (فۆتۆ- ڤیدیۆ) لەم سەردەمەدا ڕۆڵێکی گەورەو بەرچاو دەگێڕێت لە جیهاندا، بە وێنە دەگوترێت زمانی جیهانی، چونکە خەڵک بە ئاسانی لێی تێدەگات، چ وێنەی جێگیر بێ یاخود جوڵاو؛ هیچ شتێک نییە لەجیهان وەک وێنە ڕاستەوخۆ بگاتە وەرگر بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە. وێنە لەم سەردەمەدا لەهەموو جیهان و لەهەموو سێکتەرەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێت، بەهۆی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییەی کە لەناو وێنە هەیە، بۆتە جێی سەرنج و بەیاخ بۆ هەموو تاکێک لە جیهان؛ بۆیە ئێستا هەموو مرۆڤێک پێویستی بەجۆرە تێگەیشتن ورۆشنبیرییەک هەیە لە جیهانی وێنە .

لە ئێستادا؛ پێویستە ئەوە بزاندرێت کە گۆڕانێکی ڕیشەیی لە تێگەیشتن بۆ چەمکی ڕۆشنبیری وێنە هاتۆتە ئاراوە، جاران وێنەیەکی کەم و سنووردار هەبوو، تێگەیشتن لێیان ئاسان بوو، هەروەها تێکستەکان زیاتر بنەما بوون بۆ هەواڵ و زانیاری، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، ئەو تێگەیشتنە هەبوو کەوا وێنە درۆ ناکات، واتا: زۆر پێویستی بە شیکردنەوە و بیرکردنەوە لە خودی وێنەکان نەبوو(الدین،2019،ل5).

ڕۆشنبیری وێنە، چەمکێکە بریتیە لە تێگەیشتن و وردبوونەوە و تێڕوانینێکی وردی وێنەکانە لەڕوانگەی گۆشە جیاوازەکانەوە، هەرلە ئاماژەکانی ناو وێنە و ماناکانی، وێڕای چۆنیەتی کاریگەرییان لەسەر دەوروبەر، پاشان چۆنیەتی بینینیان، وەک: سیمبولێک یان ئامرازێکی پەیوەندی، گواستنەوەی کۆمەڵێک توانا و لێهاتوویي مرۆڤە لەڕێگەی چاوەوە وەریگرتووە، لە هەمان کاتدا بە تێکەڵکردنی هەندێک ئەزموونی هەستەوەری ناوەوەی مرۆڤ دروست دەبێت. واتە: کۆمەڵێک کارامەیی و لێهاتوویی مرۆڤە، بە پەرەسەندنی ئەم لێهاتووییانە مرۆڤ دەتوانیت پێشبکەوێت لەم بوارە و چاو و مێشکی پڕ زانیاری بکات لە وێنە بینراوەکان؛ کاتێک ئەم پێشکەوتنە ئەنجامدرا، تاک لە بواری بابەتە بینراوەکاندا ڕۆشنبیری دەست دەکەوێت، ئەو کات

دەتوانێت ڕووداوەکان و توخم و هێماکان و زانیارییەکان و پەیامە جیاوازەکان جیا بکاتەوە و بەیەکەوەیان ببەستێتەوە(الفضلي، 2010، ل30).

سەبارەت بە ڕۆشنبیری وێنەی تەلەڤزیۆنی لەم سەردەمەی ئێستادا، ئەوا وێنەی تەلەڤزیۆنی بەشێکی گرنگە لە گواستنەوەی کەلتووری گوتار لەجیهاندا، ئەمەش بەهۆی ئەم هێزەی تەلەڤزیۆن هەیەتی لە ژیانی ڕۆژانەی خۆمان؛ چونکە وێنە گرنگە لە گواستنەوەی هێماو بەهاو لایەنە مەعریفییەکانی ژیان، کە سەرجەمیان لە ڕێگەی تاکەوە هەستپێدەکرێت. لێرەدا، وێنە بە زەقی دیارە و لەهەموو ئامرازەکانی تر کاریگەری زیاترە. لە ئێستادا، بەهۆی تەکنەلۆژیایی نوی ڕۆشنبیری وێنە لەناو تاکەکانی کۆمەڵگادا زۆر بەخێرا بڵاوبووەتەوە(السعدية،2016، ل173).

بۆیە لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا، هەموو مرۆڤێک پێوستی بەرۆشنبیری وێنەیە؛ چونکە ئێستا بۆتە بەشێک لە چالاککردنەوەی یادەوەرییەکانمان. هاوکات وێنە کار و کاردانەوەی مرۆڤ زیاتر چالاک دەکات، ئێمە هەستەکانمان لەسەر وێنەی بینراو و هزرییدا؛ بێشومار هەڵدەچنین و بونیادی دەنێین(الغامدي 2007، ل19).

تێگەیشتن لە وێنە پێویستی بەرۆشنبیرییەکی باش هەیە بۆ تێگەیشتن لە ئامانج و پەیامی وێنەکە، بەوپێیەی وێنە چەندین یاساو ڕێسا و ئێتیکی تایبەت بەخۆی هەیە و گۆشە نیگایەکی جیاوازی دروست کردووە. وێنەی مانادار و چیرۆکی ڕاستی و چوون بۆ نێو قووڵایی ساتەکان و هەڵبژاردنی بابەتەکان و تێگەیشتنی فراوان لێیان، کاریگەری سەرەکی دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی لێیان تێبگەین(تۆفیق،2021، ل8).

دەتوانین بڵێین: ڕۆشنبیری وێنە بریتیە لە سیستەمێک، کەوا لە کۆمەڵێک هێمای بینین پێکهاتووەو نێرەر دەینێرێت بەمەبەستی گوزارشتکردن لەبابەتێکی دیاری کراو، کە وەرگرەکان بەئاسانی لێی تێدەگەن. ئەمە وەک زمانی قسەکردن وایە خەڵک چۆن لەیەکتری تێدەگەن ئەمەش هاوتەریبە، دەرئەنجامەکەی لەمێشک و دەروونی بینەر جێگیر دەبن(محمود 2022، ل124).

وێنە (فۆتۆ و ڤیدیۆ )، لەم سەردەمەدا بووەتە یەکەمین سەرچاوەی ڕۆشنبیری گەلان، ڕاستتر وایە بڵێین: ڕۆشنبیری وێنە باوترین و کاریگەرترین ئامرازە بۆ ڕۆشنبیری ئەو شارستانییەتەی لەم جیهانەدا هەیە، چونکە ئێستا وێنە بووەتە کانگای فێرکردن. هاوکات، ڕەگەزێکی گرنگی ناساندنی گەلانە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕۆشنبیری نووسین و دەربڕین بە نووسین لاواز دەبێت، لەبەرامبەریدا ڕۆشنبیری وێنە و ڤیدیۆ زاڵدەبێت(السعدية 2016، ل177).

توێژەر، پێیوایە ڕۆشنبیری وێنە بەهەردوو شێوازی (جوڵاو و جێگیر) بریتیە لە شارەزایی و تێگەیشتن و زانین لەخوێندنەوەی وێنە لەهەموو ڕوویەکەوە، واتە: شارەزابوون لە سەیرکردنێکی وردی وێنەکان و زانینی شیکردنەوەیەکی زانستی بۆ هەر وێنەیەک کە دەیبینین.

**5- وێنەی جوڵاو- تیور وبیرۆکەی دروستبوونی:**

أ- تیوری چاوی کینۆKino-eye: ئاماژەیە بۆ تیۆر یاخود فیلمەکانی دەرهێنەری سۆڤییەتی، دزیگا ڤیر تۆف."کینۆ ئای" بەمانای "چاوی کامێرا" دێت و ئەم چەمکە لەو تێڕوانینەی ڤیرتۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت کە کامێرا وەک چاوی مرۆڤ وایە، دەتوانرێت ڕیالیستیانە بە هەموو ئاڕاستەیەکدا بجولێت و وێنەی دیمەنێک بگرێت، بەڵام کامێرا لە چاوی مرۆڤەکان بەهێزترە، چونکە کامێرا دەتوانێت ڕاستییەکان نزیکتر بکاتەوە، گۆڕانکارییان تێدا بکات، لە گۆشەی ئاڵۆز و بە جوڵەی خێراتر وێنەی دیمەنەکان بگریت و لەم ڕێگەیەوە هەستێکی تایبەتی مرۆڤەکانی تێدا نمایش بکرێت یان تێڕوانینیک کە بەهێزترە لە چاوی مرۆڤ، بە بڕوای ڤیرتۆڤ، دەتوانرێت ڕاستی سرووشتی ژیان و ژینگە لە ڕێگەی کامێراوە وێنەیان بگرێتەوە و بگوازرێنەوە بۆ بینەران. ڤیرتۆڤ ئەم تیۆرانەی لە مانیفێستێکدا بڵاوکردەوە لەگەڵ گروپی کینۆئای لە ساڵی ١٩١٩دا، لە ساڵی ١٩٢٢و ١٩٢٥دا لە چەند فیلمێکی دۆکیۆمێنتەریدا ئەم تیۆرانەی خستەڕوو، بە تایبەتی بە زنجیرە کورتە فیلیمێکی هەواڵیدا بەناوی "کینۆپراڤدا"، یاخود "فیلمی ڕاستی". دیمەنەکانی ئەم کورتە فیلمانە لەلایەن چەندین کامێرامانێکی جیاوازەوە وەک گرتەی هەواڵی وێنەیان گیراوە، دواتر ڤیرتۆڤ بە

یەکەوەیان دەلکێنێت و لە ڕێگەی مۆنتاژەوە تیۆرەکانی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی مانایەک بە دیمەنەکان بدات. ڤیرتۆڤ لە فیلمی (پیاوێک لەگەڵ جولەی کامێرا) (١٩٢٩) تیۆرەکانی خۆی بۆ کینۆ خستەڕوو (کاردۆزی، 2019، ل667).

ب- بیرۆکەی دروستبوونی وێنەی جولاو: پێوستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بیرۆکەی وێنەی جولاو چۆن پەیدابووە و کێن ئەو کەسانەی ڕۆڵیان لە دروستبوونی وێنەی جولاودا هەبوو بۆ یەکەمجار و چۆن ئەو بیرۆکەیە سەریهەڵدا؟ هەر لەسەرەتاوە تا ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندنەی ئەمڕۆ.

بەدڵنیاییەوە، یەکەم جار وێنەی فۆتۆگرافەری یاخود (جێیگر پەیدابوو)، بەڵام مرۆڤ نەوەستا لەسەر ئەم وێنانە و بیری لە وێنەی جولاو کردەوە، بیرۆکەی سەرەکی پەیدابوونی وێنەی جولاو لەو کاتەوە سەریهەڵدا کە زانای ئینگلیزی (بیتەر ماک ڕۆجێت) بەهۆی (فانۆسی ئەفسوناوی)یەوە، شتێکی سەیری لەچاوی مرۆڤدا دۆزییەوە (اكلي 2007، ل99)، ڕۆجیت دەڵێت: ئەو وێنەیەی بە بەرچاوماندا تێپەڕ دەبێت، بەخێرایی لەبەر چاومان وون نابێت، بەڵکو بۆ ماوی 10/1 لە چرکەیدا لەچاوەکانماندا دەمێنیتەوە. (حەمید،2003، ل65).

دواتر ساڵی 1824 (رۆجێت) ئەو بیرۆکەی ئاشکرا کرد و ناوی نا (بیردۆزی بینینی بەردەوام بۆ شتە بزوێنەکان)، دواتر زانای بەلجیکی (بلاتو) سەلماندی کە وێنە لەسەر تۆڕی چاودا دوای بزربوونی بۆ ماوەی (1 تا 10) چرکە دەمێنێتەوە، بۆ نموونە: ئەگەر سەیری دارێک بکەین و پاشان چاومان دابخەین وێنەی دارەکە لەسەر تۆڕی چاومان دەمێنێتەوە (خان،2018، ل31). دواتر، ژمارەیەک زانا چەند ئامێرێکیان دروستکرد و ڕاستی ئەو بیردۆزەیان بەشێوەیەکی پراکتیک سەلماند، بەڵام ئەو کات ئامێرەکان سادەو ساکار بوون و تەکنۆلۆژیا پێشکەوتوو نەبوو، بۆیە ئامێرەکان لە یاری منداڵان دەچوون.

ئەو وێنانەی کە سەرەتا بەکاریان دەهێنا لە چەشنی (سی دی) بوو، بەڵام بە قەبارەی گەورەتر، لەسەر لێوارەی دیسکێک وێنەی جۆراوجۆر کێشرابوو، کاتێک دیسکەکە دەخولایەوە یان لاپەڕەی کتێبەکە بەخێرایی هەڵدەدرایەوە، لەو کاتەدا هەست بەجوڵانەوەی وێنەکان دەکرا، کە لەڕاستیدا ئەوان تەنها وێنەی وەستاو بوون، هۆی هەستکردن بەجوڵانەوەیان ئەوە بوو کە ئەو وێنانەی تێپەردەبن لە قوڵایی چاومان بۆ ماوەی (1 تا 10) چرکە دوای ونبوونیان دەمێننەوە، لەو کاتەدا وێنەیەکی دیکەی پێشوو دەگەڕێتەوە بەجوڵەیەکی خەیاڵاوی نێوان هەردوو وێنە گرێ دەدرێت، بۆ دڵنیابوون لەو بیردۆزە هەموو کەس دەتوانێت ئەو کردارە ئەنجام بدات (عوسمان،2010، ل11). دیدێکی تر هەیە، دەڵێت: لەساڵی ١٨٤٩ لەلایەن برێوستەر(Brewster)، و لەساڵی ١٨٥٣ لەلایەن یوهن دانسەر(John Danser)، کامێرای ستریۆ دروستکرا. بەهۆی ئەم کامێرایەوە، بۆ یەکەمجار توانرا وێنەی جوڵێنەر تۆمار بکرێت. لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا چەند زانایەکی تر توانییان وێنەی جوڵێنەریان دەستبکەوێ و ئەمەش یەکەم هەنگاوبوو بۆ بیرکردنەوە لە کامێرای سینەمایی (سەپان ٢٠٠٨، ٨٠). پاش ئەو هەنگاوە گەورانەی لەبارەی دروستبوونی بیرۆکەی وێنەی جوڵاو هاتە ئاراوە، مرۆڤ هەوڵیدا زیاتر گەشە بەم بیرۆکەیە بدات، بۆ تۆمارکردنی جوڵە و ڕەفتارەکانی بە شێوەیەکی جوڵاو چەندین هەوڵی جۆراوجۆر دران؛ بەڵام لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا هەوڵەکان بێ ئاکام بوون، تا یەکەم هەوڵدان بۆ تۆمارکردنی وێنەی جوڵاو بۆ سەر کاسێتی فیلم بوو، هەوڵدانەکەش سەرکەوتوو بوو. لە ساڵی 1950ز لەلایەن کۆمپانیای کۆداکەوە فیلمی وێنە گرتن دروستکرا. دواتر کۆمپانیای (CBS) و کۆمپانیای (RCA) لە ساڵی 1953ز کرداری تۆمارکردنی وێنەیان لە ڕێگای کاسێتی ڤیدیۆ ئەنجامدا و توانیان وێنە بگرن. ئەم کردارانە بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی کۆمپانیای (ئەمبێکس) لە ساڵی 1956 گەشەی زیاتری بە کرداری وێنەگرتندا، لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ و بە کارهێنانی ئەو سیستەمەی کە بە بە کاسێتی لوولەکی ڤیدیۆیی ناسراون (شهیب،2003، ل200).

### 6- چۆنیەتی تۆمارکردنی وێنەی جوڵاو لە کامێرای ڤیدیۆدا:

بیرۆکەکە لەسەر هەمان بنەمای بینینی چاوی مرۆڤ هاتۆتە ئاراوە، بینین لە چاوی مرۆڤ ئەو کاتە ڕوودەدات کە ڕووناکی دەکەوێتە سەر تەنێک و بۆ هاوێنەی چاوی مرۆڤ دەگەڕێتەوە دواتر دەیگۆڕێت بۆ سیگناڵ و لە ڕێگەی دەماری بینین بۆ مێشک دەینێرێت، ئینجا دەگۆڕدرێت و کرداری بینین ڕوودەدات. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، کاتێک وێنەی تەنێک بۆ هاوێنەی کامێرا دەنێردرێت، دەگۆڕدرێت بۆ هێما و نیشانەی ئەلیکترۆنی. دواتر، لەسەر کاسێت و میمۆری تۆمار دەبێت، یاخود بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەخش دەکرێت؛ (محەمەد،2021،ل84).

سەرتا پێویستە بزانین کۆنترین وێنەی جولاو دەگەرێتەوە بۆ سالی 1888لە لاین داهێنەری فەرنسی(لویس لو برینس) ماوەی فیلمەکە لە دوو چرکە زیاتر نەبوو ئەویش لە رێگەی بەکارهێنانی ١٢ وێنە لە چرکەیەکدا تۆمارکراوە، هەروەها یەکەم کامێرای ڤیدیۆیی میکانیکی کە لەلایەن ئەندازیاری سکۆتلەندی د. بێرد تۆمارکردنی وێنەی جوڵاوی لە ساڵی ١٩٢٤ دروست کرا. (الزعبی 2020)

دروستبوونی وێنەی جوڵاو یاخود وێنەی ڤیدیۆیی بەکرداریی لە کامێرای ڤیدیۆدا، چەندین قۆناغ و هەنگاوی پێویستە بۆ دروستبوونی. شێوەی کارکردنی کامێرای ڤیدیۆ بەشێوەیەکە، ڕووناکی لەسەر تەنەکەوە پڕشنگ دەداتەوە و دەچێتە سەر هاوێنەی کامێرا، لەسەر لێنزەکە فۆکس دەکات، لەوێ دەچێتە بەشی ڕووناکی کامێرا، لە کامێرا کۆنەکان دەچێتە سەر بەشی تیوبەکە (Tube)، بەڵام لە کامێرا نوێیەکان دەچێتە سەر بەشی (Device Charge Coupled) (CCD) لە هەردوو پرۆسەکە (Tube) یان (CCD) بێت دەچێتە سەر بەشی وێنە، ئەویش هەستیارە بە ڕووناکی، دواتر سیگناڵەکە دەگۆڕێت بۆ سیگناڵی ڤیدیۆیی، لەوێدا ئەلیکترۆنی سەر کاسێتەکە وێنەی ڤیدیۆیی تۆمار دەکات. لە ڕووی پێکهاتەی دروستبوونییەوە، وێنەی تەلەڤزیۆن، بریتییە لە کۆمەڵێک خاڵی ورد، کە چاوی مرۆڤ کۆیان دەکاتەوە بۆ وێنەیەکی سروشتی و جوڵاو (مەنسور،2010،ل119).

تەلەفزیۆن یەکێکە لەگرنگترین داهێنانەکان کە بۆتە بەشێکی بنەڕەتی ژیانی مرۆڤ ، هەروەک یارمەتیدەربووە بۆ کەمکردنەوەی مەوداکان ، وا لەمرۆڤ دەکات زیاتر بزانێت کە لەجیهاندا چی ڕوودەدات ، چەمکی تەلەفزیۆن چیتر سنووردار نییە بەدیمەنەکانی شاشەکە کە لەئێستادا تەنیا شاشەی تەلەفزیۆنەکان ، بەڵکو بینینی بەرنامەی تەلەفزیۆنی لەسەر شاشەی زیرەکو لاپتۆپەدەگرێتەوە .لە ساڵی 1884 دا داهێنەری ئەڵمانی پۆل نیپکۆ مێزی سوڕانەوەی پەرە پێدا بە ئامانجی گواستنەوەی وێنەکە لە ڕێگەی وایەرەکانەوە، لە ساڵی 1920دا جۆن لۆگی بەیرد داهێنانێکی دەستکەوت بۆ بەکارهێنانی شریتی شەفاف کە وێنەکە دەگوازێتەوە بۆ شاشەی تەلەفزیۆن (الدویکات 2020)

هەروەها زانایەکی تر ناوی (فیلۆ فارتزورس) بوو توانی کامێرای تەلەفزیۆنی پەرە پێبدات، تەلەفزیۆن بە گرنگترین ئەو دەست کەوت و دەرهاویشتە تەکنەلۆژیایە دادەنرێت کەلەبواری ڕاگەیاندنی جەماوەریەوەپێگەیەکی تایبەتی لە نێوان ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەریدا داگیر کردووە.کە دوو سیمای سەرەکی لەخۆ دەگرێ ئەوانیش دەنگ و وێنەن، جا ئەگەر ئێزگە تەنها هەستی بیستن بدوێنێ و چاپکراویش هەستی بینین، کەچی تەلەفزیۆن لە یەک کاتدا هەستی بیستن و بینین دەدوێنێ. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە زۆرترین کاریگەرێتی لەسەر سەرنج ڕاکێشان و وریاکردنەوەی جەماوەر هەیە لە ڕێگەی دواندنی ئەو دووهەستە دا لەیەک کاتدا. (کەرکوکی 2008، 55-56)

بۆ یەکەمجار ئامێری تەلەڤزیۆن دروست کرا، لە دەستپێکدا تەنیا دەیانتوانی سیگناڵی تەلەڤزیۆن بگۆڕن، بەڵام نەیان دەتوانی تۆماری بکەن، واتە: کاتێک بەرنامەیەک پێشکەش دەکرا ڕاستەوخۆ بوو، هەر ئەو کات دەبینرا و لە یادگای خەڵک دەمایەوە و تەواو، نەدەتوانرا جارێکی تر نیشان بدرێتەوە، ئەو ڤیدیۆیانەی ئێستا دەبینرێن و مێژویەکیان هەیە، ڤیدیۆی تایبەتن و لە تەلەڤزیۆنەکان وەک ئەرشیف ماون و لە کاتی خۆیدا لەسەر فیلم تۆمار کراون. لەساڵی 1956ز بۆ یەکەم جار توانرا سیگناڵی ڤیدیۆیی بەشێوەی موگناتیسی بخرێتە سەر کاسێت، لەبەرئەوەی ڤیدیۆکە چوار هێندەی بەکار دەهێنا. سیگناڵەکانی لەسەر کاسێتی دوو ئینجی تۆمار دەکرد، دواتر لێدەدرایەوە، تا

ئێستاش مرۆڤ سوود لەو سەرەتایە دەبینێت لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاری بۆ کاسێت تۆمارکردن (مەنسور،2010، ل132).

دووەمیان: لەرێگەی شاشەی تەلەڤزیۆن بوو، لەدوای ئەم پێشکەوتن و پەرەسەندنەی کامێرای ڤیدیۆیی، گەیشتە قۆناغی هاتنەکایەی مۆبایل و تۆمارکردنی لەسەر میمۆری لەجیاتی کاسێت (اكلي، 2007، ل99-10).هەروەها بەکارهێنانی وێنەی جوڵاو لەهەواڵەکان، یەکەم کەناڵ ئێن بی سی (NBC ) وەک یەکەم دەزگای میدیایی وێنەی جوڵاوی بۆ پەخشی هەواڵی تەلەڤزیۆنی زیاد کرد، بە بەکارهێنانی فیلمی بێدەنگی 35 ملم، هاوتەریب دەنگی بێژەر لە ستۆدیۆ لەگەڵ وێنە جوڵاوەکان بەکاردەهات (لمام،2020، ل281). لەم سەردەمەی ئێستادا، شێوازی تۆمارکردنی وێنەی جوڵاو یاخود وێنەی ڤیدیۆیی، گۆڕانکاری زۆری بەسەر هاتووە؛ بەشێوەیەک ئێستا لەناو ئامێرەکانی پەیوەندی سمارتەکاندا زۆر بەئاسانی تۆمار دەبێت و عەمبار دەکرێت، هەروەها بەهۆی پەیدابوونی هاردی قەبارە گەورە، ئەم هاردانە جێگای کاسێتی کۆن دەگرێتەوە.

**دووەم: وێنەی تەلەفزیۆنی (چەمک ، تایبەتمەندی، ئەرکەکان و گرنگی)**

**1- چەمک و پێناسەی وێنەی تەلەڤزیۆنی:**

ئەم سەردەمە، سەردەمی وێنەی فۆتۆ و ڤیدیۆییە، بەڵگەش بۆ ئەم قسانەی ئێستا وێنە زاڵە بەسەر هەموو بوارەکان ژیانی گشتی و تایبەتیدا، جا چ وێنەی فۆتۆ یاخود ڤیدیۆیی بێت. لە ئێستادا، وێنەی ڤیدیۆ و فۆتۆ بووەتە نیشانەی شارستانییەتی ئەم سەردەمە، بەوپێیەی هەڵگری کەلتور و ڕۆشنبیری گەلانە بەهەموو ماناکانییەوە، هەروەها لە ئێستادا ڕووی کردووەتە نێو هەموو جومگەکانی ژیانی ئێمە، هەر لە خێزانەوە تا دامودەزگا گشتییەکان، تەنانەت لە ئێستادا وێنەی ڤیدیۆیی کاریگەری کردۆتە سەر هەڵسوکەوتمان و ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵک (حمداوي،2020، ل8).

وێنەی تەلەڤزیۆنی کە پێی دەگوترێ وێنەی ڤیدیۆیی، وەک هەر چەمکێکی تر پسپۆرانی بواری کۆمۆنیکەیشن و ڕاگەیاندن و زانا و بیرمەندان؛ هەر کەسەو لە ڕوانگەی خۆیەوە پێناسەی جیاجیای بۆ وێنەی تەلەفزیۆنی کردووە، لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینەڕوو:

وێنەی تەلەڤزیۆنی بریتییە لەو وێنە ڤیدیۆییەی کە هەموو داتاکان و ژمارە و دەق بە دەنگ و ڕەنگ لەیەک کاتدا بەشێوەیەکی جوڵاو بەیەکەوە کۆدەکاتەوە. واتە: هەموو ئەوانەی کە چاوی کامێرا کۆیان دەکاتەوە، دواجار جوڵە و هەستیاری بە بابەتەکە دەبەخشێت و تێگەیشتن لە ڕاستییەکان ئاسانتر و ڕوونتر دەکاتەوە. هەڵبەت، لە چاو وێنەی چەسپاو زیاتر زیندویی پێوە دیارە (محەمەد،2021، ل83).

وێنەی تەلەڤزیۆنی، بریتییە لە پڕکردنەوەی شاشە و سەیرکردنی بۆ ساتێکی دیاریکراو کە ناو دەبرێت بە کادر (فریم). چەمکی کادر (درێژی کات) لە خۆ دەگرێت، یان ئەو کاتەی وێنەکە لەسەر شاشەکە دەمێنێتەوە، بەو مانایەی: هونەرەکانی شاشە خەسڵەتی کات و شوێنی هەیە.

وێنەی تەلەڤزیۆنی بریتیە لە تێکەڵەیەک لە دەنگ و وێنە بەیەکەوە کە لەهەمان کاتدا نیشان دەدرێت لەسەر شاشە، دەنگ پەیوەندی بە وێنەکە هەیە، یاخود هاوکارە بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ وێنە هەبێت بۆ تێگەیشتن و کردنەوەی کۆدی پەیامەکان کە نمایش دەکرێت، هەردووکیان بەیەکەوە ئەو بابەتەی کە نمایش دەکرێت بەهێزتر و دەوڵەمەندتر دەکەن (دفاک،2020، ل35).

وێنەی تەلەڤزیۆنی هاوتایە لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینە کاتێک پێشکەش بە بینەران دەکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی خەیاڵی، وێنەی ڤیدیۆیی جیهان دێنێتە بەرچاوت، لەئێستادا لەهەموو شوێن و کاتێکدا ڕووبەڕووی  وێنەی ڤیدیۆیی دەبینەوە، بەشێوەیەک ئێستا بووەتە جێگرەوەی پەرتووک و نووسین، وێنەی تەلەڤزیۆنی لەم سەردەمەدا وەک فاکتەرێک، بۆ نزیکبوونەوەی گەلان بەکار دێت(تروش،2017، ل81).

وێنەی تەلەڤزیۆنی: زمانێکە، هەست وسۆز دەجولێنێت هەروەها ئامرازێکە بۆ سەرنجدان وە بۆ خواستی بینەر لەرێگەی جولاندنی هەستی بینین (Druckman،561،2003).

توێژەر پێیوایە وێنەی تەلەڤزیۆنی بریتیە لەو وێنە جوڵاوەی کە کە لە هەمان کاتدا تێکەڵەیەک لە دەنگ و وێنە بەیەکەوە نیشان دەدات کە لە ڕێگەی کامێراوە تۆمار دەکرێت بە هۆیەوە هەموو بیر و بۆچوونەکانمان دەخاتە سەر شاشەی تەلەڤزیۆنی و، خەڵک دەتوانن بەهۆی وێنەکانمانەوە ڕاو سەرنج و بۆچونەکانمان ببینن، یاخود دەتوانین بڵێین: وێنەی تەلەڤزیۆنی هەموو داتاکان، ژمارە و دەق بە دەنگ و ڕەنگ لەیەک کاتدا بەشێوەیەکی جوڵاو بەیەکەوە کۆدەکاتەوە.

## 2- تایبەتمەندی وێنەی تەلەفزیۆنی:

تەلەڤزیۆن وەک بنەمایەکی سەرەکی پشت بە وێنەی ڤیدیۆیی دەبەستێت بۆ ئەوەی سەرنجی بینەر ڕابکێشێت و، ئارەزووی بینینی بکات هەروەها جیاواز بێت لە ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن؛ بۆیە تەلەڤزیۆن بە بوونی وێنەی ڤیدیۆیی جیا دەکرێتەوە لە ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن، ئەو وێنە ڤیدیۆیانەی کە وەک مادەیەکی زانیاری و هەواڵی لە بواری ڕاگەیاندندا بەکار دەهێنرێن؛ پێویستە چەندین تایبەتمەندی لەخۆوە بگرن، گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەش ئەمانەی خوارەوەن:

أ. وێنەکە پێویستە پەیوەندیداربێت بەو بابەتەی نمایش دەکرێن، ئاماژەدار و خاوەن ناوەڕۆکێکی زانیاری و پەیام بەخش بێت، هەروەها بتوانێت هەواڵەکە بەباشی ڕوون بکاتەوە، بوونی ڕەگەزی ڕاستگۆیی لە دەرخستنی وێنەکە و گوزارشتکردن لە بابەتێک کە پەیوەست بێت بە ڕوونی و بێلایەنی ڕاستەقینە نەک سیناریۆ(سعيد، 2014،ل228).

ب. وێنە بەهای تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام وەک هەر هەواڵ و بابەتێکی دیکە بەپێی گۆڕانی شوێن و تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بەسەر بەهای وێنەدا دێت و، بەهاکەی کەمتر یاخود زیاتر دەبێت.

ج. بوونی ڕەگەزی گرنگی و کاریگەری، واتە: پەیام و بابەتی وێنەکە خاوەن بایەخ و پەیوەندی بە زۆرترین خەڵکەوە هەبێت(محەمەد،2021، ل96).

د. وێنەی تەلەڤزیۆنی زمانێکە هەستەکان دەجوڵێنێت؛ بەوپێیەی کە بابەتەکان جوڵاو وبینراون، واتە: کاریگەی لەسەر هەست دەکات.

ە. وێنەی تەلەڤزیۆنی بەردەوام لەجوڵەدایە، جا یان کامێراکە دەجوڵێت یاخود کەسەکان، ئەو هەستە دەداتە بینەر کە شاشەکە دەجولێ(مؤنس،2008، ل119).

و. وێنەی تەلەفزیۆنی ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە لەگەڵ تێکست تەواوکەری یەکترن، وێنەکان پاڵپشتی تێکستەکە دەکەن، لە هەمان کات تێکستەکە پاڵپشتی وێنەکان دەکەن، واتە: ئەم

تایبەتمەندییەی گرنگی وێنەی تەلەڤزیۆنی دەردەخات؛ بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەری دروست بکات لەسەر بینەر.

ز. وێنەی تەلەڤزیۆنی زیاتر نزیکە لە جیهانی واقع، هەروەها بینەر زیاتر نزیک دەکاتەوە لەجیهانی ڕاستەقینە.

ح. یەکێک لەگرنگترین تایبەتمەندیەکانی وێنەی تەلەفزیۆنی بەکارهێنانی ڕەنگ لەوێنەی جوڵاودایە، ئەمەش جۆرێک لە جوانی دەبەخشێت (نوری،2018،ل49).

توێژەر، پێیوایە تایبەتمەندی وێنەی تەلەڤزیۆنی لەوەدایە کە ڕەگەزی وێنە، جوڵە، ڕەنگ، دەنگ بەهەردوو شێوازی دەنگی سروشتی و دەنگی میدیاکار، هەروەها تێکست هەموی لەیەک شوێن کۆدەکاتەوە پێی دەڵێن وێنەی تەلەڤزیۆنی. بەهۆی یەکگرتنی ئەو توخم و ڕەگەزە جیاوازانە لەیەک شوێن، ئەوە بەدڵنیاییەوە وێنەی تەلەڤزیۆنی وا دەکا بینەر لەو جیهانە ڕاستەقینەی خۆمان زۆر نزیکتر ببێتەوە، هاوکات بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کەوا سەبارەت بە وێنەی ڤیدیۆیی باسکران، بینەر زۆر بە ئاسانی ئاوێتەی هێما و ئاماژە و زمانی جەستەیی دەبێت کە لە وێنە ڤیدیۆییەکەدا دەیبینێت.

3- **ئەرکەکانی وێنەی تەلەفزیۆنی**:

ئەمانەی خوارەوە گرنگترین و سەرەکیترین ئەرکەکانی وێنەیە:

i. **ئەرکی پەیوەندیکردن و شیکردنەوە:** وێنەی ڤیدیۆیی بینەر دووردەخاتەوە لە شیکردنەوەی هەڵە، چونکە ئەرکی جیاوازی هەیە، یەکێک لەو ئەرکانە هەڵدەستێ بە دروستکردنی پەیوەندیکردن، واتە: بەهۆیەوە پرۆسەی پەیوەندیکردن دروست دەبێت و نێرەر لەڕێگەی وێنەوە پەیامێک ئاراستە دەکات، جەماوەریش لەیەک کاتدا دەبێتە وەرگری پەیامەکە، پاشان لەڕێگەی وەرگرتنی ئەم پەیامەوە و دروستکردنی پەیوەندی لە شیکردنەوەی هەڵە دەپارێزێت.

ii. **ئەرکی تەواوکاری:** وێنەی ڤیدیۆیی ئەرکی تەواوکاری دەگرێتە خۆ بۆ ئەو تێکست و زانیارییانەی هاوپێچ کراون لەگەڵ ڤیدیۆییەکە، واتە: تەنها تێکست مانای تەواو نادات؛ ڤیدیۆ و تێکست مانای تەواو دەبەخشێت بە چاوی بینەر و کاریگەری تێکست تەواو دەکا.

iii. **ئەرکی ئاراستەکردن:** لەرێگەی وێنە و ڤیدیۆوە دەتوانرێت وەرگرەکان ئاراستە بکرێن بەو ئامانجەی کە ئەو دەزگایە مەبەستییەتی، جا ئەم ئاراستەکردنە چ بەشێوەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بێت(شقیر، 2015، ل47-48).

iv. **ئەرکی بڕواپێهێنان:** بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی وێنەی تەلەڤزیۆنی هەیەتی، کە ئاوێتەیەکە لە وێنەی جوڵاو و دەنگ و تێکست، واقیع نزیکتر دەکاتەوە، دەبێتە هۆی دروستکردنی کارلێک لەنێوان بینەر و بابەتەکە، دواجار کاریگەری دەبێت لەسەر دروستکردنی متمانەی بینەر؛ وێڕای ئاسانتر بڕوا پێهێنانی.

v. **ئەرکی هێماکردن یاخود ئاماژەپێدان (الدلالة):** هێما لەئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیە دێت کە وێنە بۆ بینەر دروستی دەکات، وێنەی تەلەڤزیۆنی لەرێگەی دووبارە بوونەوەی بابەت و گرتەکان، هەندێک ئاماژە ئاراستەی بینەر دەکات، جا ئەمە چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود

ناراستەوخۆ بێت، ئەمەش وێنەیەکی هزری دروست دەکات لەلای بینەر لەسەر ئەم بابەتەی ئاماژەی پێکراوە(زاوی،2016، ل44).

vi. **ئەرکی هەواڵی:** ئەمە گرنگترین ئەرکە بۆ گەیاندنی پەیامی دامەزراوەی ڕاگەیاندن، کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار، وەک: خێرایی لە تێگەیشتن، وردی لە گەیاندن و وردەکارییەکان، دواتر تێرکردنی بینەر بە زانیاری و سەرنج ڕاکێشانی زیاتر لە بابەتە نووسراوەکان. هاوکات، هاوێنەی کامێرا وردبین و بابەتییە لە گەیاندنی وردەکاری بۆ هەر بابەتێک و توانای زیاترە لە ڕاکێشانی سەرنج و هەست و سۆزی بینەر.

vii. **ئەرکی پەروەردەکردن:** وێنە کاردەکات لەسەر ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی واتای بابەتەکان و، جێگیرکردنی زانیاری لە هزری بینەر بە ئاراستەی پەروەردەکردن و بونیادنانی کەسێتی.

viii. **بەهای جوانی:** وێنە بەهای جوانی خۆی هەیە، کارێکی هونەرییە و چاو لە سەیرکردن دەوستێنیت بۆ چەند ساتێک؛ وێڕای چێژبەخشین بە دڵی بینەر لەدەرئەنجامی ئەو جوڵە وکاروکاردانەوەی هەیە لە بابەتەکاندا. تایبەتمەندی جوانی هەڵگری پەیامێکی ئیتیکی و دەروونی ڕاستەقینەیە، ئامانجەکەی جوڵاندنی هەست و سۆزی بینەرە.

ix. **ئەرکی دۆکیۆمێنتکردن:** ڤیدیۆ لەم سەردەمەدا ئەرکێکی گرنگی هەیە ئەویش بەدۆکیۆمێنتکردنی ژیان و ڕووداوی ژیانی ڕۆژانەی خۆمانە؛ لە دواجار هەڵگرتنی بۆ مێژوو و نەوەکانی داهاتوو. وێنە هەمیشە گەواهیدەرو شایەتحاڵە بۆ ڕووداوەکان.

x. **ئەرکی سایکۆلۆژی:** وێنە بە گشتی پێویستی دەروونیی مرۆڤ تێر دەکات. هاوکات، چەند پێداویستیەکی دەروونی و سۆزداری تێدا دەهێنێتە دی، ئەو توێژینەوانەی لەلایەن دەروونناسانەوە ئەنجامدراون دەریانخستووە، کە مرۆڤ لە ڕێگەی وێنەی هزرییەوە بیر دەکاتەوە؛ بۆیە لەڕێگەی وێنە و ڤیدیۆ دەتوانرێت مێشکی مرۆڤ بارگاوی بکرێت؛ تاوەکو لە ڕێگەی ئەو وێنانە بیر و هزر و دەروونی بجوڵێندرێت(زەهرە،2019، ل47).

### 4- گرنگی وێنەی تەلەفزیۆنی:

وێنە (فۆتۆ-ڤیدیۆ)، بووەتە توخمێکی سەرەکی لە دروستکردنی پەیامی میدیاییدا، هەروەها ئیستا تەواوکەری دەقی میدیایە، لە پرۆسەی ڕازیکردن و کاریگەری دروستکردن لەسەر خەڵک. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە دەقی نووسراو بەردەوام پێویستی بە تێگەیشتن هەیە لە هێما و زاراوەی دەقەکە ئەویش لەریگەی وێنەیە(جلال،2019، ل301).

بەدڵنیاییەوە، ئەرکە ڕاستەقینەکەی وێنە ئەوەیە کە بینەر ڕۆشنبیر بکات و ئاستی تێگەیشتنیان بەرز بکاتەوە(یوسف،1999، ل41). زۆر جار پەیوەندی نازارەکی لە وێنەدا باوەڕپێکراوتر دەبینرێ وەک لە پەیوەندی زارەکی کەتەنها وشە بەکاردێنێت. ئەگەر هاتوو پەیامی زارەکی، واتە: تەنها وشە لەگەڵ پەیامی نازارەکی، لەرێگەی کامێراوە بگوازرێتەوە، ئەوە بەدڵنیاییەوە بینەر زیاتر بڕوا بەو پەیامەی دەکات کە لەرێگەی وێنەی تەلەڤزیۆنییەوە بڵاو دەکرێتەوە، (خضور،2002، ل30).

ئەم خاڵانەی خوارەوە تیشک دەخەنە سەر گرینگی وێنەی تەلەڤزیۆنی لە دروستکردنی پرۆسەی پەیوەندیکردن و گواستنەوەی پەیام و نیشاندانی بابەت و ڕووداوەکان:

1. وێنەی ڤیدیۆیی زیندویی بەبابەتە نمایشکراوەکان نیشان دەدات و تام و چێژی زیاتر دەبەخشێتە بینەر، بە شێوەیەک کەوا کەمتر بێزاری پێوە دیار دەبێت بەراورد بە بابەتێک تەنها بە نووسین بێت (عبدالرحمان،2005، ل93).
2. وێنە جیاوازە لە دەقی نووسراو، دەق پێویستی بەشیکردنەوەیە، کە پەیوەست بێت بە پەیوەندییەکانی نێوان وشەکان. ئا لێرەدا، هەموو کەس لە مانا سەرەکییەکەی تێناگات، پێچەوانەی وێنە بە یەکجار پەیامەکە دەدات و هەموو کەس لێی تێدەگات(الهادی، 2018،ل66).
3. وێنە ڕاستی چۆنیەتی ڕووداوانی ڕووداوەکە دەخاتەڕوو، واتا بوونی وێنە بەڵگەیەکی تەواوە.
4. وێنە پێویستییەکی سایکۆلۆژی بۆ ئادەمیزاد دەستەبەردەکات و، پێداویستییە ئەقڵی و ئارەزووییەکانی بۆ جێبەجێ دەکات (سورمێ،2006، ل30).

5. بینەر لەڕێگەی وێنەوە زانیاری زیاتر وەردەگرێت، زیاتر لەو بابەتانەی کە تەنها بە تێکست بێت.

6. وێنە هەستی تێبینی لەلای وەرگر زیاتردەکات، بەو پێیەی وێنەی چیرۆکێک لە یادەوەرییەکاندا بەزیندویی دەهێڵێتەوە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە لە ڕابردوی خۆیاندا زۆرشت نازانن (صالح،2019،ل57).

7. چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکە دەخاتەڕوو، مانای زیاتر دەبەخشێتە بابەتی پێشکەشکراو، وەرگر لەمیانەی ئاوێتەبوونی لەگەڵ وشەکاندا باوەڕپێکردنێکی گەورەتر بەدەست دەهێنێت، لەو ساتەدا پەیامەکە لای بینەر زیاتر جێگەی ڕاستگۆیی و متمانە دەبن (الزعبی،2020، ل63).

8. وێنە زمانێکی ناڕاستەخۆیە و ئاماژە بە ڕوودانی شتەکان دەکات، خوێنەر یان بینەر لەڕێگەی تەماشاکردنی وێنەکان لەبابەت یاخود لەهەواڵەکان تێدەگەن؛ بۆیە دەزگا میدیایەکان دەیانەوێت هەموو بابەتێک وێنەی لەگەڵ بێت (مستەفا،2017،ل8).

9. وێنەی تەلەڤزیۆنی سنوورەکان تێدەپەڕێنێت، خزمەتی هەموو ئاستەکانی خوێندن دەکات لە خوێندەوار و نەخوێندەوار(Rodgers ,2018، p192).

توێژەر پێیوایە وێنەگر لەشوێنی وشە بیر لەوە دەکاتەوە گرتەی واتادار و ئاماژەبەخش وەربگرێت لە ڕوانگەی قەبارەی گرتە و، بەکارهێنانی جوڵەی کامێرا و، وەرگرتنی گۆشەی جیاواز، هەروەها گرنگیەکەی لەوەدایە کەوا هەموو ڕەگەز و ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەئاسانی لە پەیامی ڤیدیۆ تێدەگەن.

**سێیەم: پێوەرکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی (گۆشە، گرتەکان و جوڵە)**

1. **گرتەی وێنەی ڤیدیۆیی** Camera Shot:

وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای خۆی هەیە، واتە: کرداری وێنەگرتنەکە هەڕەمەکی نییە، بەڵکو ستایلێکی تایبەتی خۆی هەیە، هەرکەسێک ببێتە وێنەگری تەلەڤزیۆنی پێویستە شێوازەکانی وێنەگرتن بزانێت، سەرەتا باسی گرتەکان دەکەین.

گرتە: بریتیە لەو دیمەنەی کامێرای تەلەڤزیۆنی تۆماری دەکات، وەکو جوڵەی کامێرا، شۆتەکان شێوە و ستایلیان جیاوازە و هەر دیمەن یاخود گرتەیەک شۆتێکی تایبەتی پێدەگوترێت، هەرشۆتێک ئامانجێکی دیارکراوی هەیە، کە بەشێکی بۆ دەرخستنی جوانکاری زیاتری دیمەنەکانە، دەرهێنەر یان پرۆدیوسەر بەپێی داخوازی خۆی داوا لەکامێرامان دەکات ئەو شۆتەی مەبەستیەتی بۆی وەربگرێت(عبدالرحمان،2019،ل36).

هەروەها، بەوە دەگوترێ گرتە کە چەند چرکەیەک لە وێنە پێکەوە گرێدرابێت، شۆت بنچینەی دروستبوونی بەرهەمی شاشەیە. بەهۆی لێکگرێدانی گرتەکان چیرۆک دروست دەبێت. دەکرێت شۆت بەوە بەراورد بکرێت، چۆن نووسین لە چەند ڕستەیەک پێکهاتووە و پێکەوە مانا دەدەن، گرتە ڕۆڵی ڕستە دەبینێ لە نووسین هەر وەکو نووسین دەبێت لە هەموو ڕستەیەک مانابەخش بێت، بزانرێ چ مەبەستێکی هەیە، هەروەها گرتەش هەمان ڕۆڵ دەبینێت لە سەر شاشە؛ بۆیە زۆر پێویستە هەموو گرتەیەک زۆر بە وریاییەوە هەڵبژێردرێت، بزانرێت مەبەست لێی چییە و چیمان دەوێت بۆ ئەوەی بە بینەری نیشان بدەینەوە(خان،2018، 52).

بۆ وردی و تێگەیشتنی زیاتر لە گرتەی ڤیدیۆیی، پێویستیمان بە پێناسەی زیاترە؛ بۆیە گەر سەیری ئەم پێناسەیە بکەین لە گۆشەنیگایەکی وردترەوە باسی گرتەی ڤیدیۆیی دەکات:

گرتە: بریتییە لە بچوکترین یەکە، کە دیمەن (المشهد)ی لەسەر بونیاد دەنرێت چ لەبورای تەلەڤزیۆنی یاخود سینەمایی دا، گرتەکانیش جوراوجۆرن بەپی بابەت وبیروکە دەگۆڕێن (السودانی

2020،ل133). هەر گرتەیەک ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە و لەسەر بنەمای گرتەکان بابەتەکان دادەڕێژرێت، لەڕێگەی دەستدان بە دوگمەی ڕیکۆرد و دەستکردن بە وێنەگرتن، تا ئەو کاتەی ڕیکۆردەکە دەوەستێندرێت، بە مانایەکی دیکە: لەو کاتەوەی ڕیکۆردەکە دەستپێدەکەیت تا ئەو کاتەی ڕیکۆردەکە دەوەستێندرێت، پێیی دەگوترێت گرتە. گرتە چەند چرکەیەکە لە وێنە بەیەکەوە (قاسم،2019، ل52).

جۆرەکانی گرتە بەچەند شێوازو جۆرێک پۆلێن دەکرێت؛ بەڵام کۆمەڵێکی ستاندارد ونەگۆڕ هەن کە لەهەموو جێگەیەکدا کاریان پێ دەکرێت، بریتین لە:

i. **گرتەی زۆر دوور** (Extreme Long Shots):

ئەم جۆرە گرتەیە سروشت زاڵە بەسەریدا تەنەکان دیارن، بەڵام ناناسرێنەوە - مەبەست لە گرتەی دوور، بۆ ئەوەیە شوێنێکی بەرفراوان و ڕووبەرێکی زۆر نیشانی بینەر بدرێت. بۆ سێ بواری وێنەگرتن دابەش دەکرێت. جا ئەو گرتەیە بۆ مرۆڤ یان بۆ شوێن و ناوچەیەکی سروشتی بێت:

1. گرتەی زۆر دوور بە مەبەستی پیشاندانی شوێنێکی گشتییە، زۆربەی کاتەکانیش بۆ کاری دەستپێێک نیشان دەدرێت و بە گرتەی بنچینەی وێنەگرتن دادەنرێت (اللطيف،2018، ل350).
2. بەکارهێنانی ئەم گرتەیە بۆ بینینی شوێنییک، یان بۆ گشتگیر و پیشاندانی ژینگەی ڕووداوێکە لە کاتی کارکردندا، لەو شوێنەی وێنە دەگیرێت، چونکە لە گرتەکانی تر ناتوانرێت بەو شێوە هەموو ڕووبەر و لایەنەکان نیشانی بینەر بدرێت. هەروەها زیاتر وڵامی پرسیاری (لەکوێ) دەداتەوە (قاسم،2022،ل35).
3. ئەم گرتەیە زۆر کات بە گرتەی دەسپێک ئەژمار دەکرێت تا بینەر بە هەموو لایەنەکانی ڕووداوەکە ئاشنا بێت (العقاد،1997، ل111).

بەر لە داهێنانی (فلای کام ) دەبوو وێنەگر لە دوورترین شوێنی دیمەنەکە کامێرای دابنایا، یاخود بڕۆیشتبایە سەر باڵەخانەیەک یاخود سەرلوتکەی شاخێک، یان هیلیکۆپتەری بەکاربهێنابایە، بەڵام ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا (فلای کام) بەکاردێت بۆ وەرگرتنی گرتەی زۆر دوور.

ii. **گرتەی گشتگیر** (long shots):

ئەم گرتەیە ماوە و قوڵی دیمەنەکە بە ئاسانی دیاری دەکات، دیمەنێکی بەرفراوان نیشان دەدرێت، ئەو دەرفەتە بۆ بینەر دەڕەخسێنێ دیمەنی گشتی بەتەواوەتی ببینێ (صادق،2012،ل79). واتا: دەتوانین بڵێین ئەو بابەتەی دەمانەوێت وێنە بگرین، تەنها خودی بابەتەکە بەگشتی وێنە دەگرێ، واتە: ئەگەر لەسەر مرۆڤ بێت ئەوە سەرتاپای کەسێک لە قاچیەوە تاکوو سەری نیشان دەدات،یاخوود هەموو بەش وپێکهاتەی شوێنێکی دیاریکراو دەردەخات، بۆنمونە؛ خانوێک یان ئوتۆمبێلێک (شوان،2022،ل28).

iii. **گرتەی مامناوەندی درێژ** (Medium Long shots):

ئەم گرتەیە لە ئەنجامی یەکگرتنی نێوان گرتەی درێژ و گرتەی مامناوەند بەکاردێت بۆ وێنەگرتنی دیمەنی مرۆیی یان نا مرۆیی، لەگەڵ دەرخستنی باکگراوندی دیمەنەکە، ئەم گرتەیە لە ئاستی ئەژنۆ تا سەر دەبێت، لە هەندێک حاڵەت بەپێی پێویستی و مەبەستی دەرهێنەر وەردەگیرێت. ئەم گرتەیە پێی دەگوترێت گرتەی کاوبۆیی، هەروەها گرتەی ئەمریکی یان (هۆڵیۆد شۆت)یشی پێ دەگوترێت، چونکە ئەو گرتەیە لەفیلمە سینەماییەکانی ئەمریکا وەک جۆرە گرتەیەکی بەربڵاو زۆر بەکاردەهێنرا (المحنة،1988، ل224).

iv. **گرتەی مامناوەند** (Medium Shot):

ئەم گرتەیە بەپێی لاشەی مرۆڤ پێوانە دەکرێت لەسەرییەوە بۆ کەمەر وەردەگیرێت، بۆ بەستنەوە لەنێوان گرتەی گشتی و گرتەی نزیک بەکار دەهێنرێت لەگەڵ جێهێشتنی مەودایەکی بچوک لەسەرەوەی سەری کەسەکە. گرنگی ئەم گرتەیە لەوەدایە، وەک پردێک بەکار دێت لە نێوان

گرتەی دوور و نزیک؛ چونکە ناتوانین لە گرتەیەکی نزیک یەکسەر بێینە سەر گرتەیەکی دوور یاخود بە پێچەوانەوە، تەنها لە حاڵەتی دەگمەن و پێویست نەبێت (مؤنس،2006، ل294).

v. **گرتەی مامناوەندی نزیک یاخود پێی دەڵێن گرتەی سینگ** (Medium Clos up):

ئەم گرتەیە لە سینگی مرۆڤ تا سەری لە خۆدەگرێت. زۆربەی گرتەکانی لەمشێوە بۆ گفتوگۆی دوو کەس بەکاردێت. لەهەمان کاتیشدا دەرهێنەرەکانی سینەما گرنگی زۆر بەم گرتەیە دەدەن، لەبەر ئەوەی جیاوازترە لە میدیا، وێنەکە لە پێشترە یاخود نزیکترە (Heiderich, 2014, p6).

vi. **گرتەی نزیک** (Close up):

ئەم گرتەیە لەچاو گرتەکانی تر گەورەتر و نزیکتر دەبێتەوە لەو بابەتەی کە وێنەی دەگرین، قەبارەی ئەم گرتەیە سەری مرۆڤ بەتەواوی و تا گەردەنی لەخۆدەگرێت، یان تەنێک تەنها بەشی کۆتایی وێنە بگیرێت و نزیک بکرێتەوە. زۆرجار بۆ نیشاندانی شێوازی قسەکردن و هەستی کەسەکە ئەم گرتەیە بەکاردێ، ئەم گرتەیە بەکار دێت بۆ زەقکردنەوە بابەتێک لەناو دیمەنەکە (محمد،2019،ل،25).

vii. **گرتەی زۆر نزیک، یاخود پێی دەڵێن گرتەی ڕوخسار** (Big Close up):

ئەم گرتەیە لەڕووی نزیکییەوە زیاتر دەم و چاو بەدەردەکەوێت، زۆرجار هاوێنەی تایبەت بەکاردێت بۆ ئەم گرتەیە، پێی دەڵێن گرتەی خنکێنەر چونکە کادر هیچ بۆشاییەک ناهێڵێتەوە، چونکە ڕوخساری ئەکتەر یان بابەتەکە پڕ دەکات، لەم گرتەیەدا، زۆرجار بۆ نیشاندانی بیرکردنەوە و جوڵە و توڕەیی و ترس... هتد؛ بەکاردێت بۆ ئەوەی هەست و جوڵە و ڕەفتارەکان و، ڕوخساری کاراکتەرەکان دەربکەوێت. یاخود، گەر بابەتێک یاخود دیمەنێک بۆ زیاتر ناساندنی بابەبەتەکە بێت (حەمید،2003، ل90). ئەم گرتەیە وگرتەی پێشوو پێویستە لە ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنیدا زۆر بەکار بێت، چونکە بینەر هەست وسۆزی زیاتر دەجوڵێت وهەست بەنزیکی لە بابەتەکە دەکات (مطر، 2010، ل52).

viii. **گرتەی زۆرنزیک یاخود - گرتەی وردەکاری** (Extreme Clos up-Details Shot):

ئەم گرتەیە بەراورد بەگرتەکانی تر، نزیکترە و گەورەترین گرتەیە، جا چ دیمەنێک بێت یاخود وێنەگرتنی مرۆڤ بێت، بۆ نموونە تەنها چاو یان دەم و لوت وەردەگیرێت، واتە: گەر لەسەر مرۆڤ جێبەجێی بکەین، ئەوە لە چوار بەشی سەری مرۆڤ یەک بەشی وەردەگرین(سند،2009، ل94). بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1-1 ) بۆ روونکردنەوەی زیاتر لەسەر گرتەکان.

2. **جوڵەی کامێرا** (Camera Movment):

جوڵەی کامێرا بۆ ڕاست و بۆ چەپ و بۆ دواوە، بەبێ ئامانج و شارەزایی، گرتەکە تێک دەدات، دەبێت جوڵەی کامێرا بە شێوەیەک بێت کە هەستی پێ نەکرێت تاوەکو کار لەسەر بینەر نەکات؛ بۆیە لەکاتی شکاندنی هەر ڕێسایەکی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی پێویستە هۆکارێکی بەرچاو هەبێت.

ئەم خاڵانەی خوارەوە پێویستە ڕەچاو بکرێن بۆ جوڵەی کامێرا:

- پێویستە لەسەر دەرهێنەر خاڵی سەرەتای جوڵە دیاری بکات، لە کوێ دەستپێدەکات و لەکوێ کۆتایی دێت.
- پێویستە کامێرامان یارمەتیدەرێکی هەبێت.
- ئەگەر کامێرامان ناچار بوو لە بەکارهێنانی لێنزی گۆشە بچووک لەکاتی جوڵانی کامێرا، ئەوا پێویستە جوڵەکە بەشێوەیەک بێت نەبێتە هۆی لەرزینی کامێرا.

توێژەر لەو بڕوایەدایە، دەبێت بەپێی پێویست لەکاتی جوڵە ڕەچاوی کار و کاردانەوەی بابەتەکە بکرێ بەشێوەیەک کارەکە لەدەستپێکی جوڵە بێت باشترە و پاشان کاردانەوەکە، هەروەها لەکاتی ڕیکۆردکردن پێش دەستپێکی جوڵەی کامێرا بە لایەنی کەم سێ چرکە بووەستێ، پاشان دەستپێبکات، هەروەها لەکۆتایی جوڵەی کامێرا بەرلەوەی ڕیکۆردی کامێرا بکوژێنێتەوە دوو چرکە بوەستی لەجووڵە.

- لەڕووی خێرایی جوڵە، بەپێی بابەت و قەبارەی گەورەیی گرتەکان یان بەهەر شێوەیەک بێت پێویستە بینەر لە بابەتە وێنەگیراوەکە تێبگات نەک زۆر بەخێرایی بڕوات.
- لەرووی کاتەوە، هەرچەندە بابەت بڕیاردەدات، بەڵام وا باشترە هەر جوڵەیەک لە 8 چرکە تێپەڕ نەکات تا چاوی بینەر بێزار نەبێت.

ژمارەیەک جوڵەی کامێرا هەیە، کە هەر یەک لەو جوڵانە ماناو دەلالەت لە نزیکبوونەوەی وێنە دەکات، هەندێکیان پەیوەستە بە (جوڵەی هاوێنە) هەندێکی تریشیان بە (جوڵەی ستاندەوە) وابەستەیە و هەندێکی تریشیان شێوە و شێوازی (جوڵاندنی کامێرا) بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو دەبات. ئەم جوڵانە دەبێت دەرهێنەر و وێنەگر بە باشی لێیان تێبگەن و بیزانن بۆ ئەوەی ئامانج لە بەکارهێنانی جوڵەکە بەباشی بپێکێ.

جوڵەکانی کامێرا بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێت:

**أ-Zoom، دەکرێتە دوو بەش:**

- Zoom in: نزیکبوونەوەی چاوی کامێرایە بۆ سەر بابەتێک. واتە: لەگرتەیەکی گشتی دەست پێدەکات و هێواش هێواش نزیک دەبێتەوە و بە گرتەیەکی نزیک کۆتایی دێت. ئەم جوڵەیە لە ڕێگەی زوومی هاوێنەی کامێراکەوە ئەنجام دەدەرێت و کامێراکە ناجوڵێنرێت.
- Zoom out: دوورکەوتنەوەی چاوی کامێرا لەسەر بابەتێک. بە هەمان شێوە بە چاوی کامێرا دروست دەکرێت، بەڵام بە پێچەوانەی (Zoom in)، واتە: بۆ دوورخستنەوەی تەنەکە یان وێنەکە ڕووبەر و پانتایەکەی زۆرتر و فراوان تر بکات، زووم ئاوت بەکار دێت، کە هەندێک جار لە گرتەیەکی کلۆز ئەپدا دەتەوێت گرتەکە گەورە و دووری بخەیتەوە، دەیکەیتە گرتەیەکی دوور، دەتوانرێت بە هۆی زووم ئاوت ئەم گرتەیە دروست بکەیت (الحسن، 2013، ل152).

**ب-Tilt دەبێتە دوو جۆر:**

- Tilt up: جوڵەی ستوونی بۆ سەرەوە، واتا کامێرا لە خوارەوە و لە خاڵێکدا دەستپێدەکات بۆ سەرەوە تا خاڵی کۆتایی کە دەستنیشانکراوە، ئەم جوڵەیە لەکاتی بابەتە گەشبینیەکان ودیمەنەکانی سەرکەوتن بەکار دێت.
- Tilt Down: جوڵەی ستوونی بۆ خوارەوە، واتا کامێرا لە سەرەوە، لە خاڵێکدا دەستپێدەکات بۆ خوارەوە، تا خاڵی کۆتایی دەستنیشانکراو (مطر، 2010، ل11).

ئەم دوو گرتەیە، زیاتر لەو حاڵەتانە بەکار دەهێنرێت، ئەگەر بمانەوێت دوو بابەتەت لەناو یەک جوڵەدا بەیەکەوە ببەستینەوە، واتە: بۆ بەستنەوەی دوو بابەتی مانادار و ئامانجدار بەیەکەوە و ببێتە یەک مانا، لە ئێستادا ئەم جوڵەیە زۆر بەکار دێت بۆ کار وکاردانەوە، کاتێک هەر کارێک وێنە دەگیرێت ئەوە کاردانەوەکەش لەرێگەی ئەو جوڵەیە دەستنێشان دەکرێت (شلبي، 1988، ل85).

**ج-Pan دەبێتە دوو جۆر:**

- Pan Right: جوڵەی ئاسۆیی بۆ لای ڕاست، واتا: کامێرا چەسپاوە و لەخاڵێکەوە دەستپێدەکات، لە چەپەوە بۆ لای ڕاست.
- Pan Left: جوڵەی ئاسۆیی بۆ لای چەپ، واتا کامێرا چەسپاوە و لە خاڵێکەوە دەستپێدەکات لە ڕاستەوە بۆ لای چەپ (علی عبدالرحمن،،کارزان محمد، 2014).

مەرجەکانی بەکارهێنان بۆ ئەم جوڵەیە (قاسم، 2022،ل54).

- ❖ دەبێت سەرەتا و کۆتایی دیاریکراوی هەبێت.
- ❖ پێویستە خێرایی وهێواشی بەپێی بابەتەکە بێت.
- ❖ دەبێت وەڵامی هۆکار و دەرئەنجام بداتەوە.
- ❖ هەروەها پەیوەندی لە نێوان دوو بابەتدا هەبێت.

**د- Focus دەبێتە دوو جۆر:**

- Focus in واتە دیمەنی ئامانجدار و بەروونی دەرکەوێت.
- Focus Out: بەشێک یان تەواوی بەشی دواوەی گرتەکە ناروون

**هـ-Dolly: بۆ دووجۆر جوڵە دابەش دەکرێت:**

- Dolly in جوڵەی کامێرا بۆ پێشەوە، کاتێک کامێرا لەسەر دەستە یان لەسەر شاریۆیە یاخود ئۆزمۆ. وێنەگر بەکامێراوە بەرەو پێش دەچێت بۆ وێنەگرتن، بەڵام بێ ئەوەی زوومی هاوێنە بەکاربهێنرێت. سوودی ئەم جوڵەیە ئەوەیە کوالیتی وێنەکە تێک ناچێت وهەروەها بینەر واهەست دەکات خۆی بۆ بابەتەکە دەچێت، یاخود بۆ تێشک خستنە سەر بابەتێکی دیاریکراو.، هەروەها گەران بەدوای بابەتێکی گرنگ (قاسم، 2022، ل59).
- Dolly out جوڵەی کامیرا بۆ دواوە، کاتێک کامێرا لەسەر دەستە یان لەسەر شاریۆیە. کامێرا لەسەر بەرزکەرەوەیەک دادەنرێت کە پێی دەگوترێت (Crane) یاخود پێ دەڵێن (GM)، جوڵەی کامێرا فری و کراوەیە واتە دەتوانرێت هەموو جوڵەکانی کامێرا کە باسمان کرد بەکار بێت (بادیني،2010،ل24). جوڵەیەکی تر هەیە ئێستا لە وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی زۆر بەکار دێت، کەچی لە سەرچاوە زانستییەکان کەمترین ئاماژەی پێکراوە، ئەویش گرتەی (cut) لەوێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی ئاماژەیە بەو گرتەیەی کە کامێرای هیچ جوڵەیەک ناکات لەکاتی ڕیکۆردکردن واتە گرتەیەکی جێگیر بێ جوڵەیە. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1-2) بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر جوڵەکانی کامێرا.

3. **گۆشەکانی کامێرا**-(Camera Angle):

هەر گۆشەیک منای خۆی هەیە، پەیامنێر لەگەڵ وێنەگر دەتوانێت سوود لەگۆشە جیاوازەکان وەربگرن تا منای زیاتر ببەخشن بە دیمەنەکان و ئاسان بێت بۆ تێگەیشتن، گۆشەی یان ئاراستەی ئەو بابەتەی کە وێنەگر دەیەوێت وێنەی بگرێت، لەبەردەمییەوە یان لەلای ڕاستی یان لای چەپی سەرەوە یان خوارەوەی بابەتەکە، دەکرێت لەبواری وێنەگرتن بە گۆشەی بینین ناوی بنێین (السودانی،2020،ل135).ئەویش دەکرێت بەچەند بەشێکەوە، لەمانەی خوارەوەدا خۆیان دەبیننەوە:

أ. **گۆشەی زۆر نزم یاخود گۆشەی چاوی بۆق** (Frog Eye Angle): ئەم گۆشەیە زۆر نزمە بەشێوەیەک کە کامێرا بەزەویەوە دەلکێنرێت، ڕووی هاوێنەی کامێرا بەرەو سەرەوە ئاراستە دەکرێت، بەشێوەیەک چۆن بۆقێک سەیری تەنێک یان مرۆڤێک بکات لەسەر زەوی، ئاوا بەمشێوەیە وێنە دەگیرێت، مانای ئەم گۆشەیە لەوەدایە کەسەکە زۆر بەگەورەیی دەردەکەوێت، هەر بۆ نیشاندانی درێژی و گەورەیی بابەتەکان.

ب. **گۆشەی نزم** (Low Angle): کامێرا نزمە، واتە نزمتر لە ئاستی چاوی کارەکتەرەکە یاخود تەنەکە، بەڵام بەرزترە لەگۆشەی چاوی بۆق، ئەم گۆشەیە بۆ دروستکردنی کاریگەری درامی بەکار دەهێنرێت، ئەو بابەتانەی وێنە دەگیرێن بەپێی ی ئەم گۆشەیە، بەشێوەیەکی گەورەتر لە قەبارەی خۆیان نیشاندەدرێن (شهیب، 2004، ل56).

ت. **گۆشەی ئاستی چاو** (Eye Level): ئەم گۆشەیە واتە کامێرا لەئاستی چاوی کەسەکە دەبێت، واتە بەهەمان ئاستی چاوی کارەکتەر وێنە دەگیرێت، باوترین جۆرە گۆشەیەکە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێت بەگۆشەی بێلایەن ناودەبرێن(شوان،2020،ل30). ئەگەر لێدوان لە کەسێک وەربگیرێت، دەبێت لێنزی کامێرا لەئاستی چاوی کەسەکە دابنرێت، چونکە

هاوسـەنگی دروسـت دەکـات و بـابەتەکە یـاخود کەسـەکە وەک خـۆی نیشـان دەدرێـت (السودانی،2020، ل136).

**ث. گۆشەی بەرز** (High Angle): لەم گۆشـەیە لێنـزی کامێرا لە سـەروو ئاسـتی چاوەوەیە، واتـا سەروو ئاستی ئاسۆی بینین، کامێراکە ڕوودەکاتە خوارەوە و لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە وێنە دەگیرێت، ئەمەش لایەنی دەروونی ڕەچاو دەکات، بۆ نموونە: بۆ کەمکردنەوەی توانا و هێز و بـایەخی کەسـێک وەک تاوانبارێـک لەکـاتی لێکـۆڵینەوە بەم گۆشـەیە وێنـە دەگیرێـت، وەک کەسـێکی لاواز و دەروون ڕوخـاو و تێکشـکاو نیشـاندەدرێت (فەتحـولا،2016، ل28). ئەگەر وێنەکە بەم گۆشـەیە بگیرێت، ئەوا کەسـەکە بچـووک دەردەکەوێت یـان گرنگـی وهێـزی لای بینەر کەم دەبێتەوە (Jacob،2016 ).

**ج. گۆشەی ستوونی** لە سەرەوە بەرەو خوارەوە و بەپێچەوانەوە (Vertical Angle): ئەم گۆشـەیە بۆ ئەوە بەکاردێت ئەگەر بتەوێت وێنەیەک بگریت بەشێوەی ستوونی لەسەرەوە تا خـوارەوە یان بەپێچەوانەوە نیشان بدرێت. زۆربەی جار لەڕێگەی بەسـتنی کـامێرا لە کرێن و بەرز و نزمکردنەوەی کامێراکە ئەم گۆشەیە وەردەگیرێت، بۆ ئـەوەی بەرزاییـەک یـان شـوێنێکی نـزم نیشان بدات.

**ح. گۆشـەی زۆر بەرز، یـاخود پێیـدەڵێن چـاوی باڵنـدە** (Birds View Angle): ئەم گۆشـەیە لە بەرزاییەوە وێنەی بابەتێک یان کەسێک دەگیرێت، لە شـوێنە بەرزەکـان وێنە دەگیرێت، بـۆ نموونە لەسەر باڵەخـانە بەرزەکان یـاخود لەسـەر شـاخ یـان دار و ئۆتۆمبێلەکانی کرێن. ئەم جـۆرە گۆشـەیە لە دیـمەن و گرتەکـانی کـامێرای درۆن (Flaycam) بەدی دەکـرێن، یـاخود لەڕێـگەی هیلیکـۆپتەرەوە، ئامـانج لێـی دەرکەوتنـی هەمـوو دیـمەنەکە یـان بـۆ بەدەسـتهێنانی وێنەی گشتی شوێنێکە.

**خ.** گۆشەی لار (Canted Angle): لەم گۆشەیەدا کامێرا بەشێوەیەکی لار دادەنرێت، لەهەمان کاتدا ئاراستەی هاوێنەی کامێراکە بەرەو سەرەوە یان خوارەوە دەکرێت، تەنەکە یاخود دیمەنەکە بەشێوەیکی لار دەردەچێت (رستم،2008،ل92-93). بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1-3 ) بۆ روونکردنەوەی زیاتر لەسەر گۆشەکان.

**چوارەم: گرینگی جوڵە، گرتە، گۆشەکانی وێنەگرتن بۆ بینەر:**

وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی ڕێسایەکی دیاریکراوی هەیە کە دەبێت دەرهێنەر و وێنەگر بە باشی لێیان تێبگەن و بیزانن. کامێرا لە چاوی مرۆڤ دەچێت، دەبێت بزانرێت جوڵە و گرتە و گۆشەکانی کامێرا چۆنە، مەبەستدار بێت، بەبێ ئامانج و بێ شارەزایی گرتەکە تێک دەدات و چاوی بینەر ماندوو و بێزار دەکات هەروەها ڕیزبەندی گرتەکە لە مێشکی بینەر تێکدەدات. لەهەموو جوڵە و حاڵەتەکاندا پێویستە کامێرامان زۆر بەهێواشی و لەسەرخۆ جوڵە بۆ گرتەکان ئەنجام بدات، بە شێوەیەک بێت کە هەستی پێ نەکرێت؛ بۆ ئەوەی لەرزین دروست نەبێت و بینەر تووشی بێزاری نەکات پاشان سەرنجیان بۆ گرتەکان ڕابکێشێت.، لەکاتی شکاندنی هەر ڕێسایەکی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی پێویستە هۆکارێکی بەرچاو هەبێت، واتە: ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت بۆ بینەر، (حوسێن،2020،،54)، ئەو کاتەی کامێرا لەژێر دەستی وێنەگردایە، ئەو دەبێتە نوێنەر یان جێگرەوەی چاوی بینەران لەڕێگەی ئەو گرتە وجوڵە و گۆشانەی بینەرەکانت هەست بە سەیرکردنی دیمەنێک دەکەن(p6،2014،Heiderich)، بەکورتی بەکارهێنانی جوڵە وگۆشەی وگرتەی چەند ئامانجێکی دیاری کراو دەپێکیت بریتیە لە:

1. سەرنجی بینەر بۆ بابەتەکە ڕابکێشێت.
2. کۆنترۆڵی هەست و سۆزی بینەر بکا.
3. هەستێکی ئارام و دوور لە بێزاربوون بۆ بینەر دەستەبەر بکا.

4. چاوی بینەر بۆ بابەتێکی دیاریکراو ئاراستە بکا (عویس، 2019، ل109).

توێژەر پێیوایە، ئەم گۆشـە و گرتە و جولانەی کە باسکران هەر یەکە و گرنگی خۆی هەیە. بەپێی ئەو پێوەرانە دانراون، تا ببنە ئامراز و فاکتەرێکی گرنگ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەر و دانانی کاریگەری لە سەریان؛ بە ئامانجی دەستخستنی وێنەیەکی دروست و پرۆفیشنالانە تا ببێتە هۆی دروستبوونی بیرۆکە و ئاراستەیەکی دیارکراو کە نێرەر مەبەستیەتی، بەشێوەیەک بێت هەست و سۆزی بینەر بجولێنێت، ڕقی یا خۆشەویستیەکەی بەرامبەر بابەتەکە نیشان بدات، یان بابەتەکە ڕەت بکاتەوە. هەروەها ئەو پێوەرانەی باسکران، زۆر پێویستە وێنەگر و پەیامنێر و مۆنتێر وپرۆدیوسەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن شارەزایەکی تەواویان لێی هەبێت؛ بۆ ئەوەی پەیامی بەرهەمە تەلەڤزیۆنییەکە وەک خۆی بگاتە بینەر و ئەو مانایە بدات کە مەبەستیانە. هەروەها هەندێک پەیام و مانای هەیە لەرێگەی ئەم جولە و گرتە و گۆشانە دەکرێت کە هەرگیز بەتێکست و دەنگ ومۆسیقای هاوپێچ ئەو مانایە نابەخشێت.

# بەشی سێیەم

# ڕۆڵی وێنەی ڤیدیۆیی لە ڕاپۆرتی هەواڵی تەلەڤزیۆنی

## یەکەم: ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی

أ. جۆرەکانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی

ب. پێداویستیەکانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی

ج. - ئەرکەکانی راپۆرتە هەواڵ

## دووەم: وێنەگرتنی ڕاپۆرتە هەواڵ لە تەلەڤزیۆن

- **ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنی**

أ. نووسین بۆ وێنەی ڤیدیۆیی لەراپۆرتە هەواڵدا

ب. ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵ

ج. پێکهاتەی ستافی تەکنیکی کار لە ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا

- **پێوەرەکانی ڕاپۆرتێکی باش**

أ- ئینسێرت لەراپۆرتە هەواڵدا

ب-گرتەکانی لێکدانەوە یاخود بەستنەوە

ت-گرتەی لێدوان بۆ کامێرا

ث-چوارچێوەی وێنەی ڤیدیۆیی لە ڕاپۆرتە هەواڵ دا

## بەشی سێیەم

### یەکەم: ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی

ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنی، هونەرێکی ڕۆژنامەوانیە بۆ خستنەڕووی ڕووداوێک یا لێدوانێک لەگەڵ کۆمەڵێک زانیاری شیکاری بۆ ڕووداوەکە بە ڕێگەیەکی درێژەپێدراو و بابەتی (کەرکوکی، 2008،ل48). یاخود دەتوانین بڵێین یەکێکە لەو بەرهەمانەی تەلەڤزیۆن، تێیدا پەیامنێر بە پشتبەستن بەو دیمەنە ڤیدیۆییانەی تۆماری کردون ولەرێگەی کاراکتەرە پەیوەندیدارەکانی ڕووداوەکەوە، زانیاری دەخاتە ڕوو، بەشێوەیەک هیچ پرسیارێک بۆ بینەر جێناهێڵی، کە وەڵام نەدرابێتەوە (عبدالرحمان، 2019، ل82).

**أ. جۆرەکانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی:**

ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی چەندین جۆر لە خۆ دەگرێت لەگەڵ گەشەکردنی بەردەوام، لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆیی و پێشکەوتنی بەرچاوی تەکنۆلۆژیا، ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی بەرەو تایبەتمەندبوون پەل دەهاوێت، لێرەوە چەندین جۆر ڕاپۆرت هاتونەتە بوون، گرنگترینیان باس دەکەین لەوانە:

**1- ڕاپۆرتە هەواڵ:**

یەکێکە لەگرینگترین هونەرەکانی پێشکەشکردنی هەواڵ و زانیارییەکان بۆ بینەران بەشێوەکی ڕۆژانە و بەردەوام (مطاوع 2020، ل296)، هونەری گواستنەوەی کرۆکی ڕووداوێکە بەشێوەیەکی خێرا و توانایەکی زۆر بۆ گەیاندنی بەشێوەکی واقیعی، هەروەها خستنەڕووی ڕاستی و هۆکاری ڕوودانی ڕووداوەکانە بە شێوەیەک تیشک دەخاتە سەر وردەکاری و باکگراوەندی ڕووداوەکە و کاردانەوەی پشتی ڕووداوەکە(فتح الله، 2007، ل102).

ڕاپۆرتە هەواڵ بەپلەی یەکەم بایەخ بە خستنەڕووی ڕاڤەکردنی هەندێ گۆشە دەدات، یان لایەنی ڕووداوە هەنوکەییەکانی ڕۆژانە. لە تەلەڤزیۆندا بەزۆری بەکارهێنانی ڕاپۆرتی زیندوو دەبینرێت،

کـە ئـەویش ئـەو ڕاپۆرتانـە لـە خۆدەگرێـت؛ کـە جـەخت دەکەنـەوە لەسـەر وێنـەگرتنی زینـدووی پێشهاتەکان، زیاتر لەوەی گرینگی بە ڕاڤە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنیان دەدا (ئەبو زید،1999، ل214).

2- **ڕاپۆرتی وەسفکاری (باسکردن):**

ئـەو جـۆری ڕاپۆرتەیـە بـە دوای دەستنیشـانکردن (وێنـەگرتن) و وەسـفکردنی ڕووداوەکانـدا دەڕوات، واتـا: زیـاتر بایـەخ بـە وێنـەی ڕووداوەکـە و وەسفکردنی دەدات، نـەوەک ڕاڤـە و شـیکاری ڕاپۆرتەکە. لە ڕاپۆرتەکەدا بایەخ بە خستنەڕووی پێشینەکان دەدات بەشێوەکی بابەتیانە و بێلایـەن؛ لـە پێنـاو دەستنیشـانکردنی ڕووداوەکـان (کەرکوکی،2008،ل65)، ئەم جـۆرە ڕاپـۆرتە دەبێتە دوو بەش ڕاپۆرتێـک پەیوەسـت بە کـاتەوە، واتە: ڕیزبەنـدی کـاتی ڕووداوەکـان و پەیوەنـدی بەیەکەوە، جۆری دووەم پەیوەندی بەشوێنەوە، واتە ڕاپۆرتەکە بۆ ناسـاندنی شـوێنێک یا ناوچەیـەکی تایبـەت دەبێت، کـە بـە تایبەتمەنـدی هـەرێمی، یـا جـوگرافی و کلتـوری و دابونەریتـەکانی شـوێنەکە شـی دەکاتەوە (بیومي،2020، ل241).

1. ڕاپۆرتی گەشت و سەفەر: گواستنەوەی زانیارییە بەدەستهاتووە سەرنجڕاکێشەکانی هەواڵنێرە لە گەشتە جۆر بە جۆرە سیاسییەکان، بەسـەرکردنەوە، یـاخود لـە گەشـت و گوزارییەکانـدا بـۆ پەیام وەرگر، بابەتی سەرەکی ئەم جۆرە ڕاپۆرتەیە کە هەر لەکۆنەوە لە ئەدەبیاتی دێرینی ئەم وڵاتانەدا هەبووە.
2. ڕاپـۆرت لەسـەر بنـەمای وتـووێژ: ڕاپـۆرتی وتـووێژ یەکێکـە لەچەشـنەکانی ڕاپـۆرت، ئەگـەر تەوەری ڕاپۆرتەکە تایبەت بێت بە خـەڵک و ویسـت و داواکارییـەکانی، لـە ڕاپـۆرتەکەدا لەسـەر بنەمای وتووێژ کەڵک وەردەگیرێت (سدقی،2008،ل127).
3. ڕاپـۆرت دەربـارەی وتـاردان: مەبـەست لێـی ئـەو ڕاپۆرتەیـە کـە ڕۆژنامـەوان ئامـادەی دەکـات، دەربارەی وتارێکی گرینگ کە لێپرسراوێک لـە بۆنەیەکدا وتـاری داوە، ڕۆژنامەنووسـەکە پـەنا

دەباتە بەر ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەبەر درێژی وتارەکە، کە ماوەی بڵاوکردنەوەی هەموو وتارەکە نییە.

4. ڕاپۆرتی وێنەیی: مەبەست لە ڕاپۆرتی وێنەیی، پێشکەشکردنی وێنەیەک نییە کە ڕیپۆرتەرەکان لەکەسەکان، کەرەستە و شوێنەکان نیشان دەدەن؛ بەڵکو مەبەست لێی ڕاپۆرتێکە کە لە کونیلەی کامێرای وێنەگرانەوە بەرهەم هاتووە، لەم جۆرە ڕاپۆرتەدا ڕیپۆرتەر لەگەڵ هەستی بینینی بینەردا پەیوەندی هەیە.

5. ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە: ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە لەسەر بنەمای ڕاستی ئامار و لێکۆڵینەوە وەستاوە، بە پێچەوانەی ڕاپۆرتی وەسفی، کەپەیوەندی بە داهێنەری نوسەر و ڕیپۆرتەر هەیە؛ بۆیە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی ئاسایی کاتی زۆرتری پێویستە (گردە سۆری،2007، ل،35).

6. ڕاپۆرتی مەیدانی وێنەیی: ئەم جۆرە ڕاپۆرتە ئامادە دەکرێت لە لایەن پەیامنێر بەهاوکاری وێنەگرەکە، یاخود هەندێک جار ئەم کارە کۆدەکرێتەوە لەلایەن یەک کەسەوە، واتە: دوو کار لە ئەستۆ دەگرێت، لە لایەک پەیامنێرە، لە هەمان کاتدا وێنەگرە، پەیامنیر لەم حاڵەتەدا خۆی چاو و گوێ و قسەکەرە، ئەم ڕاپۆرتە ڕووداوەی کە ئامادەکراوە بەشێوەیەکی مەیدانی ئامادەکراوە.

7. ڕاپۆرتی زیندوو: ئەو ڕاپۆرتەیە کە بە شێوەیەکی زیندوو و ڕاستەوخۆ، وێنەی ڕووداوەکات دەگرێت، زۆر جار لە کاتی پەخشکردنی دا، خودی پەیامنێر زانیارییەکان کۆدەکاتەوە و شیکردنەوەی زیاتر بە وێنە بۆ ڕووداوەکان دەکات.

8. ڕاپۆرتی تۆمارکراو: واتە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری؛ بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەخش ناکرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی تۆرمارکراو، واتە: پێشەکی لە شوێنی ڕووداوەکە تۆماری دەکەن، دواتر لە بارەگای تەلەڤزیۆن مۆنتاژ و کاری لەسەر دەکەن، لە کاتی مۆنتاژکردندا، ئەو

گــرته و بابەتــانەی کە لەڕووی هــونەرییەوە گونجــاو نیــیە، یــاخود لەگەڵ سیاســەتی دەزگــا ناگونجێت لا دەبرێن، گەر پێویست بکات چەندین ڤیدیۆی ئەرشیفی یاخود کاریگەری دەنگی کە دەبنە تەواوکەری ڕاپۆتە هەواڵییەکە بۆی زیاد دەکرێ (قرداخي،2016، ل69).

9. ڕاپــۆرتی وەســفی: لە ڕاپــۆرتی وەســفیدا پێویســتە خــودی پەیــامنێر لە شــوێنی ڕووداوەکە ئامادەبێــت، بــۆ ئەوەی وەســف و شــیکردنەوە بــۆ ڕووداوەکە بکــات، وەک ئەوەی کە خــۆی بەچاوی خۆی دەبینێت.

10. ڕاپۆرتەکانی ڕاپرسیVOXPOP: ڕاپۆرتی ڕاپرسی ماوە کورتە، کە ئامانجیان دۆزینەوەی بۆچــوونی کۆمەڵێــک خەڵــکە ســەبارەت بە پێشــهاتێک یــان ڕووداوێکــی تــایبەت، چ لە لایەنــی لایەنگیریەوە بێت یان دژی هۆکار یان ڕووداوێک بێت کە لە ڕاپۆرتەکەدا ڕاپرسییان لەســەر کراوە (السعدي،2008، ل،48-49).

**له ڕووی جوگرافییەوە:**

1. راپۆرتی ناوخۆیی: ئەو ڕاپۆرتەیە کە ڕووداوێک، یان لێدوانێک، یان وەسفی شوێنێک، یان نێشاندانی کەسایەتییەکی ناوخۆیی دەخاتەڕوو.
2. ڕاپۆرتی هەرێمایەتی: ڕۆژنامەنووس لە ڕاپۆڕتێکدا ڕووداوێکی هەرێمایەتی دەخاتەروو، کە بابەتەکە لەو هەرێمە بڵاو دەبێتەوە.
3. ڕاپۆرتی نیودەوڵەتی: ئەو ڕاپۆرتانەی لەسەر ئاستی جیهان ئەنجام دەدرێن(کەرکوکی، 2008، ل66).

لە دوای دەرخستنی گرنگترین جۆرەکانی ڕاپۆرتە هەواڵییە تەلەڤزیۆنیەکان، تۆیژەر پێیوایە کە زۆربەی ئەو ڕاپۆرتە هەواڵیانە بە شێوەیەکی وا دەردەکەون، کە یەکێکن لە گرینگترین ئەو شێوازانەی لەناو ڕاگەیاندندا چارەسەری بابەتە گەرماو گەرم و هەنوکەییەکان دەخاتەڕوو، هەروەها شێوازێکی جیاوازە لەڕووی نیشاندانی ڕووداو و زانیاری، کە بەشێوەیەک کاریگەری هەیە لەسەر هەستی بیستن و بینین، پاشانیش کاریگەری بەسەر بینەرەوە دەبێت.

**ب. پێداویستییەکانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی:**

پێداویستییەکانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی لەچەند خاڵێکدا خۆی دەبینێتەوە:

- کەرەستەکان، زیاتر بەڵگەنامە تۆمارکراوەکان، چاوپێکەوتنەکان و تێبینییە کەسییەکان دەگرێتەوە، واتە: گێڕانەوەی وردەکارییەکان و سەرنجێکی دیاریکراوە، کە بەشێوەیەکی بابەتی دادەرێژرێت
- تێکست: کەسی ڕیپۆرتەر تێکست ئامادە دەکات و دەیخوێنێتەوەو لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەدا ئاوێتە دەکرێت، پێویستە لە کاتی ئامادەکردنی تێکست ڕەچاوی کاتی وێنە بکات و هاوسەنگی بپارێزێت و هەست و سۆزو لایەنی دەروونی خۆی تێکەڵ بە بابەتی ڕاپۆرتەکە نەکات تا لەگەڵ وێنەی ڕووداوەکاندا بەشێوەیەکی گونجاو هەماهەنگی دروست بکات (فەتحولا، 2016، ل12).

- دەنگ: لە ڕاپۆرتە هەواڵدا ڕەگەزێکی گرنگە، چەند جۆرێکن، وەک: (دەنگی سروشتی، دەنگی مرۆیی، کاریگەرییە دەنگییەکان، کۆمێنت (تعليق)، مۆسیقا، بێ دەنگی).

لێرەدا، دەتوانرێت هەریەک لەم ڕەگەزانە لەگەڵ یەکدا بەکاربهێنرێت، یان بەتەنها بەشێوەیەکی سەربەخۆ (عبدالنبی 2010،ل 258). کاتێک پەیامنێر تێکست دەنووسێت، پێویستە بخوێنرێتەوە، وا باشە نووسەری تێکستەکە بە دەنگی خۆی لە ژوورێکی تایبەت بیخوێنێتەوە، دەشکرێ ئەم کردارە هاوتا لەگەڵ پرۆسەی مۆنتاژ ئەنجامبدرێت، یان تۆمار بکرێت، دواتر لەگەڵ وێنەکان دابنرێ، لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەدا بەپێی پێویستی بابەتەکە هەروەها دەکرێت دەنگ ببێتە باگراوندی وێنە، یان وەک پردێک لەکاتی گرتەیەک بۆگرتەیەکی تردا بەکاربهێنرێت (عمر،2013، ل194).

- کۆکردنەوە لە سەرچاوەی سەرەکی خۆیەوە؛ لە ڕێگەی چاوپێکەوتن، بە پشت بەستن بە ئاڕاستە کردنی پرسیارێک یان دوو پرسیار بۆ هەر لایەنێک.
- ڕۆژنامەنووس پێویستی بە وێنەی ڤیدیۆییە بۆ پاساوی ڕاستی و دروستی و ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە، دەبێت ئارەزووی وردیی و بابەتی تێدابێت بۆ دارشتنی بابەتەکە.
- دەرکەوتنی تێکست بە گرافیک، لەگەڵ سەرەتای تێکستە خوێندراوەکان، مانەوەی تاوەکو کۆتاییەکەی، کە هەر هەمەڕەنگ کردنێک لە تێکستەکەدا نابێت لە پانزە چرکە زیاتر بخایەنێت (کەرکوکی،2008،ل50).
- پێویستە پەیامنێر لە ڕاپۆرتەکەدا، لەگەڵ ئەو کەسانە بدوێ کە پێویستە لەنێو ڕاپۆرتەکە قسەیان لەگەڵ بکات، بۆ ئەوەی هەرچی زۆرترە لە بارەیانەوە بزانێت و، لانی کەم دوایین قسە و هەڵوێستیان سەبارەت بە بابەتی ڕاپۆرتەکەت بزانیت.
- کۆبوونەوە لەگەڵ تیمی تەکنیکیدا: گرنگە لەگەڵ تیمی تەکنیکیدا کۆببێتەوە، تەنانەت ئەگەر یەک کەسیش بێت و ئەویش کامێرامانەکە (رحمان، 2016).

**ج.ئەرکەکانی راپۆرتە هەواڵ:**

1.راپـۆتە هەواڵ وەک ئـامراز و ژانەرکـانی تـری ڕاگەیانـدن کۆمەڵێک ئەرک لە خـۆ دەگرێت، ئەو ئەرکـانە بەکۆی دەنگـی زۆربەی تـویژەر و ئەکادمیەکـانی بـواری ڕاگەیانـدن بـووە، کە هـاوڕابوون لەسەر گرنگترین ئەرکەکانی ڕاپۆرتە هەواڵ، ئەو ئەرکانەش بریتین لە:

2. پێدانی زانیاری نوێ سەبارەت بە هەواڵێک یان ڕووداوێک، کە خـودی هەواڵ نـاتوانێ ئەو زانیـاریە بدات بە بینەر بە تەواوی.

3. تیشک خستنەسەر گۆشەی نوێ یان لایەنێکی تر لەڕوداوێکی ناسراو.

4. نیشـاندان و وێنەگـرتن و تۆمـارکردنی ئەزموونەکـانی پەیـامنێر لەگەڵ ڕووداو یـان ئەزمـوونی ئەو کەسانەی پەیوەندی بەرووداوەکەوە هەیە کە زۆرجار ڕێگە بە خەڵک دەدات بۆ خۆیـان قسـە بکەن و بە دەربڕینی خۆیان وێنای ڕوداوەکە وەک خۆی باس بکەن(السعدی،2008،ل44)

5. جەختکردن و ڕازیکردنی غەریزەی بە دواگەڕانی خوێنەر، هەر ئەوەش ڕۆڵێکی گرنـگ دەبینێت لە پێکهێنـانی ڕای گشـتی لە کـۆمەڵگەدا، لەبەر ئەوەشـە ڕاپۆرتـە هـەواڵ بـووەتە بەشـێکی گرنـگ لەسیاسەتی میدیایی (رەحمان،2010،ل44)

6. هەڵسـەنگاندنی داتـا و زانیاریەکـان، ئەویـش چ لە ڕێـگەی ئەو حـوکم و قسـە و دەرئەنجـام و گشتاندنانەی لەو کەسانە وەرگیراون، وەک: گەواهیدار لە ڕاپۆرتە هەواڵ، یاخود ئەو دەرئەنجامەی کە خودی پەیامنێر پێیگەیشتوە.

(د.فاروق ابوزید) بەو شێوەیە باسی ئەرکەکانی راپۆرتە هەواڵ دەکات:

1 .ئەرکی ڕاپۆرت وێناکردنی ڕووداوی ئـەو بـارودۆخە ژینگەیەی کە پەیوەندیان بە رووداوەکەوە هەیە.

2. دەرخستن و تۆمارکردنی ئەزموونە خودیەکان، چ ئەزموونی خودی نوسەرەکە، یان پەیامنێرەکە لەگەڵ ڕووداوەکە، یاخود ئەزموونی ئەو کەسانەی کە پەیوەندیان بە ڕووداوەکەوە

هەیە، ئەویش لە ڕێگەی ئەو کەسانەوە دەبێت کە بە ئازادانە قسە دەکەن و، باسی ڕووداوەکە دەکەن و گوزارشتی تەواو لە ڕێگەی پێدانی زانیاری زمانی جەستە واتە: روداوەکە وەک خۆی دەگێڕنەوە .

3. ئەرکێکی تری ڕاپۆرتە هەواڵ ئەوەیە کە وا لەوەرگر دەکات بچێتە ناو ڕووداوەکە، وەک: ئەوەی خۆی بەشدار بووبێت لە خودی رووداوەکە.

4. وێناکردنی پرۆسەی کێشمەکێشمی مرۆڤ لەگەڵ سروشت، مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگا، لەگەڵ نەخۆشی، یاخود مرۆڤ لەگەڵ خودی مرۆڤ لە پێناو ناوبانگ. (ابوزید ،1990، ل159-160)

.

## دووەم- وێنەگرتنی ڕاپۆرتە هەواڵ لە تەلەڤزیۆن:

1. **ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنی**

1. **نووسین بۆ وێنەی ڤیدیۆیی لەراپۆرتە هەواڵ:**

ئەوەی ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنی لە ژانرکانی دیکەی میدیایی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە لەگەڵ تێکستەکەدا وێنەی ڤیدیۆیی، تەواوکەری یەکترن.

ئەو دیمەنە ڤیدیۆیانەی وێنەگر بۆ پەیامنێر ڕیکۆردی دەکات، هەرچەندە کاریگەر و ئاشکرا و ماناداربن، هێشتا پێویستیان بە ڕوونکردنەوە و وەسفکردن و گێڕانەوەی تر هەیە، بەو پێیەی ئەو هێڵە چیرۆک ئامێزەی هەموو ڕاپۆرتەکە پێویستی پێیەتی، لە ڕێگەی گێڕانەوە (Narration) بە پلەی یەکەم بەرجەستە دەبێت، ئەو گێڕانەوەیەش هیچ نییە جگە لەو تێکستەی کەوا پێویستە پەیامنێر ئەو بنەما گرینگە لەیاد نەکات، لەکاتی نووسینی تێکستی دیمەنە ڤیدیۆییەکاندا (عبدالرحمان،2019،ل89). یەکێک لە گرنگترین کارامەییەکانی پەیامنێری تەلەڤزیۆنی بریتییە لە (TV SENSATION)، هەستی تەلەڤزیۆنی، واتەپەیامنێر ئەو هەست و رۆشنبیرییەی لابێت درک بەوە بکات کام وێنە تەلەڤزیۆنی بەهێزە لەراپۆرتەکەی نیشان بدات. هەروەها بزانێت گرنگی بۆ بینەر چییە؛ چونکە بنەمای تەلەڤزیۆن وێنەیە (مطر،2010، ل9).

لە سەردەمی خێرایی تەکنەلۆجیای ئێستادا وێنە لە نووسین زۆر کاریگەرترە، پەیامی وێنە لە نووسین زۆر خێراترە، لەسروشتی مرۆڤیشدا بینین کاریگەری زیاترە لە بیرکردنەوە و پێداچوونەوە، واتا ئەوەی بە چاو دەبینرێ لە دەقی خوێندنەوەکان باشتر لە هۆشی مرۆڤدا دەمێنێتەوە(Squiers ,2014 ,256).

نووسین بۆ وێنە، بەو مانایە دێت: سەرەتا پێویستە گرتەی وێنەکان بە شێوەی ڕێزبەند و شوێن و زەمەنی ڕاپۆرتەکە مۆنتاژ بکرێت. دواتر، ئەو زانیارانەی کە وێنەکان ناتوانن بیگەیەنن بە

تێکست، زانیارییەکان دەخرێنەڕوو بۆ بینەر؛ بۆیە ئەو گرتانەی زانیاری دەبەخشن پێویست ناکات لە تێکست ئاماژەی بۆ بکرێت.

بەم پێودانگە، پرەنسیپی نووسین بۆ وێنە (Writing to Picture ) بە سەرماندا دەیسەپێنێت، لیستێک بۆ وێنەکان و ماوەکانیان؛ لەبەرچاو بگرین و دەبێت لەگەڵ هەر گرتەیەکدا نووسینی لەگەڵ دابنرێت. لە ڕووی ناوەرۆکەوە ماوەکە بۆی گونجاوبێت. ئەگەر گرتەکە (5)چرکە بوو، پێویستە بە ئەندازەی سێ (3) چرکە تێکستی لەگەڵ بێت؛ چونکە ڕەنگە بینەر گوێی لە دەنگەکان نەبێت، لەوکاتەدا تێکست ڕوونکردنەوەی بابەتەکەیە بۆ ئەوەی دەنگەکە ون نەبێت، ڕەنگە بینەر گوێی لێ نەبێت.

چیرۆکە هەواڵیەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بۆ گوێی بیسەر دەنووسرێت، نەک بۆ چاوی خوێنەر، پەیامنێرانی کەناڵی تەلەڤزیۆن دەبێت دەقێک بنووسن کە بتوانرێت بینەر لەگەڵ ڤیدیۆکە بگونجێت، بە دەنگی بەرز بخوێندرێتەوە، ڕوون بێت، دەبێت بە زمانێکی سادە بنوسرێت، کە بە ئاسانی درکیان پێ بکرێت؛ بۆیە نووسەرانی پەخش دەبێت لە نووسینی ڕاپۆرتەکانیان ڕستەی کورت بنووسن؛ تاوەکو بێژەر بتوانێت بە دەنگێکی بەرز و بەبێ وچان بیخوێنێتەوە، دەکرێت لە چیرۆکی هەواڵیدا ڕۆژنامەنووس بڵێت: "پیاوەکە بە بارهەڵگرێکی جۆری تۆیۆتای سور هەڵهاتووە بەپێی قسەی پۆلیس"؛ بەڵام لە پەخشدا ئەو کەسەی ئیقتیباسەکەی دراوەتە پاڵ لە پێشەوە دێت وەکو: "بەپێی قسەی پۆلیس پیاوەکە بە بارهەڵگرێکی جۆری تۆیۆتای سور هەڵهاتووە". لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە نووووسینە لەگەڵ ئاوازی قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵکدا گونجاوە (محەمەد،2010، ل132-133).

بۆ ئەوەی بزانین وێنەی جوڵاو چەند گرنگە، کاتێ کامێرا وێنەی لاپەڕەی کتێبێک نزیک دەخاتەوە، بیسەر و بینەر لە خوێندنەوەی دەقی چیرۆکەکە، دیدی بینەران بەسەر وێنەی ئەو قولایەوە دەگیرسێتەوە، کە بۆ ڕوونکردنەوەی دەقەکە دانراوە (Lester, 1995، p 416 )،

سادەترین یاسای نووسین بۆ وێنە ئەوەیە نووسەر یان پەیامنێری تەلەڤزیۆن پەنا بۆ هیچ گرتەیەکی ڤیدیۆیی نەبات؛ کە مەبەستی بێت تەنها بۆشایی پڕ بکاتەوە، هەروەها نابێت هیچ وشەیەک بنوسێت ئەگەر دڵنیا نەبێت لەوەی کە وێنەی گونجاوی لەگەڵدا نییە، واتە تەنها بۆ پێویستی ئەو وێنانەی کە لەبەر دەستیەتی بنووسێت، ئەوەش پێویستی بە تێبینیەکی ورد هەیە، لەلایەن وێنەگر، بۆ گەڕان و سەیرکردنێکی قوڵی ئەو وێنانەی لە کاتی وێنەگرتن بۆ ڕاپۆرتەکە گیراوە، یاخود ئەو وێنانەی لەلایەن سەرچاوە جیاوازەکان، کە دەتوانیت بەدەستی بێنێت لەلایەن سەرچاوە تایبەتەکان، هەروەها پێویستە نووسەر یان پەیامنێری تەلەڤزیۆن، تێبینی وردی لە هەموو ڕەهەندەکانەوە هەبێت، بۆ هەر گرتەیەک کە بەنیازە بەکاری بهێنێت، ئینجا بەستنەوەی هەموو ئەو گرتانە بەیەکەوە کە لەگەڵ تێکستەکە دەگونجێن، بۆ ئەوەی مانای تەواو بدات بە وێنەکە، پێویستە گرتەکان زۆرکورت بنووسرێن، لە ماوەی ئەو گرتە ڤیدیۆیانەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هەیە، وا باشتر تێکستەکە ماوەکەی لە نیوەی کەمتر بێت سەبارەت بەڤیدیۆیەکە (عەبدالله،2016،ل100-101).

هەر کارێکی تەلەڤزیۆنی بەرهەم بێت، ئەوە سەرەکیترین توخمی وێنەی جوڵاوە، یاخود پێی دەڵێن وێنەی زیندوو، هەروەها بەهەمان شێوە لە ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنیشدا، وێنەی جوڵاو هەمان ڕۆڵ دەبینێت، ئەگەر هاتوو تەنها تێسکت بێت ئەوە لەبنەڕەتدا نابێتە ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی، لە وانەیە بۆ ڕادیۆ گونجاوتر بێت، ڕەخنەگرەکان وای دەبینن ئیستا زۆربەی کارە تەلەڤزیۆنییەکان تەنها بۆ ڕادیۆ گونجاوە، واتە نەگەیشتۆتە ئاستی کاری تەلەڤزیۆنی، چونکە لە نووسینی تێکستەکان وێنەی ڤیدیۆیی فەرامۆش کراوە، واتە بۆ وێنە نەنووسراوە (الزاویتی، 2011،ل65).

توێژەر پێیوایە: لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵدا، هەردوو توخمی وێنە و تێکست گرنگن بۆ ئەوەی پەیامی خۆیان بگەیەنن. هەروەها دوو ئامرازی دانەبڕاون لەگەڵ یەکتر، واتا: تەواوکەری یەکترن، دوو رووی یەک دراون، بەو مانایەی: لە ڕاپۆرتە هەواڵدا وێنە و تێکست بەبێ یەکتر

گونجاو نین و گەر بەیەکەوە نەبن هیچ کاریگەری و مانایەک نابەخشن. هاوکات، ڤیدیۆش بەتەنها لەگەڵ تێکستەکە گونجاو نییە، لەگەڵ ڤیدیۆکە مانا دەدات؛ بەڵکو پەیامەکە بە ئاقارێکی دیکەدا دەبات، دوورە لە مەبەستی سەرەکی؛ بۆیە باشترین کار ئەوەیە کاتێک پەیامنێر لەگەڵ وێنەگر دەچنە دەرەوەی دەزگا، بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنی، پێویستە هەردوو تووخمی وێنە و تێکست هاوڕێک بەرجەستە بکەن.

جگە لەوانەی باس کرا توێژەر پێیوایە بۆ نووسینێکی باش بۆ راپۆرتە هەواڵ پێویستە وێنەگر بزانێت مەبەستی پەیامنێر چیە لەو ڕاپۆرتە هەواڵە. پێویستە پەیامنێر لە نزیکەوە لەگەڵ وێنەگر بێت، لەکاتی وەرگرتنی گرتەکان و، هەڵبژاردنی گۆشەکان، باشترە پەیامنێر خشتەیەک دروست بکات لەسەر کاغەز، لە تێبینیەکانی (نۆوت)ی مۆبایلدا ئاماژە بەوە کرابێت چ جۆرە وێنەیەک پێویستە بۆ ڕاپۆرتەکەی و، چۆن پێکیانەوە ببەستێتەوە؛ تا بەکەمترین کات و کەمترین گرتە پەیامەکە بگەیەنێت.

### 2. ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵ:

بە هۆی سەرقاڵی مرۆڤەکان بە کاروباری ژیان و زۆری بابەت و بڵاوکراوە میدیاییەکان، پسپۆران و ئەکادیمیەکانی بواری میدیا، بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو بابەتانەی لەتەلەڤزیۆنەکان بڵاو دەکرێنەوە زیاتر کورت و پوخت بکرێنەوە. هاوکات، ڕاپۆرتە هەواڵیش لە ئێستادا بەشێکە لەو بابەتانەی کە بەراورد بە ڕابوردوو گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتووە.

بەپێی بەدواداچوونی پسپۆڕە نێودەوڵەتیەکان لە بواری ڕاگەیاندنی تایبەت و ئەوانەی پسپۆرن لە بواری ژانرەکانی هەواڵ، کۆکن لەسەر دیاریکردنی ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ڕاپۆرتە هەواڵ، ناتوانرێت لەو ماوەیەی دیاریکراوە ڕاپۆرتە هەواڵەکە درێژتر بێت، کاتێک ماوەکەی درێژبوو ئەو کات، ئەو تایبەتمەندیەی کە هەیەتی لە دەستی دەدات، وەک هونەرێک لە هونەرەکانی هەواڵی میدیایی (دیلاهای،2016،ل9). ئەمەش بەپێی ئەو یاسایانەی کە بەرکارە بۆ دیاریکردنی ڕاپۆرتە

هەواڵ، بۆ ئەوەی بە کەمترین کات زانیاری و ڕاپۆرتە هەواڵییەکان بە بینەر بگا، بەبێ ئەوەی بینەر تووشی بێزاری ببێت، بۆیە ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵ لە نێوان (1:30 بۆ 2:30) خولەکدا دەبێت، تەنها لە کاتی زۆر پێویست و دەگمەندا نەبێت کە (3) خولەک درێژ دەکرێتەوە، لە (01:30) یەک خولەک و سی چرکە، لەوە درێژتر بە ڕاپۆرتێکی گونجاوی نازانن بۆ هەواڵەکان.

ئەکادیمیای BBC ئەم ستانداردەی داناوە و بەم شێوەیە دابەشی کردوە، پێویستە ئەوانەی ڕاپۆرتە هەواڵ ئامادە دەکەن پابەندی ئەم ڕێنمایانە بن.

أ. پێشەکی ڕاپۆرتە هەواڵ 25 چرکە دەبێت.

ب.هەر بڕگەیەک پێویستە لە 20 چرکە زیاتر نەبێت، بەشێوەیەک ئەگەر هەر بڕگەیەکت بەکارنەهێنا، کاریگەری نەبێت لەسەر مانای ڕاپۆرتەکە.

ج. دەنگی سروشتی، زۆر پێویستە دەستپێکی ڕاپۆرتەکە بۆ ماوەی 3 تا 5 چرکە بە دەنگی سروشتی دەستپێبکات پێش ئەوەی دەنگی پەیامنێر بێت.

د. دەرکەوتنی ئەوکەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت لە 20 چرکە زیاتر نەبێت، واباشتر ئەوەش بکرێتە سێ بڕگە (عەبدالله،2016،ل114).

توێژەر پێیوایە ئەم دابەشکردنە زۆر باش و گرنگە؛ بەتایبەت بۆ ئەوانەی کەوا سەرەتا هاتونەتە نێو ئەم بوارە، بەڵام مەرج نییە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، پەیامنێری شارەزا و بەئەزموون دەتوانیت ئەم یاسایانە بشکێنێت؛ بەڵام دەبێت ئامانجداربێت، تەنانەت دەتوانرێت پێچەوانەی ئەو یاسایانە کاری لەسەر بکرێت؛ بەڵام بۆ هەرکارێک لەو جۆرە دەبێت مەبەستێکت هەبێت. ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵ نابێت کەمتر بێت لەو کاتەی کەوا یاساکە بۆی داناوە، بۆ ئەوەی نەهێڵێت بینەر دووربکەوێتەوە لە سەیرکردنی، هەروەها شێوازێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی لەسۆشیال میدیا بە ئاسانی بڵاوبکرێتەوە و سەرنجی زۆرترین بینەر بۆ خۆی ڕابکێشێت.

### 3. پێکهاتەی ستافی تەکنیکار لە ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا:

کاری تەلەڤزیۆنی کارێکی بەکۆمەڵە، بە واتایەکی تر: کۆمەڵەیەکی بەهێزی مرۆیی کە هەر یەکەیان ئەرکێکی خۆی هەیە و بەشدار دەبن تا بابەتێک بەرهەم بهێنن. لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتە هەواڵدا چەندین ڕەگەزی مرۆیی بەشداری دەکەن و بە کۆی هەوڵ و ماندوبوونیان بەرنامەیەک یان ڕاپۆرتە هەواڵێکی تەلەڤزیۆنی بەرهەم دەهێنرێت، بەشێوەیەک هەریەکە لەلای خۆیەوە بەشێکی ئەرکەکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی و بەکاری بەیەکەوەیی هەموویان بەرنامەیەک بەرهەم دەهێنن. وەک تیمێک کار لەسەر ڕاپۆرتە هەواڵ دەکەن؛ بۆ ئەوەی بە شێوەی هونەری و پیشەیی دیاریکراو بکرێت، گرنگترین ئەو کەسانەی کە لە کاری بەیەکەوەیی بەژدارن ئەمانەی خوارەوەن.

1. پەیامنێر: کتێب و سەرچاوە زانستییەکان بە شێوازی جۆراوجۆر پێناسەی پەیامنێر دەکەن. هەندێکیان پێیان وایە پەیامنێر ئەو میدیاکارە یان ئەو ڕۆژنامەنوسەیە، کە ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی کاری بۆ دەکات و دەینێرێت بۆ دەرەوەی وڵات، تا هەواڵ و زانیاری وڵاتان کۆبکاتەوە و دایبڕێژێتەوە و پاشان بیگوازێتەوە لەرێگەی ئامرازێکی ڕاگەیاندن بۆ وڵاتەکەی خۆی. هەندێکی دیکە، پێیان وایە پەیامنێر: هەواڵ و زانیاری کۆ دەکاتەوە لە ناو وڵاتی خۆی و، لەڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە هەواڵەکان دەگوازێتەوە بۆ بینەرەکانی (قرداخي،2016،ل77)، یان دەکرێت بڵێین: پەیامنێری تەلەڤزیۆنی "ئەو کەسەیە کە لەرێگای سوود وەرگرتن لە زانیاری سەرەتایی دەربارەی ڕووداوێک و بەکارهێنانی ئامێری دەنگ؛ هاوتەریب لەگەڵ وێنەیەکی گونجاو لایەنە شاراوەکانی ڕووداوێک دەخاتە بەرچاوی بینەران. لەراستیدا، بەم شێوەیە وردەکاریەکانی ڕووداوێک لەرێگای دەنگ و وێنە و خوێندنی دەقی ڕاپۆرت بۆ بینەران دەگوازێتەوە (عباسي، 2020، ل68). پەیامنێری تەلەڤزیۆنی یەکەم کەسە لە تەلەڤزیۆن دەگاتە ناوەندی ڕووداوەکان وهەواڵەکان بۆ بینەر دەگوازیتەوە لە گۆشە جیاوازەکان،

لەیەکەم سـات ڕووداوەکە بە هەمـوو وردەکـارییەوە بـۆ چـاو وگـوێ ی بینـەر دەگـوازێتەوە (خزعل،2015،ل9).

2. وێنەگر (Cameraman):ئەو کەسـەیە کە بەرپرسیارە لە کارپێکردنی کامێرا و، تۆمـارکردنی دیمەنەکان لەگەڵ پاراستنی فۆکەسی وێنەکە و، کادری کامیرا. هاوکات، هاوسـەنگی ورِونـاکی ناو کامێرا رێک دەخات، وێنەگر ئەو کەسـەیە کە بۆ هەموو ئەو گۆشە و گرتە ودیمەنانەی کە دەرهێنەر یان پەیـامنێر بڕیـاری لەسـەر دەدات وێنـەیان دەگرێت، ئـەمیش بـەپێی نـاوەرۆک و ئامانجی پرۆگرامەکە، یـاخود سیاسـەتی تەلەڤزیـۆنەکە. هەڵبـەت، وێنەگر بـە بەشـێک لـە هێـزە مرۆییەکانی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆن، هەژمار دەکرێت (عویس 2019، ل121).

وێنەگـر ئەو کەسـەیە کە بەرپرسـە لە جـوڵەی کـامیرا و کـۆنترۆڵکردنی لێنـزی کـامێرا، ئـەو بەرپرسە لە چەندیەتی وێنەگرتنی گشت ئەو کادیرانەی کە ئەو وێنەی دەگرێت. لەهەمـان کاتـدا، ئەو دەتوانێـت وێنەگـرتن بوەسـتێنێت، لەکـاتی هەسـت کـردن بەهەر هەڵەیـەک، ئەمەش بەهەمـاهەنگی لەگەڵ دەرهێـنەر و بەرێـوەبەری نووسـین، لەلایـەکی دیکـەوە، وێنەگـر لەڕێـگەی کـامێراوە وێـنە دەگرێـت، (کـامێرا) ئەو ئـامێرەیە کە بە هـۆیەوە هەمـوو بیـر و بۆچوونەکانمـان دەخـاتە سـەر شاشـە و، خەڵـک دەتـوانێ بەهـۆی وێنەکانمـانەوە ڕاو سـەرنج و بۆچونەکانمـان ببینن؛ بۆیە کامێرا ئەگەر هەمـوو کارەکە نەکات ئـەوا بەشـی زۆری کـارەکە دەکـات (مەنسـور، 2010، ل13 ).

3. یاریدەدەری وینەگرCamera Assistant: یاریدەدەری وێنەگر ئەو کەسـەیە کە وێنەگر زۆر پێویسـتی پێیەتـی، بـۆ نمـوونە کاتێک وێنەگر دەیەوێت بگەڕێتەوە دواوە، لەکـاتی وێنەگرتنـدا یاریدەدەرکە هاوکـاری دەکـات، یـاخود هەڵگرتنـی سـتاند-ترایپـۆدی کـامێرا یـان کەلوپەلەکـان. لە زۆر حاڵەتدا، یاریدەدەری وێنەگر بیرۆکە بە وێنەگر دەدات؛ بەمەبەستی دۆزینەوەی بـابەت

و گۆشــەی زیـاتر؛ کە لەوانەیە وێنەگر بە هـۆی سـەرقاڵ بونیـەوە بە وێنـەگرتن هەسـتی پـێ نەکات.

4. بەرێوبەری وێنەگرتن:کاری بەڕێوبەری وێنەگرتن، گواستنەوە یان دیدگای دەرهێنەرە بۆ سەر شاشە، ئەو بەرپرسە لە چەندیەتی و چۆنیەتی وێنە لەکاتی وێنەگرتندا، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بڕیـاردان لە نەخشـاندنی شـوێنی وێنەگـرتن و شـێوازی وێنەگرتنەکـە، هەروەهـا بەرپرسـە لە گۆشـەکانی وێنەگـرتن و، هەڵبژاردنـی لێنـزی کـامێرا و ڕوونـاکی؛ بەهەمـاهەنگی لەگەڵ وێنەگر (دیلاهـای،2016،،ل34) لە ئێسـتادا، بەڕێـوبەری نووسـین ڕێنمـایی بە وێنەگـرە مەیـدانییەکان دەدات، کە زیـاتر چ گۆشـە و جـوڵە و جـۆرە وێنەیـەک باشـە، واتە: نەخشـە ڕێگاکـە نیشـانی وێنەگر دەدات.

5. مۆنتیر: سەرەتا با بزانین مۆنتاژ چیە؟ وەک چەمک مۆنتـاژ بریتییە لە پرۆسـەی ڕێکخسـتنی کەرەسـتەکانی بەرهەمهێنـان (وێـنە، دەنـگ، تێکسـت)، لە ڕێـگەی کـۆکردنەوە و، ڕێکخسـتن و، دروسـتکردن؛ یـاخوود ڕەتکـردنەوە و لابردنـی هەنـدێکیان، مۆنتـاژکردن گرنگتـرین قۆنـاغی بەرهەمهێنـانی تەلەڤزیـۆنییە. زاراوەی مۆنتـاژ لە (Montage)ی فەرەنسـییەوە هـاتووە، واتە: (بـــڕین و، کـــۆکردنەوە و، ڕێکخســـتن و، هەمـــاهەنگی) لـــە نێـــوان گرتەکـــان (عبدالرحمان،2016،،ل12).

ئەو کەسـەی بەم کـارە هەڵدەسـتێت پێـی دەڵـێن مـۆنتێر، لە زمـانی فەرەنسـی واتـا (Monteur)، مـۆنتێر ئـەو کارمەندەیـە کـە هەڵدەسـتێت بـە ڕێکخسـتن و مۆنتـاژ (Montage)کردنـی مـادە خامــەکانی وێنەگــر، واتــە ئــەو گرتــە و، وێنانــەی کــە کامێرامــان تۆمــاری کــردوون، مــۆنتێر ڕیزبەنـدییان دەکـات؛ بـەپێی یاسـاکانی مۆنتـاژکردن و، بـەکارهێنانی شـارەزایی و ئـەزموون و هونەری خـۆی لـەم بوارە؛ وێـرای بـڕین و فڕێدانی ئـەو گرتـە و وێنانـەی کـە سـودیان نییـە و زیادەن (Rabiger،2009، p15)، مۆنتاژ یەکێکە لـە گرنگتـرین بەشـەکانی تەلەڤزیـۆن؛ چـونکە

ڕێکخستن وجوانکاری بابەتە ڤیدیۆییەکان بۆ ئەوەیە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەربکەویت (سعيد،2014، ل232).

6. بەرهەمهێنەر (Producer):بەشێوەیەکی گشتی بەرپرسە لەبەڕێوبردنی بەرهەمێکی دیاریکراو، زۆر جار سەرپەرشتیار و هەڵبژاردنی ستاف لە ئەستۆ دەگریت؛ وێڕای یەکلایکەرکردنەوەی سکریپت و دیاریکردنی بەرهەم. هاوکات، بەشێوەیەک لەشێوەکان لە زۆرینەی کاتەکان وێنەگرتن و وەستانی پەیامنێر دیاری دەکات (Squiers ,2014 ,285)..

توێژەر پێ ی وایە ئەو هێزە مرۆییانەی باسکران، هەریەکەو ئەرکێکی تایبەت بە خۆی هەیە لەراپۆرتە هەواڵدا، هەر یەکەیان بیرۆکەیەکی هەیە و هەموویان بەیەکەوە بەشدار دەبن؛ بۆ ئەوەی راپۆرتە هەواڵێکی تەلەڤزیۆنی پڕ بەرهەم بە بینەران ببەخشن. لە ئێستادا، بەشێک لەوەی ئاماژەی پێکرا لە هەندێک تەلەڤزیۆن گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، واتە: یاریدەدەری وێنەگر نیە. لێرەدا، پرۆدیوسەریش دەتوانێ بەپێی هەواڵەکە وێنەکان دەست نیشان بکات و، مۆنتاژیان بکات، نابێت وێنەکان لەگەڵ هەواڵەکە نەگونجێن؛ لێرەدا وێنەکان بەپێی سیاسەتی کەناڵەکان ڕێکدەخرێن. لەلایەکی دیکەوە، هەموو ئەو کەسانەی باسمان کردن، دەبێت لە مانای دیاریکردنی وێنەگرتن وگرتەی کامێرا بگەن؛ بە شێوەیەک وێنە و گرتەکان گونجاو بێت لەگەڵ بابەتی نمایشکراو.

## 2. پێوەرەکانی ڕاپۆرتێکی باش:

هەروەک چۆن لە دروستکردنی باڵەخانەیەک پێویستیمان بە مرۆڤی شارەزا و پسپۆڕ و ئامێر و کەرەستەی تایبەت هەیە. بەهەمان شێوە، ڕاپۆرتە هەواڵیش پێویستی بەچەند شتێک هەیە. ڕاپۆرتە هەواڵ لە چەند بەش پێکهاتووە. بێگومان وەک چۆن لە باڵەخانەیەک دەرگا و پەنجەرەو، ژووری نووستن و، میوانخانە و، چێشتخانە و... هتد هەن و پێداویستی مرۆڤ دابین دەکەن و وادەکەن کە مرۆڤ ژیانێکی خۆشیان تێدا بەسەر ببات و چی دیکە پەنا بۆ شوێنێکی دیکە نەبا. بەهەمان شێوە، لە ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنیش ئەگەر خاوەن پێکهاتە و بەشی شیاو و کارامە بێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و بابەتی ڕۆژ؛ ئەوا وەرگران پەنا بۆ ناوەندێکی دیکەی هەواڵنێری نابەن.

بە واتایەکی دیکە: ڕاپۆرتە هەواڵ دەبێت وەڵامدەری پێداویستی وەرگران بێت لە بواری زانیاری بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش، کە بینەر ساتێک سەیری دەکات لێی دانەبڕیت و لە گەڵی بژیت. ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنی لە ڕووی هونەرییەوە دەبێت بە شێوەیەک لە تەنیشت یەکتر دابنرێن کە تەواوکەری یەکتر بن. ئەگەر ئەو هەنگاوانە لەکات و ساتی خۆیدا و، بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ بخرێتە بەر چاوی بینەران، ئەوە دەزگاکە و خودی پەیامنێر لە گەیاندنی پەیامەکە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە (بدیعی،2013،ل149). ئەم هەنگاوانەی باس کران لەرێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجی دەکرێن:

### 1. ئینسێرت لەراپۆرتە هەواڵدا:

وێنەی تەلەڤزیۆنی ڕەگەزێکی گرنگ و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنی و ڕۆماڵی هەواڵەکان، ئامانج لێی تێرکردنی حەز و پێداویستییەکانی وەرگرە لە بەشداریکردنی خودی ڕووداوەکان، بەلایەنی کەم لەڕێگەی بینینی ڕووداوەکان وەرگرتنی زانیاری لە دەورووبەری، ئەویش لەڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە. سروشتی مرۆڤ وایە بڕوا بەو بابەتانە دەکات کە بەچاوی خۆی دەبینیت زیاتر لەوەی کە دەیبیستێت یان بۆی دەگێردرێتەوە؛ بۆیە وێنەی

تەلەڤزیۆنی باشترینە بۆ تێرکردنی حەز وپێداویستییەکانی وەرگری پەیامەکە (قرداخی، 2016، ل72).

راپۆرتە هەواڵ پێویستە بە شێوەیەکی هونەری و زانستی ئامادەبکریت؛ تا ئامانجی خۆی بپێکێت، پێویستە مۆنتێرەکە، بە باشی لەلایەنی هونەری و دانانی ئینسێرتەکانی ڕاپۆرتە هەواڵ بزانێت؛ چونکە مۆنتاژکردن دڵ و ڕۆحی هەموو بەرهەمێکی تەلەڤزیۆنییە، بەبێ بوونی ئەم پرۆسەیە دیمەنە ڤیدیۆییەکان، ژمارەیەک گرتەی تۆمارکراوی بێ پەیام و بێ تەشویق دەبن (yorke..2013,.p25). بەر لەوەی باسی ئێنسێرتەکان بکەین، پێویستە سەرەتا بزانین ئینسێرت چیە؟

ئینسێرت (Insert): بریتیە لەچەند گرتەیەکی جیاوازی دیمەنێکی دیاریکراو، هەموو بەرهەمێکی تەلەڤزیۆنی لە ژمارەیەک ئینسێرتی جیاواز پێکدێ، هەتاکو ژمارەی ئینسێرتەکان، زیاتر بن، لەکاتی مۆنتاژکردنی بەرهەمەکاندا زیاتر کۆمەکی بەرهەمەکان دەکات، جوانترینیان لێ هەڵدەبژێردرێت (عبدالرحمان، 2019، ل36).

لەم ڕووەوە، پێویستە پەیامنێر و مۆنتێرەکان و وێنەگرەکان بزانن لەرووی ستاندارده جیهانییەکان و بۆ بەکارهێنانی ئینسێرتەکان لە ڕاپۆرتە هەواڵدا ئەم شێوازەی خوارەوە باشترینە، کە بریتیە لە:

- لە سەرەتای ڕاپۆرتەکە بە گرتەی (Establishing Shot) واتە گرتەی (بونیادنەری ڕاپۆرت)، یان پێی دەڵێن دەستپێکی ڕاپۆرتی هەواڵی، ئەویش لەڕێگەی (EXTREM LONG SHOT). لێرەدا، پێویستە دەنگی سروشتی لەگەڵ بێت (زاویتی، 2016، ل54).
- دواتر ئەگەر بۆ شوێن بوو گرتەی میدیەم (Medium Shot) بەکار دێت، بەڵام ئەگەر مرۆڤ بوو ئەوا گرتەی میدیەم لۆنگ شۆت بەکاردێت (Medium Long shots).

- باشـترە لـە گرتـەی سـێیەمدا کلۆزئەپ بـەکاربێت (Close Up) بـۆ شـوێن و ڕووداوەکـان. بـۆ ئـەوەی ڕیزبەنـدی درامـی لـە ڕاپۆرتەکـە بـەدی بێـت و بینـەر بـابەتەکە بناسـێتەوە. هەڵبـەت، بەکارهێنانی ئەم گرتەیە زۆر گرنگە؛ چونکە هەموو ئەو کاردانەوانە نیشان دەدات کە لە دەم و چاو و ڕوخساری مرۆڤدا دەردەکەوێت و، بینەریش حەز بەم ڕیزبەندییە دەکات.
- لەرووی جـوڵەی کـامێراوە، بەزۆری گـرتەی (Cut)، واتە: بـێ جـوڵە، پاشـان گرتەکـانی پـان (Pan- Left-Right) بـۆ ئەو بابەتـانەی کە دەمانەوێـت بیبەسـتینەوە تێلـت ئەب و داون وەربگـرین، هەروەهـا واباشـترە جوڵەکـان لەنـاو ڕاپـۆرتە هەواڵەکـان هەبێـت بەپێـی بـابەت و دیمەنەکە؛ بەڵام هەر جوڵەیەک پێویستە مانای تایبەتی خۆی هەبیت و زیاتر مانا بەخش بێت، هەروەهـا لەحـاڵەتی کەم و دەگمەن دەتوانـدرێ سـوود لە (Zoom In-Out) ببینرێت (محمد، 19،2021).
- کاتێک گرتـە کەسیەکان بـەکاردێت، گرنگە بـە هـەمان شـێوە لـە گرتـەی یـەک کەسـی دواتـر دوو کەسی، پاشان سێ کەسی و دواتر چوار کەسی، پاشان گروپ و دواتر جەماوەر بـە کـار بێت (صادق، 2012، ل65).
- لە کـاتی بـەکارهێنـانی گرتـە کەسـییەکاندا پێویسـتە قەبـارە و پێوانـەکانی گرتـە لەسـەر کەسـەکان جێبەجێ بکرێت، وەک: کلۆز ئەپ و، بیگ کلۆز ئەپ و، ئیکستریم کلۆز ئەپ؛ بۆ ئەوەی لە کاتی پێویسـت ڕوخسـاری کەسـەکان بـۆ بینـەر بگوازرێتـەوە؛ یـاخود ئەگـەر پێویسـت بـوو جوڵـەی کەسەکان بەدەرکەوێت (عبدالعزیز،2013،ل194).
- ناکرێت دوو گرتەی بەیەک پێوانە لە یەک گۆشە و بە یەک چوارچێوە لە دوای یەکتر بەکار بێت، چونکە وێنەکە بازدان (جەمپ) دەردەچێت و نا ئاسودەیی بەبینەر دەبەخشێت.
- لە هەر کۆبوونەوە و دیمانەیەک دەکرێت کەسەکە یان چالاکییەکە لـە نـاو خـانوو بێت، پێویسـتە سـەرەتا پێش ئەوەی گرتـەی ژوورەوە نیشـان بـدرێت، گرتـەی خانووەکە نیشـانبدرێت، پاشـان

وێنەی کۆبوونەوە، یاخود ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێت. دواتر، ئەگەر لە خانوو و باڵاخانەکە وێنەگرەکە دەرچوو ناکرێت جارێکی تر گرتەی ناو باڵاخانەکە نیشان بدات و بگەڕێیتەوە شوێنی پێشووی واتە دەبێت بەشێوەی لۆژیکی بێت، ئەو گرتە و دیمەنانەی کە باسمان کرد پێویستە وێنەگر شارەزایی لێ هەبێت و هەموو ئەو دیمەن و گرتانە بگرێت کە باس کرا (عبدالنبی،2010، ل240).

2. **گرتەکانی لێکدانەوە یاخود بەستنەوەیی (اللقطات الوصلية ):**

- گرتەی هێمایی (اللقطة الرمزية): ئەم گرتەیە زۆر گرنگە بۆ ڕاپۆرتە هەواڵ، بە گرتەیەکی 3 چرکەیی کۆمێنتی 30 چرکەیی پەیامنێر کەم دەکاتەوە، زیاتر مانابەخشە. بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1-11ب).
- گرتەی لێکدانەوە(Cutaway): ئەم گرتەیە دوو گرتەی جیاواز بەیەکەوە دەبەستێتەوە بێ ئەوەی بینەر هەست بە پچڕان بکات لەبابەتەکە. بۆ نموونە: پێش چاوپێکەوتن یان دوای چاوپێکەوتن چەند گرتەیەکی پەیامنێر و ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکات، بەیەکەوە قسە دەکەن، یاخود وێنەگرتنی ئەو کەسەی لە شوێنی کارکردنی خۆی دانیشتووە و خەریکی کارەکانی خۆیەتی، ئەم گرتانە لەکاتی مۆنتاژ سوودی لێ دەبینرێت؛ بەتایبەت بۆ نەهێشتنی جەمپ، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1-4).
- گرتەی (Cut In): ئەم گرتەیە بۆ بەدیهێنانی زیاتری کاریگەری و ورووژاندن لە ڕووی درامییەوە بەکاردەهێنرێت؛ تاوەکو بینەر بگوازێتەوە بۆ ناو مەیدانی ڕووداوەکان. شێوازی وەرگرتنی ئەم گرتەیە بەشێکی نزیک وەردەگیرێت، جگە لەدەم و چاو، وەک: هەردوو دەست یان هەردوو قاچ (محمد، 2016، ل27). بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1-4ب).

❖ تویژەر پێیوایە، ئەو گرتانەی باسکران مانای ئەوە نییە گرتە و گۆشەی تر کە باس نەکراون لەراپۆرتە هەواڵ بەکار ناهێنرێت، بەڵکو لەحاڵەتی پێویست و ساتێک مانای تایبەت دەبەخشێت ئەوا بەکار دەهێنرێت.

3. **گرتەی لێدوان بۆ کامێرا یاخود پێی دەڵێین** (Stand Upper To Camera):

مەبەست لێی ئەو دیمەنەیە، کە پەیامنێر خۆی لە نێو ڕاپۆرتەکە دەردەکەوێت، بەشێوەیێکی مەیدانی. لەفەرهەنگی میدیایی بریتانی پێ دەگوترێت (Stand Upper) (عبدالرحمان، 2019، ل89). ستاند ئەپ، وا باوە کە بخرێتە کۆتایی ڕاپۆرتەکەوە؛ بەڵام لە ستایڵی نوێی تەلەڤزیۆندا دەکرێت وەک لکێنەرێک لەنێوان بەشە جیاوازەکانی ڕاپۆرتەکە دابنرێت، هەر لەبەرئەوەیە زۆرکەس پێیان باشە گرتەی دیالۆگ لەگەڵ کامێرا لەناوەڕاستی ڕاپۆرتەکەدا بێت، لەوبارەیەوە زۆرکەس ناوی دەبات بە ،(Bridge)؛ واتە: پرد، بۆیە پێی دەڵێن پرد؛ چونکە بەشەکانی ناو ڕاپۆرتەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە (الحسن،2013،ل127).

لە ستاند ئەپ پێویستە چەند خاڵێک ڕچاوە بکریت:

1. زاڵ و لەسەرخۆبوون: گرنگترین بابەتی بۆ پێشکەشکردنی ستاند ئەپ، زاڵبوونی پەیامنێرە لەسەر بابەتی ڕاپۆرتەکە.
2. بەکارهێنانی زمانی جەستە: لە کاتی پێشکەشکردنی ستاند ئەپ دابەشکردنی وزەی کەڵەکەکراو لە زماندا، بەواتایەکی دیکە لە مێشکدا و گواستنەوەی بۆ بەشەکانی دیکەی لەش، وەک: سەر، دەست و دەم و چاو و بەکارهێنانی لەکاتی دەربڕینی وشەکاندا.
3. بەکارهێنانی باگراوندی شیاو: باگراوندی ستاند ئەپ ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگی هەیە لە گواستنەوەی چەمک و زانیاری دەربارەی بابەتی ڕاپۆرت بۆ وەرگران.
4. هاوئاهەنگی نێوان باگراوند و ناوەرۆکی ستاند ئەپ (تیۆری 50% ـ 50%): بەواتایەکی دیکە: وێنەی باگراوند لە لەستاند ئەپ نابێت بە شێوەیەک دەستنیشان بکرێت، کە ببێتە هۆی ئەوەی

بینەر سەرنج نەدات بە ناوەڕۆک، یان ئەو دەقەی پێشکەش دەکرێت. وێنەی هەڵبژێردراو بۆ باگراوندی ستاند ئەپ دەبێت تەواوکاری ناوەڕۆکی ستاند ئەپ بێت و، کاریگەریان هاوسەنگ بێت (بدیعی،2013، ل150). بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1-11).

4. **چوارچێوەی وێنەی ڤیدیۆیی لە ڕاپۆرتە هەواڵدا:**

بەشێکی تر لەلایەنی هونەری وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی ڕەچاوکردنی چوارچێوەی وێنەیە. ئا لێرەدا، بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوان و کاریگەر بە بینەر ئاشنا بکرێت و گرتەیەکی تەواو بەدی بێت؛ پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە وێنەگرتندا پەیڕەو بکرێت:

1. بۆشایی سەر (Head Room): زۆربەی کات کە مرۆڤ وێنە دەگرێت بۆشایەکی کەم لە بەشی سەرەوەی (سەر) بە جێ دەمێنێت، ئەو بۆشاییە پێی دەڵێن مەجالی سەر، هەموو گرتەیەک دەبێت بۆشایی لە نێوان سەرو چوارچێوەکەیدا هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو بۆشاییە نەبێت، وێنەکە لە یاسای زمانی وێنە لای داوە نارێک دەبێت. بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1-7أ ).

1- چاو: پێویستە لە وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی چاوی مرۆڤ هاوسەنگ بێت، دوو لەسەر سێی سەرەوەی شاشەکە بێت.

2- دەم: دەمیش وەک چاو ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە گەیاندنی پەیام، دەبێت گرتەکان بەجۆرێک بگیرێت بینەر بە تەواوی جوڵانەوەی لێو ببینێت.

2. ئاراستەی بینین (Looking Room): بۆشایی مەودای سەیرکردن یەکێک لە چوارچێوەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی. ئەگەر کەسێک لە ناو چوارچێوەکە قسەی دەکرد، بەڵام کامیراکە ڕووبەڕووی نەبوو ئەوا دەبێت بۆشایەکی زۆر بەجێبهێڵێت بەئاراستەی بینینی کەسەکە (نەک لە پشتی سەری)، واتە: کارەکتەرکە ڕووی دەم و چاوی لەکام لابوو ئەوا زیاتر بۆشایی دەخەینە ئەو ئاراستەیەی کە سەیر دەکات، ئەوە پێی دەڵێین بۆشایی

قسەکردن(مەنسور،2010، ل83). بروانە پاشکۆی ژمارە(1-11ب). نابێت بە هیچ جۆرێک میوان سەیری هاوێنەی کامێراکە بکات. پێویستە ئەوەی پێبگوترێت (رەحمان،2015).

3. شێوازی وەستانی وێنەگر-گرتەی سەر شان: واتە وێنەگر کامێراکەی لە پشت یان تەنیشت شانی پەیامنێر جێگیر بکات؛ بۆ ئەوەی کارەکتەرەکە دەم و چاوی ئاراستەی کامێراکە بێت نەک پێچەوانەکەی، بەومانایەی: کارەکتەرەکە لەگەڵ پەیامنێر ڕووبەڕووی یەکێکی دیکە دەبێتەوە، ئەمە پێی دەڵێن، (OverThe Shoulder Shot) (.(Hellerman ،2019)،بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1-6).

4. لەکاتی چاوپێکەوتن-گۆشەی ئاستی چاوە پێ ی دەڵێن (Eye-Levl Shot): ئەگەرهیچ مەبەست و ئامانجێکی دیارکراو نەبێت ئەوا باشترین شێوەیە ئەگەر کامێرا لەئاستی چاوی ئەو کەسە بێت کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێت، واتە کامێراکە لەڕووی بەرزی و نزمیەوە لەئاستی چاوی ئەو کەسە جێگیر دەکەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەی. بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1-5).

5. شێوازی ڕاوەستانی پەیامنیر، وا باشترە لەراپۆرتە هەواڵ پەیامنیر لەکاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ کارەکتەرەکان، شانی نزیک بێت لە کامێرا، گەر لای دەستە ڕاستی نزیک بوو لەکامێرا ئەوە بەدەستە چەپ مایک بگرێت و پێچەوانەوەکەشی دروستە. بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1-5).

هاوکات، چەند خاڵێکی تریش هەیە پێویستە ڕەچاو بکرێت؛ بۆ ئەوەی بەپێی پێوەر و ستانداردە جیهانییەکان ڕاپۆرتە هەواڵێکی باش بەرهەم بێت:

ا. یەکبوونی بابەت، واتە پەیامنێر پێویستە لەراپۆرتە هەواڵدا یەک بابەت بکاتە تەوەری کارکردنی خۆی، بەومانایەی یەکبوونی بابەتەکە بپارێزێت، بەو پێیەی ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵ دیاریکراوە و ناکرێت زیاتر لەبابەتێک ڕووماڵ بکرێت.

ب. رستەی کورت، ڕستەی کورت هاوکاری پەیامنێر یاخود ئەو کەسەی ڕاپۆرتە هەواڵ دەخوێنێتەوە دەکات؛ بۆ ئەوەی هەناسەیەک هەڵمژێت لە نێوان 3 بۆ 5 چرکە، هەر ئەو کاتەیە کە بینەر پێویستی پێیە؛ بۆ ئەوەی هەناسەیەک هەڵمژیت.

پ. هەناسەدانی وێنە، نێوان هەر هەناسەدانێکی دەنگی پێویستە وێنەی ڤیدیۆیەکەش هەناسە بدات، هەناسەدانی وێنە بریتیە لەو دەنگە سروشتییەی کە هاوپێچە لەگەڵ ڤیدیۆکە.

ت. دابەشکردنی بۆ چەند بڕگە (Sequence) یەکێک لە ڕێزبەندییەکانی دیکە، ڕیزبەندی لۆژیکییە، بە واتای ئەوەی بەشێوەیەکی لۆژیکی بڕگەکان دابەش بکرێت. لە هەر بڕگەیەک نێوان 15 تا 20 چرکە، هەر بڕگەیەک بابەتێکی پەیوەندیدار باس دەکریت یان ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو.

ج.بەکارهێنانی گرافیک، پێویستە گرافیک بەکاربێت بۆ زیاتر ڕوونکرنەوەی ژمارە و داتاکان، ئەنجامەکانی ڕاپرسی و هەڵبژاردنەکان، واتە: هەرشتێک کە ئەستەمە بەنووسین ڕوونبکرێتەوە (قرداخي، 2016، ل71).

چ.ڕێزبەندی لۆژیکی، پێویستە لەڕووی کاتەوە بەیەک ئاراستە بڕوات، لەکۆنەوە بۆ نوێ، یان بە پێچەوانەوە. ڕێزبەندی کاتی، بۆئەوەی وێنەکان پابەندی ڕێزبەندی کاتی بن نابێت لە شەو دەست پێ بکەن و بە ڕۆژ کۆتایی بێت، بەڵکو بە ڕۆژ دەست بە وێنەگرتن بکرێت و شەو کۆتایی بە وێنەگرتن بێت. بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1-7ب).

ح. بەردەوامی، واتە پێویستە وێنەی ڤیدیویی دیمەنەکانی بەشێوەی بەردەوامی لۆژیکی دەربکەوێت، واتە: کەسێک لەسەر قاچەکانی هەڵساوە، دیمەنی دواتر دەرکەوتووە دانیشتوە بێ ئەوەی گرتەیەک ناوەندی هەبێت، ئامانج لەم حاڵەتە (Jumping یان Faux raccord )، واتە: بازدان دروست دەبێت.

خ.شێوازی زنجیرەیی، پێویستە گۆڕینی گرتەکان بەشێوی زنجیرەیی بێت، یەک لەدوای یەک بێت، گرتەکان تەواوکەی یەکتربن، وەک لەپێشوتر باسمان کرد، نابێت بینەر هەست بە بۆشایی وجیاوازی زەق لە نێوان گرتەکان بکات، بۆ نموونە: ناکرێت گرتەی کەسێک نیشان بدەین دەرواتە دەرەوە، پاشان گرتەی هەمان کەس هێشتا لەماڵەوەیە. بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1-7ب).

د.بەهای هەواڵی، دوورکەوتنەوە لەو وێنانەی کە بەهای هەواڵی تێدا نییە یان گونجاو نییە لەشاشە نیشان بدرێت.

ر.گرینگیدانی زیاتر بەسەرەتا و کۆتایی ڕاپۆرت، چونکە سەرەتاکەی سەرنجی وەرگر ڕادەکێشێت و کۆتایەکەش هەست وسۆز جێدەهێڵیت.

ڕ.باکگراوند، لەو شوێنەی چاوپێکەوتنەکەی تێدا ئەنجام دەدەیت، بە دوای باگراوندێکی گونجاودا بگەڕێ کە پەیوەندی بەبابەتەکەوە هەیە، یان نزیک بێت لەبابەتەکە، تا بکرێت باکگراوندەکە دیوار نەبێت.

ز.ئاسانکاری بۆ تیگەیشتن، ڕاپۆرتە هەواڵی باش ئەوەیە بابەتەکان ئاڵۆز نەکات؛ بەڵکو شتە ئاڵۆزەکان سادە بکاتەوە بە زمانێکی ساکار پیشکەشی بینەرانی بکات. (البقالي،2022،ل92-93).

ئەوەی پێویستە بگوترێت، جگە لەمانەی سەرەوە کە باس کران، توێژەر پێیوایە چەند بابەتێکی تر هەن سەبارەت بە لایەنە هونەرییەکانی وێنەگرتنی ڕاپۆرتە هەواڵ.: لەڕووی کوالێتی وێنەگرتن، باشترە کوالێتیەکی باش هەبێت جا ئەمە چ بەکامێرای ڤیدیۆیی یاخود لەڕێگەی مۆبایل، لەڕووی هاوسەنگی ڕەنگەکان (وایت بلانس) ژمارەی پێوانەی ڕەنگەکان جێگیر نییە، بەپێی کات وشوێن دەگۆڕێت، گرنگ ئەوەیە زۆر ڕووناک نەبێت کە دیمەنەکان نائاسایی دەربکەون و، زۆر تاریک نەبێت بەزەحمەت وێنەکان ببینرێن.

# بەشی چوارەم

# لایەنی مەیدانی توێژینەوە

### تایبەت بە پێوەرە هونەریەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی لە راپۆرتە هەواڵدا

## یەکەم: ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە

1. دیاریکردنی یەکەکانی شیکاری
2. دیاریکردنی دەستەکانی شیکردنەوە
3. پێوەری ڕاستی شیکردنەوەی ناوەرۆکی توێژینەوە
4. ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان

## دووەم: بەتاڵکردنەوەی و شیکردنەوە و خستنەرووی زانیاریەکان

- خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوەکە
- خستنەڕووی زانیاریەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکە

## سێیەم: ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

# بەشی چوارەم

## یەکەم: ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی ئامانج و گرنگییەکەی لەوەدایە، توێژەر بەشێوەیەکی زانستی لەڕێگەی ڕێکارەکانی توێژینەوەی زانستی پلەبەند دەبێت پێیەوە، بۆیە چەند ڕێکارێکی مەیدانی هەیە کە بریتین لە:

### دیاریکردنی یەکەکانی شیکاری:

ئەو توێژینەوانەی ئەم میتۆدە بەکاردەهێنن، یەکەیەکی شیکردنەوە یان زیاتر دیاری دەکەن، وەک یەکەکانی (بیرۆکە، ڕستە، بڕگە، کەسایەتی)، بەڵام بەوپێیەی ئەم توێژینەوەیە تایبەت بوو بە شیکردنەوەی ئەو وێنە ڤیدیۆیانەی کە لەراپۆرتە هەواڵ بەکار هاتووە، ناوەرۆکی توێژینەوەکە وێنە و بینینە نەک نووسین، بۆیە یەکەی گرتەی وێنەیی پشتی پێبەستراوە، گرتە وەرگیراوەکان کە هاوتەریب و هاوشێوەی یەکەی بڕگە و ڕستەیە لە بواری شیکردنەوەی دەقە نووسراوەکان شیکردنەوەیان بۆ کراوە؛ چونکە لە ڕێزمانی زمانی سینەمادا دەگوترێت (گرتە یەکسانە بە وشە)، واتە: هەر گرتەیەک وشەیەکە و ئامرازەکانی پەیوەندیش، ئەو کارتێکەرانەن کە گرتەکان پێکەوە گرێ دەدەن.

### دیاریکردنی دەستەکانی شیکردنەوە:

دەستەکان بەگوێرەی میتۆدی شیکردنەوەی ناوەرۆک دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکییەوە، یەکەمیان وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە (چی گوتراوە) کەتایبەتە بەخستنەڕووی بابەتی ئەو ناوەرۆکانەی شیکار دەکرێن، دووەمیان وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە (چۆن گوتراوە) کە تایبەتە بەخستەڕووی ئەو شێوازەی کە ناوەرۆکەکەی خراوەتەڕوو، زیاتر پەیوەستە بەفۆڕمی ناوەرۆکەوە، ئەم توێژینەوەیە پشتی بە جۆری دووەم بەستووە کە تایبەتە بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە دەڵێ (چۆن گوتراوە) بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە شێوازی وێنەگرتن دەخاتەڕوو، واتا ئەو وڵامەی داوەتەوە کە چۆن وێنەگرتنی ڤیدیۆیی بۆ ڕاپۆرتەکان کراوە.

**پێوەری ڕاستی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوە:**

ژمارەی تەواوی بڕگەکانی پێوەر = 133

ژمارەی پسپۆران = 7

بەم شێوەیە کۆی گشتی بڕگەکان= (ژمارەی بڕگەکانی پێوەر× ژمارەی پسپۆران)

ژمارەی بڕگەکانی پێوەر= 133×7 =931

ژمارەی بڕگە دروستەکان= 899، ژمارەی بڕگە نادروستەکان= 9

ڕاستی گشتی پێوەر= کۆی گشتی بڕگە دروستەکان ÷ کۆی گشتی بڕگەکانی پێوەر× 100= 899 ÷ 931 × 100= 96.56

پێوەری ڕاستی بە یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی توێژینەوە دادەنرێت، پێویستە لە ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکدا گرنگی پێبدرێت، کاتێک کەرەستەی توێژینەوەکە بە دروست دادەنرێت، کە کەرەستە پێویستەکان پێوانە کرابن، هەروەها ڕاستی یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە کاتێک توێژەر هەڵبژێردراوەکانی دادەنێت، یان کاتێک فۆرمی ڕاپرسی و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە ئامادە دەکات، (ابراهيم، 2000، ل43).

ڕاستی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵوێستێکی دیاریکراو دانراوە، جا هەڵسەنگاندنەکە لەوانە ڕاستگۆ بێت بۆ مەبەستێکی دیاریکراو یان هەڵوێستێکی دیاریکراو و ڕاستگۆ نەبێ بەرامبەر هەڵوێستێکی تر، لێرەدا چەندین جۆر ڕاستگۆییمان هەیە، ئەمە بە گوێرەی ئەو مەبەستەی هەڵسەنگاندن و پێوەرکردنی بۆ بەکاردەهێنرێت (المنير و العتوم، 2010، ل152).

دوای ئامادەکردنی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک کە لە (133) پرسیار پێکهاتبوو، توێژەر بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستی، ئەو فۆرمانەی بەسەر شارەزایان(*) دابەش کرد، مامۆستایانی ڕاگەیاندن، دواتر شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن فۆرمەکەیان هەڵسەنگاند بە چەند سەرنج و تێبینیەک، دەستیان کرد بە لابردن و زیادکردنی و گۆڕینی بڕگەکان فۆرمەکە کە بە تێڕوانینی خۆیان پێویست بوو، مایەوە (128) پرسیار، دوای ئەنجامدانی کاری ژمێریاری بۆ فۆرمەکە بریتی بوو لە (96.56%)(**) ئەمە مانای وایە ڕاستی فۆرمەکە ژمارەی ڕێژەیەیی وەرگرتووە.

**سامپڵی توێژینەوە بریتییە لە ڕاپۆرتە هەواڵی کەناڵی (NRT) ئاسمانی و کەناڵی کوردستان24.**

کەناڵی ئاسمانی کوردستان24 سەر بەدامەزراوەی (کوردستان24) لە ٢٠١٥/٥/٣١ پەخشی ئاسایی خۆی دەستپێکرد. سەرچاوەی پاڵپشتی و داهاتی کوردستان24، کەرتی تایبەتە، وەک کۆمپانیایەکی میدیایی مۆڵەتی کارکردنی بەپێیی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ هەیە. بۆ بەڕێوەبردنی، لەڕێگەی کۆمپانیایەکی هاوبەش، پاڵپشتی دارایی دەکرێ و بەشێکی خەرجییەکانی دابینەدکرێ. بەشەکەی دیکەی داهات لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕیکلام دابینی دەکا، بارەگای سەرەکی لە شاری هەولێرەو، لە زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستان و جیهان نووسینگەی هەیە، (سعید، 2022، ل86-87). لە دوای دامەزراندنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (10ی تەمموز/ یۆلیۆی 2019)، وەک میدیای نیمچە حکومی کار دەکات. پابەندی سیاسەتی حکومەتە، بایەخ

---

(*) ناوی شارەزایان و پسپۆرانی هەڵسەنگاندانی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

1. پ.د هێرش ڕەسول مەولود/ ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە/ زانکۆی پۆلیتەکنیک/ سلێمانی .
2. پ.ی.د. بەهات حەسیب قەرداخی/ ڕاگەیاندن/ تەلەفزیۆن/ زانکۆی پۆلیتەکنیک/هەولێر.
3. د.سامان جلال مولود/ ڕاگەیاندن/ ڕادیۆ، تەلەفزیۆن / زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
4. پ.ی.د.کاروان محمد حسن/ راگەیادن/ تەلەفزیۆن/ سکۆلی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
5. پ.د.حەکیم عوسمان/راگەیاندن/ تەلەفزیۆن/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/تەلەفزیۆن.
6. پ.ی. د.عبدالخالق ئیبراهیم/ راگەیاندن/رۆژنامە/ زانکۆی پۆلیتەکنیک/هەولێر.
7. پ.ی.د. رزگار مغدید/ ئاماری پراکتیکی/کارگیری وئابوری / زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

(**) بۆ بینینی پێوەری ڕاستی توێژینەوەکە بڕوانە، پاشکۆی ژمارە (3).

بە بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵەکانی حکومەت دەدات و یەک ئاراستەی لایەندارانەی بۆ سیاسەتی حکومەت هەیە، (رەحمان، 2022، ل7).

بینەرانی کوردستان24 بریتین لە هاووڵاتیانی (عێراق، تورکیا، ئێران و سوریا)، هەروەها کوردانی نیشتەجێی وڵاتانی ئەوروپا و باکووری ئەمریکا و ئوسترالیا (کورستان24 2015).

کەناڵی (NRT) کەناڵێکی هەواڵیی سیاسییە و، لە ساڵی ٢٠١٠ پەخشی خۆی لە شاری سلێمانی دەستپێکرد، سەر بە دامەزراوەی میدیایی نالیایە، وەک لەسایتی NRT باسکراوە سەرچاوەی دارایی ئەم دامەزراوەیە لەلایەن کۆمپانیای وەبەرهێنانی نالیاوە دابیندەکرێت بەمەبەستی گواستنەوەی زانیاریی و هەواڵ و ڕوومالکردنی ڕووداوە جۆربەجۆرەکان بەشێوەیەکی پیشەیی ستاندارد. (nrt، 2010،) بەڵام لە وێبسایتەکەدا بەمجۆرە پێناسەی دامەزراوەکە کراوە، "تۆڕێکی ڕاگەیاندنی پیشەیی بەرپرسیارە، لە ساڵی 2010دا دەستەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی ناحیزبیی سەربەخۆ لە کارنامە و ئایدۆلۆژیایەکی دیارییکراو؛ بەئامانجی پڕکردنەوەی بۆشایی میدیاییدا دەرکەوتن و کەوتنە کارکردن، (رەحمان، 2022، ل8).

## 4- ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان:

بەمەبەستی شیکردنەوەی داتاکان، توێژەر بەشێک لە کەرستە ئامارییەکانی بەکارهێناوە، لە گرنگترینیان ئەم یاسایەک بەکارهاتووە.

1. ڕێژەی سەدی $= \dfrac{\text{بەش} \times 100}{\text{کۆی گشتی}}$

## دووەم:لایەنی شیکاری و مەیدانی

**یەکەم: شیکردنەوەی ناوەڕۆک و خستنەڕووی زانیارییەکانی ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی  هەردوو کەناڵی ئاسمانی (NRT) و (K24)**

**خشتەی1 جۆری ڕاپۆرت لە ڕووی بابەتییەوە،لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی کەناڵی ئاسمانیNRT و K24**

| بابەتی ڕاپۆرتەکان | NRT دووبارەی بوونەوەی | NRT %100 | NRT پلەبەندی | K24 دووبارە بوونەوە | K24 %100 | K24 پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕامیاری | 16 | %16 | سێیەم | 33 | %39.75 | یەکەم |
| ئابووری | 29 | %29 | یەکەم | 8 | %9.63 | سێیەم |
| کۆمەڵایەتی | 8 | %8 | پێنجەم | 5 | %6.2 | شەشەم |
| هونەری | 1 | %1 | هەشتەم | 3 | %3.61 | حەوتەم |
| تەندروستی | 4 | %4 | حەوتەم | 3 | %3.61 | حەوتەم |
| ژینگەیی | 7 | %7 | شەشەم | 3 | %3.61 | حەوتەم |
| خزمەتگوزاری | 17 | %17 | دووەم | 7 | %8.43 | چوارەم |
| وەرزشی | 1 | %1 | هەشتەم | 0 | %0 | هەشتەم |
| ڕۆشنبیری و کەلتوری | 4 | %4 | حەوتەم | 12 | %14.45 | دووەم |
| یاسایی | 1 | %1 | هەشتەم | 3 | %3.61 | حەوتەم |
| پیشەسازی | 1 | %1 | هەشتەم | 0 | %0 | هەشتەم |
| کشتوکاڵی | 1 | %1 | هەشتەم | 0 | %0 | هەشتەم |
| ئایینی | 1 | %1 | هەشتەم | 0 | %0 | |
| کێشە و ململانێ | 9 | %9 | چوارەم | 6 | %7.1 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | 100 | %100 | | 83 | %100 | |

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە شیکردنەوەی ناوەرۆک بۆ جۆری ڕاپۆرت لە ڕووی بابەتییەوە، لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی لە هەردوو کەناڵی (NRT) و (K24)، دەرکەوتووە بابەتی ڕاپۆرتەکان (ئابووری) لە کەناڵی (NRT) بە ڕێژەی (%29) پلەی یەکەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەک نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، بابەتی ڕاپۆرتەکان (ڕامیاری) لە کەناڵی (K24) بە ڕێژەی (%39.75) پلەی یەکەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەک نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

بابەتی ڕاپۆرتەکان (خزمەتگوزاری) لە کەناڵی (NRT) بە ڕێژەی (17%) و بە پلەی دووەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەک نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، بابەتی ڕاپۆرتەکان (ڕۆشنبیری و کەلتوری) لە کەناڵی (K24) بە ڕێژەی (14.45%) و بە پلەی دووەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەک نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

بابەتی ڕاپۆرتەکان (ڕامیاری) لە کەناڵی (NRT) بە ڕێژەی (16%) پلەی سێیەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەک نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، بابەتی ڕاپۆرتەکان (ئابووری) لە کەناڵی (K24) بە ڕێژەی (9.63%) پلەی سێیەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەک نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

بۆ بە ئاگابوون لە ڕاددەی جیاوازی لە (بابەتی ڕاپۆرتەکان) لە نێوان هەردوو کەناڵ، دوای دەرهێنانی ڕێژەی % دەرکەوتووە کە (جیاوازی هەیە) بەوپێیەی بەهای دەستکەوتوو لە ڕووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێزە.

بەو پێیەی کەناڵی (NRT) کەناڵێکی حزبێکی ئۆپۆزسیۆنە، بۆیە لەم خشتەی سەرەوە دەرکەتووە، لە بابەتی ڕاپۆرتەکانی زیاتر گرنگی بە بابەتی ئابووری داوە، زیاتر لە ڕاپۆرتەکان باسی قەیرانی دارایی و کێشەی مووچەی فەرمانبەران و باسی کێشەی نێوان هەرێم و بەغدای کردووە لەسەر بودجە، بۆیە لە کۆی (100) ڕاپۆرتی نموونەی شیکردنەوەکە بابەتی ئابووری بە ڕێژەی (29%) پلەی یەکەم دێت لەم کەناڵە.

بەڵام لە کەناڵی (K24) پێچەوانەیە، چونکە ئەم کەناڵە وەک کەناڵێکی نیمچە حکومی کاردەکات پابەندە بە سیاسەتی حکومەت، زیاتر گرنگی بە بابەتی ڕاپۆرتی (ڕامیاری) داوە، لە کۆی (83) ڕاپۆرت، بابەتی ڕامیاری بە ڕێژەی (39.75%) پلەی یەکەم دێت، زیاتر لە ڕاپۆرتەکان باسی کێشەی سیاسی حزبەکانی هەرێمی کوردستان و کێشەی سیاسیی نێوان هەرێم و بەغدا و کێشەی سیاسی هەرێمایەتی کردووە.

بۆیە لە بەکارهێنانی بابەتی (ئابووری) جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی کەناڵی (NRT)دایە، بەڵام لە بابەتی (رامیاری) جیاوازییەکە لەبەرژەوەندی کەناڵی (K24)دایە. جیاوازی لە سیاسەتی کارکردنی ئەم دوو کەناڵە بە ڕوونی دەردەکەوێت لە ڕووی بابەتی ڕاپۆرتەکانیان. بڕوانە خشتەی(1).

**خشتەی 2 جۆرەکانی ڕاپۆرت لە ڕاپۆرتە هەواڵەکانی (NRT) و (K24)**

| جۆرەکانی ڕاپۆرت | NRT | | | K24 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | **دووبارەی بوونەوەی** | %100 | **پلەبەندی** | **دووبارە بوونەوە** | %100 | **پلەبەندی** |
| کەسایەتی | 9 | %9 | پێنجەم | 6 | %7.22 | پێنجەم |
| ڕا و سەرنج | 10 | %10 | چوارەم | 17 | %20.48 | دووەم |
| گەشت وگوزار | 11 | %11 | سێیەم | 14 | %16.86 | سێیەم |
| بەدواداچوون | 47 | %47 | یەکەم | 34 | %40.96 | یەکەم |
| لێکۆڵینەوە | 16 | %16 | دووەم | 7 | %8.43 | چوارەم |
| بنکۆڵکاری | 3 | %3 | حەوتەم | 0 | %0 | حەوتەم |
| وەسفکاری | 4 | %4 | شەشەم | 5 | %6.02 | شەشەم |
| **کۆی گشتی** | 100 | %100 | | 83 | %100 | |

بەپێ ی خشتەی (2) دەرکەوتووە ڕاپۆرتی بەدواداچوون لە کەناڵی (NRT) بە ڕێژەی (%47) و بە پلەی یەکەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەک نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، هەروەها ڕاپۆرتی (بەدواداچوون) لە کەناڵی (K24) بە ڕێژەی (%39.75) بە پلەی یەکەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەک نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

جۆری ڕاپۆرتی (لێکۆڵینەوە) لە کەناڵی (NRT) بە ڕێژەی (%16) و بە پلەی دووەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەک نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، جۆری ڕاپۆرتی (ڕاو سەرنج) لە کەناڵی (K24) بە ڕێژەی (%20.48) و بە پلەی دووەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەک نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

جۆری ڕاپۆرتەکان (گەشت وگوزار) لە کەناڵی (NRT) بە ڕێژەی (11%) پلەی سێیەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەک نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، جۆری ڕاپۆرتەکان (گەشت وگوزار) لە کەناڵی (K24) بە ڕێژەی (16.86%) پلەی سێیەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەک نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

بۆ بە ئاگابوون لە ڕادەی جیاوازی لە (بابەتی ڕاپۆرتەکان) لە نێوان هەردوو کەناڵ دوای دەرهێنانی ڕێژەی % دەرکەوتووە کە (جیاوازی هەیە) بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لە ڕووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێزە.

بەو پێیەی کەناڵی (NRT) کەناڵێکی حزبێکی ئۆپۆزسیۆنە، بۆیە لەم خشتەی سەرەوە بۆمان دەرکەتووە، لە بابەتی ڕاپۆرتەکانی زیاتر گرنگی بە بابەتی ئابووری داوە، زیاتر لە ڕاپۆرتەکان باسی قەیرانی دارایی کێشەی مووچە فەرمانبەران و باسی کێشەی نێوان هەرێم و بەغدای کردووە لەسەر بودجە، هەروەها کێشەی بەنزین کە لەم کاتەدا ڕووی لەهەرێم کردووە بۆیە لە کۆی (100) ڕاپۆرتی نموونەی شیکردنەوەکە بابەتی ئابووری لەم کەناڵەدا بە ڕێژەی (29٪) و بە پلەی یەکەم دێت، بەڵام لە کەناڵی (K24) پێچەوانەیە، چونکە ئەم کەناڵە نزیکە لە سەرۆکی حکومەت و حزبی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان زیاتر گرنگی بە بابەتی ڕاپۆرتەکان (ڕامیاری) داوە، لە کۆی (83) ڕاپۆرت، بابەتی ڕامیاری بە ڕێژەی (39.75٪) بە پلەی یەکەم دێت، زیاتر لە ڕاپۆرتەکان باسی کێشەی سیاسی حزبەکانی هەرێمی کوردستان و کێشەی سیاسیی نێوان هەرێم و بەغدا و کێشەی سیاسی هەرێمایەتی کردووە.

بۆیە لەبەکارهێنانی بابەتی (ئابووری) جیاوازییەکە لەبەرژەوەندی کەناڵی (NRT) دایە، بەڵام لە بابەتی (ڕامیاری) جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی کەناڵی (K24) دایە.

خشتەی3ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵی (NRT) و (K24)

| ماوەی ڕاپۆرت | NRT | | | K24 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | %100 | پلەبەندی | دووبارەبوونەوە | %100 | پلەبەندی |
| کەمتر لە 2:30خولەک | 47 | %47 | دووەم | 28 | %33.73 | دووەم |
| زیاتر لە 2:30 | 53 | %53 | یەکەم | 55 | %66.27 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 100 | %100 | | 83 | %100 | |

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتاو و زانیارییەکانی پەیوەست بە ماوەی ڕاپۆرتە ڕاپۆرتە هەواڵییەکان لە هەردوو کەناڵی (NRT) و (K24) دەرکەوتووە ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵییەکان (زیاتر لە 2:30) هەردوو کەناڵە بە پلەی یەکەم دێت، واتە کەمترین ڕەچاوکردنی کاتی گونجاو کراوە لەکاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵی ئەم دوو کەناڵە.

ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵ زیاتر لە 2:30 لە کەناڵی (K24) بە پلەی یەکەم دێت، بە ڕێژەی %66.27 لە کاتی شیکردنەوەی ئەم داتا و زانیارییانە بۆمان دەرکەتووە تەنها لە %33.73 پابەند بوون بەکاتی گونجاو (کەمتر لە 2:30 خولەک)، ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بە بەراود بەستاندارده جیهانییەکانی ماوەی گونجاوەی ڕاپۆرتە هەواڵ.

ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵ زیاتر لە 2:30 لە کەناڵی (NRT)، بە پلەی یەکەم دێت، بە ڕێژەی %53 لە کاتی شیکردنەوەی ئەم داتا و زانیاریە بۆمان دەرکەتووە کە تەنها لە %47 پابەند بوون بەکاتی گونجاوە (کەمتر لە 2:30 خولەک)، ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بەراود بەستاندارده جیهانییەکانی ماوەی گونجاوەی ڕاپۆرتە هەواڵ.

دوای بەکارهێنانی شیکردنەوەی داتاکان دەرکەوتووە کە (جیاوازی ئاماری هەیە) لە ڕووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێزە، جیاوازیەکەش لەبەرژەوەندی کەناڵی (NRT) دایە لە زیاتر پابەندبوون بەماوەی دیاریکراوی گونجاو لەڕاپۆرتە هەواڵدا. ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە گەشتی هەواڵەکانی ئەم کەناڵە بەهۆی زۆری ڕاپۆرت و بابەتی جیاواز دەیانەوێت بە کەمترێن کات زۆرترین ڕاپۆرتە هەواڵ پیشکەشی بینەرەکانیان بکەن.

هەروەها سەبارەت بە کەناڵی (K24) کە ڕێژەی پابەندنەبوونی زیاترە، ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵ بەهۆی ئەوەی کەناڵێکی نیمچە حکومیە و بەپێی ئەوەی ڕاپۆرتە هەواڵییەکانیان بەشی زۆری ڕامیاری و ڕاو سەرنجە، بۆیە زۆرترین لێدوان بەرپرسانی حکومەت قسە دەکەن، بەمەش لێدوانیان زۆر دادەنرێت، واتا: لە ڕاپۆرتەکانیاندا قسەکانیان زۆر دادەنێن لەبەر ئەوەشە کە پێویستیان بە ماوەی زیاترە.

پسپۆرانی ئێستای بواری میدیا هاوڕان لەسەر دیاریکردنی ماوەی ڕاپۆرتی هەواڵیی بۆ ئەوەی بە کەمترین کات زانیاری ڕاپۆرتە هەواڵییەکان بە بینەر بگات، بەبێ ئەوەی بینەر تووشی بێزاری ببێت، بۆیە زۆربەی کەناڵە جیهانییەکانی ئێستا ڕاپۆرتە هەواڵییەکانیان کەمترە لە (2:30) خولەک، لەوەش درێژتر بە ڕاپۆرتێکی گونجاوی نازانن و بینەر سەیری هەمووی ناکات تەنها لە حاڵەتی پێویست ئەوە لەم کاتە تێدەپەڕێت، بڕوانە خشتەی (3).

**خشتەی 4 دابەشبوونی ڕاپۆرتە هەواڵییەکان بەپێی شوێنی جوگرافییەوە**

| ڕاپۆرت / دابەشبوونی | NRT | | | K24 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەی بوونەوەی | ڕێژەی % | پلەبەندی | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی % | پلەبەندی |
| کوردستانی | 80 | 80% | یەکەم | 40 | 48.19% | یەکەم |
| عێراقی | 17 | 17% | دووەم | 23 | 27.71% | دووەم |
| هەرێمایەتی | 2 | 2% | سێیەم | 14 | 16.87% | سێیەم |
| نێودەوڵەتی | 1 | 1% | چوارەم | 6 | 7.23% | چوارەم |
| کۆی گشتی | 100 | 100% | | 83 | 100% | |

لە دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییەکانی کەناڵی (NRT و K24) پەیوەست بە دابەشبوونی ڕاپۆرتە هەواڵییەکان بەپێ ی شوێنی جوگرافییەوە لە هەردوو کەناڵدا دەرکەوتووە هەواڵی کوردستانیی لە هەردوو کەناڵەکە بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها هەواڵی عێراقی لە هەردوو کەناڵ لە پلەی دووەم دایە، هەواڵی هەرێمایەتی لە هەردوو کەناڵ لە ڕیزبەندی سێیەمە، هەواڵی نێودەوڵەتی لە هەردوو کەناڵ کەوتوونەتە پلەی چوارەم، بۆ بەئاگابوون لە ڕاددەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (گۆشەکانی کامێرا) لە نێوان هەردوو کەناڵ.

دوای بەکارهێنانی شیکردنەوەی داتاکان دەرکەوتووە کە (جیاوازی ئاماری هەیە) لە ڕووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێزە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی کەناڵی (NRT)دایە لەهەواڵی کوردستانی بەڕێژەی 80%. لێرەوە دەردەکەوێت بەهۆی ئەوەی کەناڵی (NRT) پەیامی پرۆگرامەکانی ئاراستەی وەرگرەکانی لە شارەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەکا، زۆرترین ڕاپۆرتەکانی لە ناوخۆی کوردستان بووە. ئەگەرچی نووسینگەی لە ئەورووپا و هەندێک وڵاتانی ئاسیاشدا هەیە، بۆیە پێشبینی دەکرا ڕێژەی ڕاپۆرتە هەرێمایەتی و نیودەوڵەتییەکانی زۆر زیاتر بوایە لەوەی ئێستا هەیە. هۆکاری ئەو بایەخدانەی (NRT) دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدانی زۆر بە ڕووماڵی چالاکی و وەرگرتنی لێدوان لە خۆپیشاندان و ئەو گردبوونەوە نارەزاییانەی کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ئەنجامدەدرێن، هەروەها زۆرجار کەناڵەکە بانگەشەی ئەوە دەکات دەنگی ئۆپۆزسیۆنە، واتە کارکردن لەسەر هەواڵی ناوخۆیی ئامانجی سەرەکی ئەم کەناڵەیە. بەڵام لەهەواڵی عێراقی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لەبەرژەوەندی کەناڵی (K24)دایە بەڕێژەی 48.19% بەوپێیەی ئەم کەناڵە پێیوایە زیاتر گرنگی بە دۆزی کورد بەگشتی دەدات هەواڵ و چالاکی هەر چوار پارچەی کوردستان دەگوازێتەوە، هەروەها بەوپێیەی نزیکە لە دەسەڵات، زیاتر لە کەناڵی (NRT) گرنگیداوە بە هەواڵ و پەیوەندی و کێشە و گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ، بڕوانە خشتەی (4).

**خشتەی5 شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی کەناڵی (NRT) و (K24)**

| شێوازی ڕاپۆرت | NRT | | | K24 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | **دووبارەبوونەوە** | **ڕێژەی %** | **پلەبەندی** | **دووبارەبوونەوە** | **ڕێژەی %** | **پلەبەندی** |
| **مەیدانی** | 90 | 90% | **یەکەم** | 82 | % 98.80 | **یەکەم** |
| In house | 10 | 10% | **دووەم** | 1 | 1.20% | **دووەم** |
| **کۆی گشتی** | 100 | 100% | | 83 | 100% | |

له زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (5) پەیوەست بە شێوازی ئەنجامدانی راپۆرتە هەواڵییەکانی کەناڵی (NRT) و (K24) دەرکەوتووە راپۆرتی مەیدانی بە پلەی یەکەم دێت لە هەردوو کەناڵەکە.

شێوازی راپۆرتی مەیدانی ڕیزبەندی لۆژیکی لە کەناڵی (K24) بە پلەی یەکەم دێت، بە ڕێژەی 98.80% لە کاتی شیکردنەوەی ئەم داتا و زانیاریانە بۆمان دەرکەتووە کە تەنها لە1.20% شێوازی ئەنجامدانی راپۆرتی (In House) بووە.

شێوازی راپۆرتی مەیدانی ڕیزبەندی لۆژیکی لە کەناڵی (NRT) بە پلەی یەکەم دێت، بە ڕێژەی 90% لەکاتی شیکردنەوەی ئەم داتا و زانیارییە بۆمان دەرکەتووە کە تەنها لە10% شێوازی ئەنجامدانی راپۆرتی (In House) بووە.

دوای بەکارهێنانی شیکردنەوەی داتاکان؛ دەرکەوتووە کە (جیاوازی ئاماری هەیە) لە ڕووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێزە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی کەناڵی (K24)دایە لەبەکارهێنانی شێوازی راپۆرتی مەیدانی.

**خشتەی6 ڕیزبەندی لۆژیکی بۆ وێنەی ڤیدیۆیی راپۆرتی هەواڵییەکان**

| ڕیزبەندی لۆژیکی | NRT | | | K24 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەی بوونەوەی | %100 | پلەبەندی | دووبارە بوونەوە | %100 | پلەبەندی |
| ڕەچاو نەکراوە | 64 | 64% | یەکەم | 49 | %59.4 | یەکەم |
| ڕەچاو کراوە | 36 | 36% | دووەم | 34 | 40.96 % | دووەم |
| کۆی گشتی | 100 | %100 | | 83 | %100 | |

له زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (6) پەیوەست بە ڕیزبەندی لۆژیکی لە هەردوو کەناڵی (NRT و K24) دەرکەوتووە ڕێژەی پابەندبوون بە ڕیزبەندی لۆژیکی لە هەردوو کەناڵە و لەبارەی راپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵەکە ڕەچاوی کەمترین ڕیزبەندی لۆژیکیان کردووە، ڕێزبەندی لۆژیکی زیاتر یارمەتی بینەر دەدات بەو ئاراستەی راپۆرتە هەواڵەکە بەرەو کوێ دەچێت و تێگەیشتنیان لەبابەتەکە زیاتر دەبێت. ڕەچاونەکردنی ڕێزبەندی

لـۆژیکی ڕێژەیـەکی زۆر زۆرە و ناکرێـت دوو کەنـاڵی وا گەورە و کـاریگەر گرنگـی بـەم ڕیزبەندییە نەدەن، چونکە ئەگەر ئەم ڕیزبەندییە نەبێت وێنەکان ناتوانن کاریگەری ئەوتۆ لەسەر بینەر دروست بکەن و تۆزیک لە پەرش و بڵاوی پێیەوە دیار دەبێت.

ڕەچاونـەکردنی ڕیزبەنـدی لـۆژیکی لـە کـەناڵی (NRT) بە پلـەی یەکەم دێت، بـە ڕێـژەی 64% لە کاتی شیکردنەوەی ئەم داتا و زانیارییانە بۆمان دەرکەتووە کە تەنها لە 36% ڕیزبەنـدی لـۆژیکی لـە ڤیـدیۆ ڕاپۆرتـە هەواڵییـەکانی کـەناڵی (NRT) ڕەچـاوکراوە، ئەمـەش ڕێژەیەکی کەمە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ستاندارد لە ڕووی ڕێزبەندی لۆژیکییەوە ڕەچاوی ڤیدیۆکانی ڕاپۆرتە هەواڵ بکا.

ڕەچاونـەکردنی ڕیزبەنـدی لـۆژیکی لـە کـەناڵی (K24) بە پلـەی یەکەم دێت، بـە ڕێـژەی %59.4 لـە کـاتی شـیکردنەوەی ئـەم داتـا و زانیارییانـە بۆمـان دەرکـەتووە کـە تـەنها لـە %40.96 ڕیزبەنـدی لـۆژیکی لـە ڤیـدیۆ ڕاپۆرتـە هەواڵییـەکانی کـەناڵی (K24) ڕەچـاوکراوە، ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بۆ ئـەوەی لە ڕووی ڕێزبەنـدی لۆژیکییـەوە بەشـێوەیەکی سـتاندارد ڕەچاوی ڤیدیۆکانی ڕاپۆرتە هەواڵ بکا.

**خشتەی 7**

**بەکارهێنانی جۆری گرتەی وێنەی ڤیدیۆیی لە دەستپێکی ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی کەناڵی ئاسمانی NRT و K24**

| گرتەی دەستپێک | NRT | | | K24 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | **دووبارەبونەوە** | %100 | **پلەبەندی** | **دووبارەبونەوە** | %100 | **دووبارەبونەوە** |
| LONG SHOTS | 40 | %40 | **دووەم** | 29 | %34.94 | **دووەم** |
| MEDIUM SHOTS | 54 | %54 | **یەکەم** | 46 | %55.42 | **یەکەم** |
| CLOSE-UP SHOTS | 6 | %6 | **سێیەم** | 8 | %9.64 | **سێیەم** |
| **کۆی گشتی** | 100 | %100 | | 83 | %100 | |

لە دوای شیکردنەوە داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی جۆری گرتەی وێنەی ڤیدیۆیی لە دەستپێکی ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵی (NRT)و (K24) دەرکەوتووە بەکارهێنانی گرتەی (MEDIUM SHOTS) بە پلەی یەکەم دێت لە هەردوو کەناڵەکە هەروەها بەکارهێنانی گرتەی (LONG SHOTS)، لە هەردوو کەناڵ لەپلەی دووەمدایە، گرتەی (CLOSE-UP SHOTS) پلەی سێیەمی گرتووە. ئەمە ئەوە دەردەخات کەوا لەم بڕگەیە شێوازی دەستپێکی بەکارهێنانی گرتەی (MEDIUM SHOTS) لەڕاپۆرتە هەواڵییەکان هاوشێوەی یەکن. بەپێی سەرچاوە زانستییەکان و ستانداردە جیهانییەکان، پێویستە لە دەستپێکی ڕاپۆرتە هەواڵییەکان گرتەی (LONG SHOTS) هەبێت، یاخود پێی دەڵێن گرتەی کردنەوەی ڕاپۆرت، هەروەها بەگرتەی ناساندن ناسراوە، چونکە ئەو گرتەیە شوێن و زۆرجار کات و پەیوەندی بابەتەکانەوە بەیەکەوە دەردەخات و بە بینەرەکان دەناسێنت. تەنها لەحاڵەتی پێویستی و مەبەستدار هەردوو گرتەی (MEDIUM SHOTS-CLOSE-UP SHOTS) بەکار دیت. بە کارهێنانی گرتەی (MEDIUM SHOTS) لە دەستپێکی ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی کەناڵی ئاسمانی (K24) بە پلەی یەکەم دێت، بە ڕێژەی 55.42% لەبەرامبەردا کەناڵی کەناڵی (NRT) بەپلەی دووەم دێت بۆ بەکارهێنانی هەمان گرتەی دەستپێک بەڕێژەی 54%.

جۆری بە کارهێنانی گرتەی (LONG SHOTS) لە کەناڵی (NRT) بە ڕێژەی (40%) و بە پلەی دووەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەک نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە جۆری بە کارهێنانی گرتەی (LONG SHOTS) لە کەناڵی (K24) بە ڕێژەی (34.94%) و بە پلەی دووەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەک نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە1-8 چەند نمونەیکی گرتەی دەستپێک

دوای بەکارهێنانی شیکردنەوەی داتاکان دەرکەوتووە کە (جیاوازی ئاماری هەیە) لە ڕووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێزە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی کەناڵی (NRT)دایە لەبەکارهێنانی بە کارهێنانی گرتەی دەستپێک (LONG SHOTS). بڕوانە خشتەی (7).

**خشتەی 8 پەیوەندی نێوان تێکست و ێنە لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا هەردوو کەناڵی** (NRT) و (K24)

بەپێ داتاو و زانیارییەکانی پەیوەست بە پەیوەندی نێوان تێکست و وێنە، لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵی (NRT) و (K24)، دەرکەوتووە (وێنە بۆ تێکست) لە کەناڵی (K24) بە ڕێژەی (54.21%) پلەی یەکەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەک نموونە

| **پەیوەندی وێنە وتێکست** | NRT | | | K24 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | **دووبارەی بوونەوەی** | 100% | **پلەبەندی** | **دووبارە بوونەوە** | 100% | **پلەبەندی** |
| **وێنە بۆ تێکست** | 43 | 43% | **دووەم** | 45 | 54.21% | **یەکەم** |
| **تێکست بۆ وێنە** | 57 | 57% | **یەکەم** | 38 | 45.79% | **دووەم** |
| **کۆی گشتی** | 100 | 100% | | 83 | 100% | |

شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە لە کەناڵی (NRT) بە ڕێژەی (43%) پلەی دووەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەک نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

سەبارەت بە برگەی تێکست بۆ وێنە لە کەناڵی (NRT) بە ڕێژەی (57%) پلەی یەکەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتە هەواڵەکان وەک نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، کەناڵی (K24) بە ڕێژەی (45.79%) و بە پلەی دووەم دێت، بۆ بە ئاگابوون لە ڕادەی جیاوازی لە (بابەتی ڕاپۆرتەکان) لە نێوان هەردوو کەناڵ دوای دەرهێنانی ڕێژەی % دەرکەوتووە کە (جیاوازی هەیە)، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی کەناڵی (NRT) دایە، بەوپێیەی بەهای دەستکەوتوو لە ڕووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێزە.

لەم خشتەیە دەردەکەوێت کەناڵی (NRT) بەراورد بەکەناڵی (K24) ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی زیاتر تێکستەکانی بۆ وێنە ڤیدیۆیە بەردەستەکانە واتە زیاتر بەشێوەکی پرۆفیشناڵ کاری کردووە لەم برگەیە. بەڵام (K24) وەک لەخشتەی (1) ئاماژە پێکراوە بابەتەکانی زیاتر ڕامیارییە و پەیوەستە بەو بابەتانە، بۆیە وێنەکان دەگونجێنن لەگەڵ تێکستەکان، هەروەها بەهۆی ئەوەی ئەم کەناڵە نیمچە حکومییە پابەندی سیاسەتی حکومەتە، بایەخ بە بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵەکانی حکومەت دەدات و یەک ئاراستەی لایەندارانەی بۆ

سیاسەتی حکومەت هەیە؛ بۆیە زۆرجار ڕاپۆرت و وێنەکان ئامادە دەکەن بەپێی ئەو زانیاری و تێکستە کە بۆیان دیاری دەکرێت کە بگونجێت لەگەڵ سیاسەتی حکومەت.

بەشێوەیەکی گشتی هەردوو کەناڵ ڕێژەی نوسینی تێکست بۆ وێنەیان زۆر نییە، خۆی لە بنەڕەتدا فەلسەفەی تێکست بۆ وێنە ئەوەیە کە ئەو زانیاریانەی کە وێنەکان ناتوانن بیانگەیەنن؛ ئەوا تێکستەکان بۆ بینەر دەیخاتەڕوو، بۆیە ئەو گرتانەی زانیاری دەبەخشن پێویست ناکات لە تێکست ئاماژەی بۆ بکرێت، پەیامنێرەکان بەبڕوای خۆیان تێکست بۆ وێنە بنووسن، بەڵام تێکستەکان هەمان زانیاری بوو کە وێنەکان باسیان دەکرد، واتە: تێکستەکان ئەو زانیارییانەی نەدەبەخشی کە وێنەکان لەتوانایان نەبوو بینەر تێبگەیەنن، هەروەها دووبارەبوونەوە قسەی قسەکەرەکانیان کە لەناو ڕاپۆرتەکاندا هەن بەکاردەهێنەوە وەک خۆی، بکەن، خشتەی (8).

**خشتەی 9-1 جۆری گرتەکانی وێنەگرتن لەڕاپۆرتە هەواڵییەکان کەناڵی NRT**

| ڕێژەی % | نەگونجاو | ڕێژەی % | گونجاو | ڕێژەی % | بەکارهاتو | جۆری گرتەکانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| %6.77 | 8 | %25.71 | 90 | %20.85 | 98 | Long Shot |
| %5 | 6 | %25.43 | 89 | %20.21 | 95 | Medium Long shot |
| %12.50 | 15 | %5.71 | 20 | %7.45 | 35 | Extreme Long Shot |
| %25 | 30 | %17.14 | 60 | %19.15 | 90 | Medium Shot |
| %32.50 | 39 | %15.29 | 50 | %18.94 | 89 | Close |
| %8.33 | 10 | %8.57 | 30 | %8.51 | 40 | Close up shots |
| %10 | 12 | %3.14 | 11 | %4.89 | 23 | Extreme Close |
| %100 | 120 | %100 | 350 | %100 | 470 | **کۆی گشتی** |

لە دوای بەتاڵکردنی زانیارییەکانی پەیوەست بە جۆری گرتەکانی وێنەگرتن لەڕاپۆرتە هەواڵییەکان کەناڵی (NRT)، لە خشتەی ژمارە (9-1) حەوت جۆری گرتە وەک ستانداردی وێنەگرتن وەرگیراوە، ڕێژەی بەکارهاتوو گرتەکانیش لە ڕاپۆرتەکان دیاریکراوە، دواتر بەپێی ستانداردی زانستی ڕێژەی گونجاو و نەگونجاوی گرتەکان دیاریکراوە، لە هەردوو کەناڵەکە کە وەک نموونەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

لـەکۆی (100) ڕاپـۆرت لـە کـەناڵی (NRT)، وەک نموونــەی شـیکردنەوەی نــاوەرۆکی توێژینــەوە وەرگیـراوە. جـۆری گرتــەی (Long Shot) لـە کـەناڵی (NRT)، 98 جـار بەکارهاتووە بـە پلـەی یەکـەم دێت بـەرزترین ئاسـتی لـە ڕێژەی بـەکارهێنان لـە خشـتە تۆمـار کردووە، ئەم ڕێژەیەش دەگاتە 20.85% کۆی گشتی گرتـەکانی بـەکارهاتوو، لـەم ڕێژە تـەنها 90 گرتە بەڕێژەی25.71% بە گونجاوی بەکارهێناوە، 8 گرتەش بەڕێژەی 6.77% و لەکۆی هەر 7 جۆری گرتەکەدا بەشێوازی نەگونجاو بەکارهاتووە.

لە جۆری گرتەی (Close) لە کەناڵی (NRT)، 89 جار بـەکارهاتووە، ئـەم ڕێژەش دەگاتـە 18.94% کـۆی گشـتی گرتـەکانی بـەکارهاتوو، لـەم ڕێژەیە تـەنها 50 گرتـەی بـە گونجـاوی بـەکارهێناوە، 39 گرتـەش بەشـێوازی نـەگونجاو بـەکارهاتووە، کەوایـە 15.29% کـۆی گرتـە گونجاوەکـانی وەرگرتــووە، لــەکۆی هــەر 7 جــۆری گرتــە، لــە 32.50% پـلـەی نـەگونجاوی بەدەسـتهێنانەوە، بـەپێی ئـەم ئەنجامـە، بـەرزترین ئاسـتی نـەگونجاوی لە کـۆی هـەر 7 گرتـەی بەکارهاتوو گرتەی (Close)ە. بەڵام جۆری گرتـەی (Extreme Close) لـە کـەناڵی ئێن ئـار تی (23) جار بەکارهاتووە، ئەم ڕێژەش دەگاتـە 4.89% کۆی گشـتی گرتـەکانی بـەکارهاتوو، کەوایە کەمترین ڕێژەی گرتەی بـەکارهاتووە، لـە کـۆی هـەر 7 گرتـەی بـەکارهاتووە لـە 100 ڕاپـۆرتی NRT وەک نموونــەی شـیکردنەوەی نـاوەرۆک ، لــەم ڕێــژەیە تــەنیا 11 گرتــە بــە گونجاوی بەکارهێنراوە، 12 گرتەش بەشێوازی نەگونجاو بـەکارهاتووە، کەوایـە 3.14%کـۆی گرتە گونجاوەکانی وەرگرتووە، لـەکۆی هـەر 7 جـۆری گرتەکـە، گرتـەی (Extreme Close) لە 10%نەگونجاوی بەدەستهێنانەوە.

زانیارییەکـانی پەیوەسـت بە جـۆری گرتەکـانی وێنەگـرتن لەڕاپـۆرتە هەواڵییەکـانی کـەناڵی (NRT)، لـە خشـتەی (7) جـۆری گرتـە، وەک سـتانداردی وێنـەگرتن وەرگیـراوە، کـۆی گشـتی گرتەکانی بەکارهاتوو لە (100) ڕاپۆرتی نموونەی شیکردنەوەی ناوەرۆک (470) گرتە بووە، لەم ژمارەیە تەنیا (350) گرتە بە شێوەی گونجاو و ستاندارد ڕێژەی 74.47%بـەکارهاتووە، بەڵام (120) گرتە بە ڕێژەی24.53% بەشێوەی نەگونجاو بەکارهاتووە.

لەڕووی بەکارهێنانی گرتەکان گرتەی (Long Shot) زۆرترین جار بەکارهاتووە، پاشان گرتەی (Medium Long shot) ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر باشە بەپێی ستاندارد و پێوەرەکانی بەکار هاتووە، بەڵام باشتر دەبوو گرتەی (Close up shots) لەڕووی بەکارهێنانەوە هاوشانی هەردوو گرتە بوایە، چونکە لەم ڕووەوە، هەموو ڕاپۆرتە هەواڵیکی تەلەڤزیۆنی پێویستە ئەم سێ گرتەیەی وەک یەک تیدابێت؛ واتا زۆربەی گرتەکان بەمشێوەیە دەبێت (Long Shot پاشان Medium Long shot لەدوایی دا Close up shots) کەچی Medium Shot لە ڕیزبەندی سێیەمدا هاتووە،بروانە خشتەی(9-1).

**خشتەی 9-2جۆری گرتەکانی وێنەگرتن لەڕووی قەبارەوە لەڕاپۆرتە هەواڵییەکان کەناڵی (K24)**

| جۆری گرتەکان | بەکارهاتوو | ڕێژەی % | گونجاو | ڕێژەی % | نەگونجاو | ڕێژەی % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Long Shot | 83 | %20.1 | 75 | %23.89 | 8 | %8. 8 |
| Medium Long shot | 80 | %19.37 | 66 | %21.1 | 14 | %14.14 |
| Extreme Long Shot | 40 | %9.69 | 18 | %5.73 | 22 | %22.22 |
| Medium Shot | 79 | %19.13 | 70 | %22.29 | 9 | %9.9 |
| Close | 68 | %16.46 | 58 | %18.47 | 10 | %10.10 |
| Close up shots | 48 | %11.62 | 20 | %6.37 | 28 | %28.29 |
| Extreme Close up | 15 | %3.63 | 7 | %2.23 | 8 | %8. 8 |
| **کۆی گشتی** | 413 | %100 | 314 | %100 | 99 | %100 |

بەپێی داتاو و زانیارییەکانی پەیوەست بە جۆری گرتەکانی وێنەگرتن لەڕاپۆرتە هەواڵییەکان کەناڵی (K24)دا، لەم خشتەیە(9-2) جۆری گرتە وەک ستانداردی وێنەگرتن وەرگیراوە، ڕێژەی بەکارهاتووی گرتەکانیش لە ڕاپۆرتەکان دیاریکراوە، دواتر بەپێی ستانداردی زانستی ڕێژەی گونجاو و نەگونجاوی گرتەکان دیاریکراوە، لە هەردوو کەناڵەکە کە وەک نموونەی شیکردنەوی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە وەرگیراوە. لەکۆی (83) ڕاپۆرت لە کەناڵی (K24) وەک نموونەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوە وەرگیراوە.

لە کەناڵی (K24)، جۆری گرتەی (Long Shot)، 83جار بەکارهاتووە بە پلەی یەکەم دێت، بەرزترین ئاستی لە ڕێژەی بەکارهێنان لە خشتە تۆمارکردووە، ئەم ڕێژەش دەگاتە

20.1% کۆی گشتی گرتەکانی بەکارهاتوو، لەم ڕێژە تەنها 75 گرتەی بەڕێژەی 23.89% بە گونجاوی بەکارهێناوە، 8 گرتەش بەڕێژەی 8.8% بەشێوازی نەگونجاو بەکارهاتووە لەکۆی هەر 7 جۆری گرتەکە.

لە کەناڵی (K24) جۆری گرتەی (Extreme Long Shot) 40 جار بەکارهاتووە، ئەم ڕێژەیەش دەکاتە 9.69%کۆی گشتی گرتەکانی بەکارهاتوو، لەم ڕێژەیە تەنیا 18 گرتەی بە گونجاوی بەکارهێناوە، 22 گرتەش بەشێوازی نەگونجاو بەکارهاتووە، کەوایە 5.73% کۆی گرتە گونجاوەکانی وەرگرتووە، لەکۆی هەر 7 جۆری گرتە، لە 22.22% پلەی نەگونجاوی وەرگرتوە، گرتەی (Extreme Long Shot)، بەپێی ئەم ئەنجامە بەرزترین ئاستی نەگونجاوی لە کۆی هەر 7 جۆری گرتەی بەکارهاتوو، گرتەی(Extreme Long Shot)ە.

لە (K24) جۆری گرتەی (Extreme Close up) 15 جار بەکارهاتووە، ئەم ڕێژەش دەکاتە 3.63%کۆی گشتی گرتەکانی بەکارهاتوو، کەوایە کەمترین ڕێژەی گرتەی بەکارهاتووە، لە کۆی هەر 7 گرتە کە لە 100 ڕاپۆرتی (NRT) وەک نموونەی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکارهاتووە، لەم ڕێژەیە تەنیا 7 گرتەی بە گونجاوی بەکارهێناوە، 8 گرتەش بەشێوازی نەگونجاو بەکارهاتووە، کەوایە 2.23% کۆی گرتە گونجاوەکانی وەرگرتووە، لەکۆی هەر 7 جۆری گرتە، گرتەی(Extreme Close up )لە 8.8% پلەی نەگونجاوی وەرگرتوە.

ئاستی بەراوردکاری لە شێوازی بەکارهێنانی جۆری گرتەکانی وێنەگرتن لەڕووی قەبارەوە لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵی (NRT) و (K24) لە خشتەی(9-2)

لە کەناڵی (K24)، کۆی گشتی گرتەکانی بەکارهاتوو لە (83) ڕاپۆرتی نموونەی شیکردنەوەی ناوەڕۆک (413) گرتە بووە، لەم ژمارەیە تەنیا (314) گرتە بە شێوەی گونجاو و ستاندارد ڕێژەی 76.02%بەکارهاتووە، بەڵام (99) گرتە بە ڕێژەی23.98% بەشێوەی نەگونجاو بەکارهاتووە.

لەکەنـاڵی (NRT)، کـۆی گشـتی گرتـەکانی بـەکارهاتوو لـە (100) ڕاپـۆرتی نموونـەی شـیکردنەوەی نـاوەڕۆکی (470) گرتـە بـووە، لـەم ژمـارە تـەنها (350) بـە شـێوەی گونجـاو ستاندارد ڕێژەی 74.47%بـەکارهاتووە، بـەڵام (120) گرتـە بـە ڕێژەی24.53% بەشـێوەی نەگونجاو بەکارهاتووە.

لە ڕووی شێوازی گونجاوی بەکارهێنانی جۆری گرتەکانی وێنەگرتن لەڕووی قەبارەوە، جیـاوازی لە بەرژەوەنـدی کەنـاڵی (K24)، دایە، چونکـە گۆشـەکانی وێنەگرتنـی بـە شـێوەی گونجـاو سـتاندارد ڕێـژەی 76.02% بـەکارهاتووە، بـەڵام لـە کەنـاڵی (NRT)، بـە شـێوەی گونجاو ستاندارد ڕێژەی 74.47% بەکارهاتووە، کەوایە لـە کـەناڵی کوردستان 24 جۆری گرتەکـانی وێنەگـرتن لەڕووی قەبـارەوە زیـاتر بـە ئاسـتی سـتاندارد کـاری کـرووە. بـروانە خشتەی (2-9).

**خشتەی 10-1شێوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی** NRT

| ڕێژەی % | نەگونجاو | ڕێژەی % | گونجاو | ڕێژەی% | بەکارهاتو | جوڵەکانی کامێرا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| %8.51 | 12 | %3.87 | 7 | %5.90 | 19 | Zoom in |
| %5.67 | 8 | %2.21 | 4 | %3.73 | 12 | Zoom out |
| %7.80 | 11 | %2.76 | 5 | %4.97 | 16 | Tilt up |
| %4.26 | 6 | %2.21 | 4 | %3.11 | 10 | Tilt down |
| %28.37 | 40 | %13.26 | 24 | %19.88 | 64 | Pan left |
| %20.57 | 29 | %10.50 | 19 | %14.91 | 48 | Pan right |
| %2.13 | 3 | %2.76 | 5 | %2.48 | 8 | Focus in |
| %2.13 | 3 | %3.31 | 6 | %2.80 | 9 | Out Of Focus |
| %6.38 | 9 | %7.18 | 13 | %6.83 | 22 | Dolly in |
| %6.38 | 9 | %2.76 | 5 | %4.35 | 14 | Dolly out |
| %1.42 | 2 | %54.14 | 98 | %31 | 100 | جێگیر Cut |
| %100 | 141 | %100 | 181 | %100 | 322 | **کۆی گشتی** |

سەبارەت بە خشتەی ژمارە (1-10) شێوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا ڕوون دەکاتەوە، دەردەکـەوێ بە شـێوازی بەکارهێنـانی جوڵەکـانی کـامێرا لەڕاپـۆرتە هەواڵییەکـان کـەناڵی (NRT)، لـە خشـتەی ژمـارە (1-10)جـۆری گرتـە وەک سـتانداردی وێنـەگرتن وەرگیـراوە،

ڕێژەی بەکارهاتووی جوڵەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتەکان دیاریکراوە، دواتر بەپێ ی ستانداردی زانستی و هونەری ڕێژەی گونجاو و نەگونجاوی جوڵەکانی کامێرا دیاریکراوە، لە هەردوو کەناڵەکە کە وەک نموونەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

لەکۆی (100) ڕاپۆرت لە کەناڵی (NRT) وەک نموونەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوە وەرگیراوە. جوڵەی کامێرا (Cut جێگیر) لە کەناڵی (NRT) 100جار بەکارهاتووە بە پلەی یەکەم دێت، واتە لەهەموو ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی ئەم کەناڵە جوڵەی (Cut جێگیر) بەرزترین ئاستی لە ڕێژەی جۆری بەکارهێنانی لەم خشتەیەدا تۆمارکردووە، ئەم ڕێژەش دەگاتە 31% کۆی گشتی گرتەکانی بەکارهاتوو، لەم ڕێژەیە تەنیا 98 گرتەی بەڕێژەی54.14% بە گونجاوی بەکارهێناوە، نەگونجاوی جوڵەکان تەنها لە 2 ڕاپۆرتە هەواڵ و لەکۆی هەر 11 جۆری جوڵەوە؛ بەڕێژەی 1.42% بەشێوازی نەگونجاوی بەکارهاتووە.

لە جۆری جوڵەی (Pan left) لە کەناڵی (NRT)، 64 جار بەکارهاتووە لە 100 ڕاپۆرتە هەواڵدا، ئەم ڕێژەش دەگاتە 19.88% کۆی گشتی جوڵەی بەکارهاتوو، لەم ڕێژە تەنیا 24 جوڵە بە گونجاوی بەکارهێناوە، 40 جوڵە بەشێوازی نەگونجاو بەکارهاتووە، کەوایە 13.26% کۆی جوڵە گونجاوەکانی وەرگرتووە، لەکۆی هەر11 جۆری جوڵە، لە 28.37% پلەی نەگونجاوی وەرگرتوە، بەپێی ئەم ئەنجامە لە کۆی هەر 11 جوڵەی کامێرادا جوڵەی (Pan left) بەرزترین ئاستی نەگونجاوی هەیە.

بەڵام جۆری جوڵەی (Focus in) لە کەناڵی (NRT) 8 جار بەکارهاتووە، ئەم ڕێژەش دەگاتە 2.48% کۆی گشتی جوڵەی بەکارهاتوو، کەوایە کەمترین ڕێژەی جوڵە بەکارهاتووە، لە کۆی هەر 11 جوڵە کە لە 83 ڕاپۆرتی (NRT) وەک نموونەی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکارهاتووە.

زانیارییەکانی پەیوەست بە جۆری جوڵەی وێنەگرتن لەڕاپۆرتە هەواڵییەکانی کەناڵی (NRT)، لە خشتەی (21-1) جۆری جوڵەکان وەک ستاندارد وەرگیراوە، کۆی گشتی

جوڵەی بەکارهاتوو لە (100) ڕاپۆرتی نموونەی شیکردنەوەی ناوەرۆک (322) جوڵە بووە، لەم ژمارەیە تەنیا (181) جوڵە بە شێوەی گونجاو و ستاندارد ڕێژەی 56.21%بەکارهاتووە، بەڵام (141) جوڵە بە ڕێژەی43.78% بەشێوەی نەگونجاو بەکارهاتووە. بڕوانە خشتەی (10–1).

**خشتەی10-2 شێوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکان** (K24)

| جوڵەکانی کامێرا | بەکارهاتو | ڕێژەی % | گونجاو | ڕێژەی % | نەگونجاو | ڕێژەی % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Zoom In | 8 | %3.39 | 3 | %2.4 | 5 | %4.50 |
| Zoom Out | 6 | %2.54 | 2 | %1.6 | 4 | %3.60 |
| Tilt Up | 9 | %3.81 | 2 | %1.6 | 7 | %6.31 |
| Tilt Down | 12 | %5 | 4 | %3.2 | 8 | %7.21 |
| Pan Left | 27 | %11.44 | 8 | %6.4 | 19 | %17.12 |
| Pan Right | 31 | %13.14 | 11 | %8.8 | 20 | %18 |
| Focus In | 16 | %6.78 | 4 | %3.2 | 12 | %10.81 |
| Out Of Focus | 12 | %5 | 3 | %2.4 | 9 | %8.11 |
| Dolly In | 17 | %7.20 | 11 | %8.8 | 6 | %5.41 |
| Dolly Out | 15 | %6.36 | 8 | %8.8 | 7 | %6.31 |
| Cut | 83 | %35.17 | 69 | %55.2 | 14 | %12.61 |
| **کۆی گشتی** | 236 | %100 | 125 | %100 | 111 | %100 |

لەخشتەی ژمارە (10–2) زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لەڕاپۆرتە هەواڵییەکانی کەناڵی (K24)، جۆری گرتە وەک ستانداردی وێنەگرتن وەرگیراوە، ڕێژەی بەکارهاتووی جوڵەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتەکان دیاریکراوە، دواتر بەپێی ستانداردی زانستی وهونەری ڕێژەی گونجاو و نەگونجاوی جوڵەکانی کامێرا دیاریکراوە، لە هەردوو کەناڵەکە کە وەک نموونەی شیکردنەوی ناوەرۆکی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

لەکۆی (83) ڕاپۆرت لە کەناڵی (NRT) وەک نموونەی شیکردنەوەی ناوەرۆکی توێژینەوە وەرگیراوە. جوڵەی کامێرا (Cut جێگیر) لە کەناڵی(NRT) 83 جار بەکارهاتووە بە پلەی یەکەم دێت، واتە لەهەموو ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی ئەم کەناڵە جوڵەی (Cut) جێگیر،

بەرزترین ئاستی لە ڕێژەی جۆری بەکارهێنان لە لەخشتەی ژمارە (10-2) تۆمارکردووە، ئەم ڕێژەش دەگاتە 35.17% کۆی گشتی جوڵە بەکارهاتوو، لەم ڕێژە تەنها 69 گرتەی بەڕێژەی55.2% بە گونجاوی بەکارهێناوە، نەگونجاوەی جوڵەکان تەنها لە 14 ڕاپۆرتە هەواڵ بەڕێژەی 12.61% و لەکۆی هەر 11 جۆری جووڵە بەشێوازی نەگونجاو بەکارهاتووە.

لە جۆری جوڵەی (Pan Right) لە کەناڵی (K24) 31 جار بەکارهاتووە، بەپلەی دووەم دێت لە 83 ڕاپۆرتە هەواڵدا، ئەم ڕێژەیەش دەکاتە 13.14% کۆی گشتی جوڵەی بەکارهاتوو، لەم ڕێژەیە تەنیا11 جوڵە بە گونجاوی بەکارهێناوە، 20 جوڵە بەشێوازی نەگونجاو بەکارهاتووە، کەوایە 8.8% کۆی جوڵە گونجاوەکانی وەرگرتووە، لەکۆی هەر11 جۆری جوڵە، لە 8.8% پلەی نەگونجاوی وەرگرتوە، جوڵەی (Pan Right )، بەپێی ئەم ئەنجامە لە کۆی هەر 11 جوڵەی کامێرا بەرزترین ئاستی نەگونجاوی وەرگرتوە.

بەڵام جۆری جوڵەی (Zoom out) لە کەناڵی (K24)، 6 جار بەکارهاتووە، ئەم ڕێژەیەش لە کۆی گشتی جوڵە بەکارهاتووەکان، دەگاتە 2.54%، کەوایە لە کۆی هەر 11 جوڵەی کامێرا لە83ی (K24) کەمترین ڕێژەی جوڵە وەک نموونەی شیکردنەوەی ناوەرۆک بەکارهاتووە.

زانیارییەکانی پەیوەست بە جۆری جوڵەی وێنەگرتن لەڕاپۆرتە هەواڵییەکان کەناڵی (K24)، لە خشتەی (10-2)، جۆری جوڵەکان وەک ستاندارد وەرگیراوە، کۆی گشتی جوڵەی بەکارهاتوو لە (83) ڕاپۆرتی نموونەی شیکردنەوەی ناوەرۆک (236) جوڵە بووە، لەم ژمارەیە تەنیا (125) جوڵە بە شێوەی گونجاو و ستاندارد ڕێژەی 52.96% بەکارهاتووە، بەڵام (111) گرتە بە ڕێژەی47.03% بەشێوەی نەگونجاو بەکارهاتووە.

هۆکاری نەگونجانی وێنەگرتنی جوڵەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وێنەگرەکان بەشێوەکی هەڕەمەکی وێنە دەگرن، هەر جوڵەیەک لە کامێرا مانای تایبەتی خۆی دەبەخشێت بۆ نموونە جوڵەی Pan کە زۆرترین نەگونجاوی تێدایە پێویستە بەپێی هەموو ئەو ستانداردە جیهانی

و کەناڵە جیهانییەکان و هەر جارێک وێنەگر ئەم جوڵەیە وێنە بگرێت سێ هۆکاری سەرەکی تێدا بێت 1- لەڕێگەی ئەم جوڵەیەوە کار وکاردانەوەی ڕووداوەکە دەربخات. 2- هۆکار وئەنجام نیشان بدات. 3- پەیوەندی نێوان دوو بابەت بەیەکەوە دەربخات.

وێنەگرانی هەردوو ئەم کەناڵە ئەم سێ خاڵانەیان ڕچاوە نەکردووە.

ئاستی بەراوردکاری لە شێوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا (camera movement) لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵی (NRT) و (K24) خشتەی (10-2).

لەکەناڵی (NRT)، کۆی گشتی جوڵەی بەکارهاتوو لە (100) ڕاپۆرتی نموونەی شیکردنەوەی ناوەرۆک (322) جوڵە بووە، لەم ژمارەیە تەنیا (181) جوڵە بە شێوەی گونجاو ستاندارد ڕێژەی 56.21% بەکارهاتووە، بەڵام (141) جوڵە بە ڕێژەی43.78% بەشێوەی نەگونجاو بەکارهاتووە. لە کەناڵی (K24)، کۆی گشتی جوڵەی بەکارهاتوو لە (83) ڕاپۆرتی نموونەی شیکردنەوەی ناوەرۆکی (236) جوڵە بووە، لەم ژمارەیە تەنیا (125) جوڵە بە شێوەی گونجاو و ستاندارد ڕێژەی 52.96%بەکارهاتووە، بەڵام (111) جوڵە بە ڕێژەی47.03% لە (NRT) بەشێوەی نەگونجاو بەکارهاتووە.

بۆیە لە شێوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی وێنەگرتن (Camera Movement) جیاوازی لەبەرژەوەندی کەناڵی (NRT)دایە، چونکە گۆشەکانی وێنەگرتنی بە شێوەی گونجاو ستاندارد ڕێژەی 56.21% بەکارهاتووە، بەڵام لە (K24)، بە شێوەی گونجاو ستاندارد ڕێژەی 52.96% بەکارهاتووە، کەوایە لە کەناڵی (K24) و سەبارەت بە گۆشەکانی وێنەگرتن زیاتر بە ئاستی ستاندارد کاری کرووە، بڕوانە خشتەی (10-2).

خشتەی 1-11 شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی وێنەگرتن لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی NRT

| گۆشەکانی کامێرا | بەکارهاتو | ڕێژەی % | گونجاو | ڕێژەی % | نەگو | ڕێژەی % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Eye bird angle | 47 | %18.88 | 35 | %19.66 | 12 | %16.90 |
| high angle | 61 | %24.50 | 20 | %11.34 | 41 | %57.75 |
| eye level | 100 | %40.16 | 99 | %55.62 | 1 | %1.41 |
| low angle | 17 | %6.83 | 14 | %7.87 | 3 | %4.23 |
| frog eye angle | 24 | %9.64 | 10 | %5.62 | 14 | %19.72 |
| کۆی گشتی | 249 | %100 | 178 | %100 | 71 | %100 |

لە دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا (Camera Angle) لەڕاپۆرتە هەواڵییەکان کەناڵی (NRT)، لە خشتەیە (1-11) گۆشەکانی کامێرا (Camera Angle) ستانداردی وێنەگرتن وەرگیراوە، ڕێژەی بەکارهاتووی گۆشەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتەکان دیاریکراوە، دواتر بەپێی ستانداردی زانستی و هونەری ڕێژەی گونجاو و نەگونجاوی گۆشەکانی کامێرا دیاریکراوە، لە هەردوو کەناڵەکە، وەک نموونەی شیکردنەوی ناوەرۆکی توێژینەوەکە وەرگیراوە. لەکۆی (100) ڕاپۆرت لە کەناڵی (NRT) وەک نموونەی شیکردنەوەی ناوەرۆکی توێژینەوە وەرگیراوە. گۆشەی Eye Level لە کەناڵی (NRT) 100 جار بەکارهاتووە بە پلەی یەکەم دێت، واتە: لەهەموو ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی ئەم کەناڵە گۆشەی Eye Level بەرزترین ئاستی لە ڕێژەی جۆری بەکارهێنان لە خشتە تۆمارکردووە، ئەم ڕێژەیەش دەکاتە 40.16% کۆی گشتی گۆشە بەکارهاتووەکان، لەم ڕێژەیە تەنیا 99 گرتەیان بەڕێژەی55.62% بە گونجاوی بەکارهێناوە پلەی یەکەم، تەنیا لە 1 ڕاپۆرتە هەواڵ نە گونجاوی جوڵەکان بەڕێژەی 1.41% و لەکۆی هەر 5 جۆرە گۆشەوە بەشێوازی نەگونجاو بەکارهاتووە.

لە جۆری گۆشەی(High Angle) لەکەناڵی (NRT)، 61 جار بەکارهاتووە، بەپلەی دووەم دێت لە100 ڕاپۆرتە هەواڵدا، ئەم ڕێژەیەش دەکاتە 24.50% کۆی گشتی گۆشەی بەکارهاتوو، لەم ڕێژەیە تەنیا 20 گۆشە بە گونجاوی بەکارهاتوە، 41 گۆشەی بەشێوازی نەگونجاو بەکارهاتووە، کەوایە 11.34% کۆی گۆشەی گونجاوەکانی وەرگرتووە، لەکۆی

هـەر 5 جـۆری گۆشـەی، بـەپێی ئـەم ئەنجامـە بـەرزترین ئاسـتی نـەگونجاوی لە گۆشـەی (High Angle)ە. بە ڕێژەی ( 57.75%).

بـەڵام جـۆری گۆشـەی (Low Angle) لـە کـەناڵی (NRT)، 17 جـار بـەکارهاتووە، ئـەم ڕێژەش دەگاتە 6.83%کۆی گشتی گۆشـەی بەکارهاتوو، کەوایە کـەمترین ڕێژەی گۆشـەی بەکارهاتووە، لـە کۆی هـەر 5 گۆشـە کە لـە 100 راپۆرتی کەناڵی (NRT)، وەک نموونـەی شیکردنەوەی ناوەرۆک بەکارهاتووە.

زانیارییەکانی پەیوەست بە گۆشـەکانی وێنەگرتن لەڕاپۆرتە هەواڵییەکان کـەناڵی (NRT)، لە خشتەی (11-1)، جۆری گۆشەکانی وێنەگرتن بە شـێوەیەکی سـتاندارد وەرگیراوە، کۆی گشتی جوڵەی بەکارهاتوو لە (100) ڕاپۆرتی نموونەی شیکردنەوەی ناوەرۆک (249)، جوڵە بووە، لەم ژمارەیە تەنیا (178) جوڵە بـە شـێوەی گونجـاو و سـتاندارد بە ڕێژەی 71.48% بەکارهاتووە، بەڵام (71) گرتە بە ڕێژەی28.51% بەشێوەی نەگونجاو بەکارهاتووە.

ئاستی بەراوردکاری لە شێوازی بەکارهێنانی گۆشـەکانی وێنەگرتن (Camera Angle) لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵی (NRT) و (K24)، لە خشتەی (11-1)

کۆی گشـتی گۆشـەی بـەکارهاتوو لـە (100) ڕاپـۆرتی نموونـەی شـیکردنەوەی نـاوەرۆکی کەناڵی (NRT) (249) گۆشـە بـووە، لـەم ژمـارەیە تـەنیا (178) گـرتە بـە شـێوەی گونجـاو و سـتاندارد ڕێـژەی 71.48% بـەکارهاتووە، بـەڵام (71) گـرتـە بـە ڕێـژەی28.51% بەشـێوەی نەگونجاو بەکارهاتووە.

لــە کــەناڵی (K24) کــۆی گشــتی گۆشــەی بــەکارهاتوو، لــە (83) ڕاپــۆرتی نموونــەی شـیکردنەوەی نـاوەرۆک (209) جـوڵە بـووە، لـەم ژمـارەیە تـەنیا (177) گـرتە بـە شـێوەی گونجـاو سـتاندارد ڕێـژەی 84.68% بـەکارهاتووە، بـەڵام (32) گرتـە بـە ڕێـژەی15.31% بەشێوەی نەگونجاو بەکارهاتووە.

بۆیـە لـە شـێوازی بەکارهێنـانی گۆشـەکانی وێنەگرتن (Camera Angle) جیـاوازییەکە لەبەرژەوەنـدی کەنـاڵی (K24) دایە، چونکـە گۆشـەکانی وێنەگرتنـی بـە شـێوەی گونجـاو

ستاندارد ڕێژەی 84.68% بەکارهاتووە، بەڵام لە کەناڵی (NRT) بە شێوەی گونجاو و ستاندارد ڕێژەی 71.48% بەکارهاتووە، کەوایە لە کەناڵی (K24) گۆشەکانی وێنەگرتن زیاتر بە ئاستی ستاندارد کاری کرووە، بڕوانە خشتەی (11-1).

**خشتەی 11-2 شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی** NRT

| ڕێژەی % | نەگونجاو | ڕێژەی % | گونجاو | ڕێژەی % | بەکارهاتوو | گۆشەکانی کامێرا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| %18.75 | 6 | %16.38 | 29 | %16.75 | 35 | Eye bird angle |
| %28.12 | 9 | %10.73 | 19 | %7.66 | 28 | high angle |
| %15.63 | 5 | %44 | 78 | %39.71 | 83 | eye level |
| %28.12 | 9 | %19.21 | 34 | %20.57 | 43 | low angle |
| %9.38 | 3 | %9.60 | 17 | %9.57 | 20 | frog eye angle |
| %100 | 32 | %100 | 177 | %100 | 209 | **کۆی گشتی** |

بەپێی داتاو و زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا (Camera Angle) لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی (K24) لەخشتەی(11-2)، گۆشەکانی کامێرا (Camera Angle) ستانداردی وێنەگرتن وەرگیراوە، ڕێژەی بەکارهاتووی گۆشەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتەکان دیاریکراوە، دواتر بەپێی ستانداردی زانستی و هونەری لە هەردوو کەناڵەکە ڕێژەی گونجاو و نەگونجاوی گۆشەکانی کامێرا دیاریکراوە، کە وەک نموونەی شیکردنەوەی ناوەرۆکی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

لەکۆی (83) ڕاپۆرت لە کەناڵی (K24)، وەک نموونەی شیکردنەوەی ناوەرۆکی توێژینەوە وەرگیراوە. گۆشەی (Eye Level) لە کەناڵی (K24)، 83 جار بەکارهاتووە بە پلەی یەکەم دێت، واتە لەهەموو ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی ئەم کەناڵە گۆشەی (Eye Level) بەرزترین ئاستی لە ڕێژەی جۆری بەکارهێنان لە خشتەکە تۆمارکردووە، ئەم ڕێژیەش دەکاتە 39.7%کۆی گشتی گۆشە بەکارهاتووەکان، لەم ڕێژەیە تەنیا 76 گرتە بەڕێژەی44% بە گونجاوی بەکارهێناوە بە پلەی یەکەم، نەگونجاوەی جوڵەکان تەنیا لە 5 ڕاپۆرتە هەواڵ بەڕێژەی 15.6% و لەکۆی هەر 5 جۆرە گۆشەوە بەشێوازی نەگونجاو بەکارهاتووە.

له جۆری گۆشەی (Low Angle) لەکەناڵی (K24) 43 جار بەکارهاتووە لە83 ڕاپۆرتە هەواڵدا، بەپلەی دووەم دێت، ئەم ڕێژیەش دەکاتە 24.50% کۆی گشتی گۆشەی بەکارهاتوو، بەڵام گۆشەی (High Angle) تەنیا 9 گۆشە بەشێوازی نەگونجاو بەکارهاتووە، کەوایە 28.1% گۆشە گونجاوەکانی وەرگرتووە، لەکۆی هەر5 جۆری گۆشە، بەپێی ئەم ئەنجامە بەرزترین ئاستی نەگونجاوی لە کۆی هەر 5 گۆشەی کامێرای بەدەست هێناوە.

زانیارییەکانی پەیوەست بە گۆشەکانی وێنەگرتن لەڕاپۆرتە هەواڵییەکانی کەناڵی (K24)، لە خشتەی (11-2)، جۆری گۆشەکانی وێنەگرتن بە شێوەیەکی ستاندارد وەرگیراوە، کۆی گشتی گۆشەی بەکارهاتوو لە (83) ڕاپۆرتی نموونەی شیکردنەوەی ناوەرۆک (209)، جوڵە بووە، لەم ژمارەیە تەنیا (177) جوڵە بە شێوەی گونجاو و ستاندارد ڕێژەی 84.68%بەکارهاتووە، بەڵام (32) جوڵە بە ڕێژەی15.32% بەشێوەی نەگونجاو بەکارهاتووە.

ئاستی بەراوردکاری لە شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی وێنەگرتن (Camera Angle) لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵی (NRT) و (K24)، لە خشتەی(11-2)

کۆی گشتی جۆری جوڵەی بەکارهاتوو لە (100) ڕاپۆرتی نموونەی شیکردنەوەی ناوەرۆکی کەناڵی (NRT) (249)، جوڵە بووە، لەم ژمارەیە تەنیا (178) جوڵە بە شێوەی گونجاو و ستاندارد ڕێژەی 71.48% بەکارهاتووە، بەڵام (71) گرتە بە ڕێژەی 28.51% بەشێوەی نەگونجاو بەکارهاتووە.

لە کەناڵی (K24) کۆی گشتی جوڵەی بەکارهاتوو، لە (83) ڕاپۆرتی نموونەی شیکردنەوەی ناوەرۆک (209)، جوڵە بووە، لەم ژمارەیە تەنیا (177) جوڵە بە شێوەی گونجاو و ستاندارد بەڕێژەی 84.68% بەکارهاتووە، بەڵام (32) گرتە بە ڕێژەی 15.31% بەشێوەی نەگونجاو بەکارهاتووە. بۆیە لە شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی وێنەگرتن (Camera Angle)جیاوازییەکە لەبەرژەوەندی کەناڵی (K24)دایە، چونکە گۆشەکانی

وێنەگرتنی بە شێوەی گونجاو و ستاندارد بەڕێژەی 84.68% بەکارهێناوە، بەڵام لە (NRT) بە شێوەی گونجاو و ستاندارد ڕێژەی 71.48% بەکارهاتووە، کەوایە لە کەناڵی (K24) گۆشەکانی وێنەگرتن زیاتر بە ئاستی ستاندارد کاری کرووە. بڕوانە خشتەی (11-2)

**خشتەی 12 بەکارهێنانی گرتەی هێمایی لە وێنەی ڤیدیۆیی ڕاپۆرتە هەواڵیەکانی (NRT) و (K24)**

| گرتەی هێمایی | NRT | | | K24 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % | پلەبەندی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % | پلەبەندی |
| **ڕەچاو کراوە** | 38 | %38 | **دووەم** | 47 | %56.63 | **یەکەم** |
| **ڕەچاو نەکراوە** | 62 | %62 | **یەکەم** | 36 | %43.37 | **دووەم** |
| **کۆی گشتی** | 100 | %100 | | 83 | %100 | |

بەپێی داتاو و زانیارییەکانی پەیوەست بە ڕیزبەندی ڕادەی ڕەچاوکردنی بەکارهێنانی گرتەی هێمایی بۆڕاپۆرتە هەواڵەکانی (NRT و K24) دەرکەوتووە ڕێژەی ڕەچاوکردنی بەکارهێنانی گرتەی هێمایی لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی کەناڵی (K24) بە پلەی یەکەم بەڕێژەی 56.63% هەروەها لە کاتی شیکردنەوەی ئەم داتا و زانیاریانە بۆمان دەرکەوتووە کە تەنها لە 43.37% ڕەچاو نەکراوە.

ڕێژەی ڕەچاونەکردنی بەکارهێنانی گرتەی هێمایی لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی کەناڵی (NRT) بە پلەی یەکەم دیت بەڕێژەی 62% هەروەها لە کاتی شیکردنەوەی ئەم داتا و زانیارییانە بۆمان ڕوون بووەوە کە بەکارهێنانی گرتەی هێمایی بەڕێژەی 38% بووە.

بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1-11ب) (چەند نمونەی بەکارهاتوو هەردوو کەناڵ).

دوای بەکارهێنانی شیکردنەوەی داتاکان دەرکەوتووە کە (جیاوازی ئاماری هەیە) لە ڕووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێزە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی کەناڵی (K24) دایە، ئەوەش مانای ئەوە دەگەیێنێت بەشێوەیەکی شارەزایانە کار لەسەر ئەم گرتەیە دەکەن، گرتەی هێمایی گرنگە لەهەموو ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی تەلەفزیۆن هەبێت، بۆ ئەوەی بینەر لە ڕێگەی بینیی ئەو گرتەیەوە ئەگەر تەنانەت بەبێ تێکستیش بێت، بزانێت چ شوێنێکە، لە ڕێگەی ئەو هێما گرینگانەی کە ڕاپۆرتەکەی لەبارەوە کراوە، بۆ نموونە ئەگەر ڕاپۆرتەکە

لەبارەی شاری هەولێر بێت، گرتەیەکی قەڵای هەولێر دەربکەوێت، یان شاری سلێمانی گرتەیەکی بەردەرکی سەرا یان زاخۆ پردی دەلال دەربکەوێت، بڕوانە خشتەی (12)

**خشتەی** 13 **بەکارهێنانی گرتەکانی کار وکاردانەوە بۆ ڕاپۆرتە هەواڵەکانی** (NRT) و (K24)

| **گرتەی کار وکاردانەوە** | NRT | | | K24 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | **دووبارەبوونەوە** | %100 | **پلەبەندی** | **دووبارەبوونەوە** | %100 | **پلەبەندی** |
| **ڕەچاوکراوە** | 38 | %38 | **دووەم** | 35 | %42.17 | **دووەم** |
| **ڕەچاونەکراوە** | 62 | %62 | **یەکەم** | 48 | %57.83 | **یەکەم** |
| **کۆی گشتی** | 100 | %100 | | 83 | %100 | |

